هاوکاری

« التضامن »

ئەو ئاستی ئامادەیی‌یەی کە پێویستە ؛ دەبێ لە گـەڵ گەورەیی بەرپرسیاریەکان‌وگرانی مەیدانخوازیەکانـدا هاوشان بێت ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسـن البکر

دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی ـ شـەقامی « الجمهوریـه »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥ ـ ٥ خەت
« هاوکاری » رۆژنامەیەکی هەفتانەیە ساڵی ١٩٧٠
دامەزراوە

٨ لاپەرە ٢٥ فلسە

سەرنوسەر سـعاد ادیـب

● دووشەممە ٧ی ئایـــار ١٩٧٩ ژمارە ٤٧٣ ● ● الاثنین ٧ آیار ١٩٧٩ العدد ٤٧٣ ●

ئەونەتەوەیەی مێژویەکی پرشنگداری پڕلە پالەوانێتی نەبێ توانای رووبەڕووبوونی تەنگوچەڵەمەی نابێ

لە پێشوازی کردنی خێزانـی شەهیدەکانی شۆڕشی مایسدا

● بەڕێز صدام حسین : شۆڕشی تەمموز میرات گرێکی شەرعی‌ی قوربانی‌وپاڵەوانێتی‌و شەهید بوونی هەموو رۆڵە خێرخواکانی گەلە ٠

● شەهیدەکان هەر زیندوون ، تا وەکـو ئەگەر بە نەمریـی سپێردرابن ٠

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکـی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو نەتەوەیەی مێژوویەکـی پرشنگداری پڕ لەپاڵەوانێتی‌و شەهید بوونی نەبێت ناتوانێت ئەو دەرسە راستەقینانە وەربگرێت کە وای لێ بێت بتوانێت رووبەرووی تەنگو چەڵـەمـەراوەستێت‌و لە بەرگری کردن لە سەر حەق ئازایەتی بنوێنێ ٠

بەڕێز جێگر لەو پێشوازیەدا کە ئێوارەی رۆژی چوار شەممەی رابوردوو لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی لە خێزانەکانی شەهیدانی شۆڕشی مایسی (١٩٤١)ی کرد بوو وتی :شۆڕشی تەمموز میرات گرێکی شەرعی‌ی قوربانی‌و پاڵەوانێتی‌وشەهید بوونی خێر خوا بە شەرەفەکانی رۆڵەکانی ئەم گەلەیە چونکە توانی مانای ئەو بیرو باوەڕانە نیشاندا کە شەهیدەکان لە پێناویدا شەهید بوون ٠

بەڕێز صدام حسین هەروەها وتی : ئەو رژێمەی بەختیاری بۆ گەل وەدی دەهێنێت‌و بیرو باوەڕە نەتەوایەتیەکان لە سەر رێگای وەدی هێنان دادەنێت ئەو رژێمەیە کە پێی دەڵێین میرات گرێکی شەرعی کە لە پوری تێکۆشان‌و سەفەری نەمری شەهیدان‌و ئەو موجاهیدانەیە کە خۆیان کردۆتە قوربانی‌ی لە پێناوی بەرگریی شەرەفی نەتەوەو گەورەییدا ٠٠

ئەمەش تەواوی وتەکەی جێگری بەڕێزە ٠٠

ئالەم رۆژەدا سلاوی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو سلاوی سەرکردایەتینان پێ دەگەیەنم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوەدا بیرەوەری سەربڵندی شۆڕشی مایس بکەینەوە ٠٠

ئەو شۆڕشەی خواستی دڵی میللەتی دەردەبڕی دژی ئیستیعماری ئینگلیزی ٠ بە بێ گومان ئەگەر شەهیدەکان بژیانایەو بەختیان لە شەهید بوونە پاڵەوانیەدا نەبوایە ٠ لەوانەبوو کە بەشێکی زۆریان بە نەمری بسپێردرانایە بەڵام ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە کە وەك ئێستا بە شەهید ناو نەدەبران لە لایەن گەل‌و مێژووەوە ؛ ئەمەیە مانای زیندووو راستەقینەی مانای شەهید بوون لە بەر گری لە بیرو باوەڕو شەرفی بیرو باوەڕ بەرگریی کردن لە گەل‌و نمونە بەرزەکانی شەهیدەکان بە زیندوویی دەژین ئەگەر چی‌ی بە نەمریش سپێردرابن لە هەمان کاتدا مرۆڤ لە توانایدا نی‌یە کە بە خواستی خۆی شەهید

بکرێت تەنیا مەگەر ئەو مرۆڤەی کە ژیانی خۆش دەوێت بەڵام لە سەر شێوەی شەهیدان ٠ ٠ خۆشەویستی‌ی ژیان بە مانای تێگەیشتنی ٠ ٠ ئەو تێگەیشتنەی بڵند دەبێتەوە بۆ رادەیەك مرۆڤ دەبینێت کە وا ژیانی تایبەتی خۆی پێویستە لە پێناوی ژیانی گشتی‌یدا بدرێت ٠٠ ئا بەو جۆرە باوکان‌و گەورەی خێزانەکانتان لەو کەسانەی نامرن ئەوانەی خۆشەویستترین شتیایان کردە قوربانی کە ئەویش ژیانیانە ٠

ئێمە قەرزاری ئەو کارانەیانین چونکە ئەو نەتەوەیەی مێژوویەکی نەبێت کە ئیلهامی لێ وەرگرێت ومێژوویەکی پرشنگداری پڕ لە پاڵەوانێتی‌و شەهید بوونی نەبێت ناتوانێت ئەو دەرسە راستەقینانە وەرگرێت کە بتوانێ رو بەرووی تەنگوچەڵەمە راوەستێت ولە بەرگری کردن لە سەر حەق ئازایەتی بنوێنێت ٠

شۆڕشی تەمموز میرات گری شەرعی‌ی قوربانی‌و پاڵەوانی‌ی شەهید بوونی هەموو خێر خوابە شەرەفەکانی رۆڵەکانی ئەم گەلەیە چونکە توانی کە مانای ئەو بیرو باوەڕانە نیشاندات کە شەهیدان لە پێناویدا شەهید بوون ٠

شەهیدەکان لە شەهید بوونیاندا هەڵوێستێکی شەخسیان بەرامبەر ئەم یا ئەو حاکم نەبووە بەڵکو بەختیاریان بۆ گەل‌ویستووەو ویستویانە کە بیروباوەڕە نەتەوەیەکان وەدی بهێنرێت ٠

باوکان‌و گەورەی خێزانەکانتان لەگەڵ ئینگلیزدا جەنگان لەو کاتەدا وشەی دژوار بە چریە دژی ئینگلیز دەوترا ؛ جا دەتوانن مانای پاڵەوانێتیان‌و مانای ئێمان

بروانە ل : ٧

لە نامەیەکدا بۆ سەرۆك البکرو بەڕێز صدام حسین :

ڕێکخراوی ئیسلامی لە پاکستان ڕەفزی تەواوی خۆی بەرامبەر ڕێکەوتنەکە نیشان دەدات

ڕێکخراوی ئیسلامـی لە پاکستان نارەزایی‌و توڕەیی خۆی بەرامبەر ساداتی خایەن دەربڕیوە ، سەبارەت مۆرکردنی ڕێکەوتنی خۆبەدەستەوەدان‌و سەرشۆڕیی لەگەڵ دوژمندا٠

ڕێکخراوەکەلەو نامەیەدا کە بۆ بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ناردووە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە جەماوەری گەلی

پاکستان سەرجەمی نارەزایی‌و توڕەیی خۆی نیشان‌دەدات بەرامبەر ئەو ڕێکەوتنە پڕ لە سەر شۆڕی‌یەی کە ساداتی خایەن لەگەڵ زایۆنی دوژمندا سازی کرد

ڕێکخراوەکە ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە

پاکستانێکان لە پشتگیری برا عەرەبەکانیان دەست بەرنادەن بۆ وەدەست هێنانەوەی خاکی زەوت کراویان‌و قودسی پیرۆز سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەڕێز ریاض الحسین لە نامەکەیدا وتوویەتی : رۆژی مۆرکردنی رۆژێکی رەشەو ڕێکەوتنەکە ڕێکەوتنەکە ڕێکەوتنێکی رەشەو خیانەتێکی گەورەیە بەرامبەر مەسەلەی موسوڵمانەتی ٠ وەئەوەشی دیاری کردووە کە

بروانە ل . ٧

هاوڕێ عبدالفتاح محمد امین بەرەو جنێف کەوتە ڕێ

دوانیوەڕوی رۆژی هەینی رابوردوو ئەندامی سەرکردایەتی قوتریٔ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی‌و هاوکاریی لە وڵاتدا هاوڕێ عبدالفتاح محمد امین بەرەو جنێف کەوتەڕێ بۆ بەشداری کردن لە کۆنگری جیهانی‌ی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی فەلەستیندا کە لە شاری بازلی سویسراگیراوە ٠

ئەو کۆنگرەیەی کە ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێت ئەنجومەنی ئاشتی جیهان

بروانە ل : ٧

وەزیری راگەیاندن لە پاریس مەڵبەندی رۆشنبیری عیراق دەکاتەوە

پاریس ٠٢٠ ئا٠ د ٠ع

وەزیری راگەیاندن بەڕێز سعد قاسم حمودی ئەمڕو ئێوارە لە پاریس مەڵبەندی رۆشنبیریی عیراقی کردەوە ٠ لە ئاهەنگی کردنەوەی مەڵبەندەکەدا بەڕێز باڵوێزی عیراق لە فەرەنساو بەڕێزان چەند لێپراوێك لە وەزارەتی راگەیاندن‌و رۆشنبیری‌و هونەر بەشدار بوون هەر وەك کۆمەڵێکی زۆر لە بانگ کراوانی فەرەنساو رۆژنامە ـ نووسەکان بەشدار بوون لە کاتی کردنەوەی بارەگا کە دا پێشانگای خشڵی کۆنی عیراق کراوەتەوە ٠٠

چەند کۆمپانیایەکی بێگانە دەخرێنە لیستەی رەشەوە

مەکتەبی دابڕین لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزم لە کوێت ئەوەی راگەیاندووە کە حەوت کۆمپانیای بێگانە خراونەتە لیستەی رەشەوە ئەویش پاش ئەوەی کە بەسەریاندا ئەوە ساغ بۆتەوە کە پەیوەندیان لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزمدا هەیە ٠٠ ئەو کۆمپانیایانە ناسکەی ئەمەریکایی‌و بەریتانی‌و فەرەنسایی‌و ئەڵەمانیای رۆژئاوایی‌و بەلجیکایی‌و هەندیان هەیە هەر وەك ئەو نووسگەیە پاپۆرێکی قوبرسیش خستۆتە لیستەی رەشەوە ؛ وەناوی کۆمپانیایەکی بەریتانیایی لە لیستەکەدا کوژاندۆتەوە ٠

پاپۆرە جەنگیکانی ئەمریکا سەریان لە یوگسلاڤیا داوە

رۆژی هەینی رابوردوو لە بەلگراد هەواڵی ئەوە بڵاو کراوەتەوە کە چەند پاپۆرێکی جەنگی ئەمەریکایی گەیشتوونەتە بەندەری سبیلتی یوگسلافی کە دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیك بەڵام باسی ئەوە بە هیچ جۆرێك نەکراوە کە ئەم پاپۆرە ئەمەریکاییانە ماوەی چەند لە بەشە دەریای یوگسلافیادا دەمێننەوە ٠

چاپکراوی نوێ

لەچاپکراوە نوێیەکانی دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی هاوکاری وەزارەتی دەوڵەت بۆ سازاندنی کاروبار لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی نامیلکەیەك بەناوی(بەرەوعیراقێکی یەکگرتووی گەشەدار) بەعەرەبی‌و کوردی دەرچوو٠

نامیلکەکە برتی‌یە لە دەقی هەردوو وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لەسەردانەکەی سلیمانی‌و هەولێردا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دابووی ٠

مەغریب ئەوەی دووپات کردەوە کە بڕیارەکانی بەغدا بەرنادات

ربات ـ ٢ ـ ئا ٠د ٠ع :

سەرۆك وەزیرانی مەغریب المعطي بو عبيد وتویەتی هیچ چارەسەرێك بۆ مەسەلەی عەرەبی پێك نایەت بەوە نەبێت کە باوەڕی تەواو بە مافە رەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین بهێنرێت وەلە یەکەم بەیاننامەی حکومەتەکەیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە حکومەتەکەی ئەرکە لە سەری کە بڕیارەکانی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو ئابووری عەرەب جێ بەجێ بکات وزۆر بە تەنگ یەکێتی‌ی خاکی لبنانەوەیە ٠

ئوردن بەشی دووهەمی یارمەتی‌یەکەی عیراق وەردەگرێت

وەزیری دارایی ئوردن بەڕێز محمد الدباس ئەمڕۆ لە عەمان ئەوەی راگەیاندووەکە حکومەتی ئوردن کەرتی دووهەمی ئەو یارمەتی‌یەی لە عراق وەرگرتووە کە کۆنگرەی بەرزی بەغدا بڕیاری لە سەردابوو ٠

بەڕێز الدباس هەر لەم بارەیەوە وتوویەتی ٠٠عراق لە پێشەوەی وڵاتانی عەرەبدایە لە مەیدانی بینینی دەوری تەواوی لە دانەوەی ئەرکی نەتەوایەتی خۆیدا ؛ وەئەرکەکانی خۆی لەو

بروانە : ل : ٧

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەو زەویانەی هی دەوڵەت یاخود شارەوانیەکانن دەکرێن بە موڵکی ئەو کەسانەی کە بە تەجاوز خانوویان لەسەر کردووە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بە بڕیارێك ڕێگەی دا ئەو زەویانەی هی دەوڵەت یاخۆ شارەوانیەکانن و دەکەونە ناو سنووری شارەوانیەوە ، بکرێن بە موڵکی ئەو کەسانەی کە بە شێوەی تەجاوز بەر لە ١-١-١٩٧٩ خانوویان لە سەری کردوە .

بۆ تەملیك کردنی ئەم زەویانە ئەنجومەن مەرجی داناوە کە ئەم زەویانە دەبێ لە ناوچە نیشتە جێ کاندا بن و بە پێی نەخشەی ئەساسی شارەکان بن و ئەو زەویانە کراون بە خشتی سوورەوکراو یان بەرد یان چەمەنتۆ دروست کرابن و بە شەرتێ نرخی ڕاستی ڕاستەقینەی زەویەکەو کرێی ماوەی تەجاوزەکە ئەگەر زەویەکە لەو ماوەیەدا بە کرێ بدرابە ، لە لایەن لیژنەی تایبەتی یەوە بقەرەسێنرێ ، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە ،

بە پێی حوکمی برگە ((أ))ی مادەی چل و دوەمی دەستووری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٨ـ٤ـ١٩٧٩ی دا بڕیاری لە سەر ئەمەی خوارەوەدا :

١ ـ ئەو کەسانەی کە بە تەجاوز بەر لە ١ـ١ـ٩٧٩ خانوویان لە سەر زەوی موڵکی دەوڵەت یان شارەوانی کردووە کە دەکەنە سنووری شارەوانیەوە ، مافی ئەوەیان هەیە ئەم زەویانە بە نرخی ڕاستی یان و بە پێی ئەو مەرجانەی لەم بڕیارەدا دەست نیشان کراون بکەن بە موڵکی خۆیان :

٢ ـ ئەو زەویەی کە بە پێی ئەحکامی ئەم بڕیارە دەکرێن بە موڵك دەبێ :

أ ـ لە ناوچە نیشتە جێیەکاندا بن بە پێی نەخشە ئەساسیەکانی شارەکان یان لەو ناوچانەدا بن کە ئەم نەخشانە ماوەی ئەوە دەدەن خانوویان تێدا بکرێ .

ب ـ ئەو بینایەی کە لە سەر زەویە تەجاوز لێکراوەکە کراوە دەبێ یان بەخشتی سوورەوە کراو یان بە بەرد یان بە چیمەنتۆ دروست کرا بێ .

٣ ـ داوای کردن بە موڵك پێشکەش بە بەڕێوەبەری شارەوانی لە مەڵبەندی موڵکەکەدا دەکرێ ، لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕۆژی هاتنە کاری ئەم بڕیارەوە ، کە تێیدا ناوی داوا کارەکە خۆی و باوکی و باپیری و پیشەی و جێگەی کاری و جێگەی ئەو زەویەی کە تەجاوزی لێ کراوەو مێژووی دروست کردنی بیناو جۆری بیناکە ، بە مەرجێ ئیقرارێکی دەست نووسی پێوە بێ کە خۆی و ژنەکەی و منداڵە قاسیرەکانی خانوو یان پارچە زەویەکیان نیە کە خانووی لەسەر بکرێ یان بە هەر شێوەیەك سوودیان لە ئەحکامی هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٣٩٧)ی ٢٨ـ١٠ـ٩٧٠و (٧٢١)ی ٣٠ـ٩ـ٩٧٢ وەرنەگرتوە .

٤ ـ نرخی ڕاستەقینەی زەویەکە یان کرێی قەرەسێنراوی ماوەی تەجاوزەکە لە لایەن لیژنەی تایبەتی یەوە ؛ لە هەر مەڵبەندێکی بەڕێوەبردندا بە پێی بڕیارێکی وەزیری ناوخۆو بە گوێرەی ئەو تەعلیماتەی کە لەم بارەیەوە دەری دەکا ، دەقەرەسێنرێ .

٥ ـ نابێ هیچ داوا کارێك لە یەك پارچە زەوی زیاتری بدرێتێ کە پانایی یەکەی لە (٣٠٠)مەتری چوار گۆشە زیاتر بێ .

٦ ـ پێویستە داوا کار خۆی یان ئەو وەرەسەیەی کە بە پێی شەرع بەختێوکردنیان دەکەوێتە سەری ، لە خانوەکەدا بن .

٧ ـ ئەگەر داواکە مەرجی کردنە موڵکی تێدا نەبوو ؛ چ لە بەر ئەوەی کە پەیوەندی بە جێگەی زەویە تەجاوز لێکراوەکەوە یان جۆری ئەو بینایەی کە لە سەری دروست کراوە ؛ یان لە بەر هۆیەك کە پەیوەندی بە شەخسی داوا کارەکەوە هەبێ ، شارەوانی خاوەن پەیوەندی بڕیار لە سەر ڕەفزکردنی داواکە دەدا .

٨ ـ ئەگەر ڕەفزکردنی داواکە لە سەر ئەوە بوو جێگەی زەویەکە لە گەڵ نەخشەی ئەساسی شارەکاندا نەگونجا ئەوا دابەرەی شارەوانی بۆی هەیە پارچەیەك زەوی لە بار لە جێگەیەکی موناسیبدا بە تەجاوزکەرەکە بە نرخی ڕاستەقینەی ئەو زەویە .

٩ ـ هەر کەسێك پاشی کەوتنە کاری ئەم بڕیارە بە بیناکردن تەجاوز بکاتە سەر زەویەك کە هی دەوڵەت یان شارەوانیەکان بێ ، بە حەبس کردنێك کە لە شەش مانگ کەمترو لەدوو ساڵ زیاتر نەبێ و بە جەزایەك کە لە سێ سەد دینار کەمترو لە دوو هەزار دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێکیان سزا دەدرێ ، لە گەڵ لابردنی تەجاوزەکە بێ هیچ بژاردنەوەیەك .

١٠ ـ لە ڕۆژی بڵاوکردنیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا ، کار بەم بڕیارە دەکرێ .

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

بۆ جێبەجێ کردنی ئاراستەکانی بەڕێز صدام حسین

● هەزار خانووی نوێ لە گوندە عەسریەکانی پارێزگای دهۆك
● پرۆژەی گەشتوگوزارو ڕۆشنبیری و ئاو لە سلێمانی

لەسەر ڕوناکی ئاراستەکانی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەماوەی دوا سەردانەکەی بۆ پارێزگای دهۆك ئێستا کاردەکرێت بۆ ئەوەی ژمارەی خانووی گوندە عەسریەکان زیادبکرێت و بەرژەوەندیە پێویستەکانی ئەم گوندانە پێشکەش بکرێت .

بەڕێز یحیی محمد رشید ئەمەی ڕاگەیاندو گوتی کەوا ئاراستەکان بنیادنانی هەزار خانووی نوێ لە گوندە عەسریەکان دەگرێتەوە کە واژمارەیان (١١) گوندەو ئێستا ٣ هەزارو ٧٠٠ خانووی تێدایەو خەڵکی ناوچەکە تێدا دەژین .

هەروەها گوتی کارەکە دروستکردنی جادەی ناوەوەو مەجاری و شوورەی گشت خانووەکان و دامەزراندنی بەرژەوەندیە پێویستەکانی وەکو کارەباو ئاوی پاك دەگرێتەوە بۆ ئەوەی حەسانەوەیەکی تەواو بدرێتە دانیشتوانی گوندە عەسریەکان .

هەروەها کارەکە دامەزراندنی مەڵبەندە تەندروستیەکان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆپاراستن و چارەکردن پێشکەش بکرێت و دروستکردنی بازاڕە عەسریەکانیش دەگرێتەوە تاوەکو کەلوپەلی بەکاربردن ئامادە بکرێت ، هەروەها دامەزراندنی گازینۆو باخچەی منداڵان و قوتابخانە سەرەتاییەکانیش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گوندە عەسریەکان ڕووی تێ کەن و بتوانن لە فێربوونی خۆیان لە قوتابخانە عەسریە گونجاوەکاندا بەردەوام بن .

هەروەها دووپاتی کردەوە کەوا ئەم بەرژەوەندیانەو بەرژەوەندیەکانی تر کە وەدەست ڕۆڵەکانی گوندە عەسریەکان کەوتوە بەڵگەن

بروانە ل : ٧

دروستکردنی دەزگایەکی نوێ بەناوی «دەزگای گشتی میوانداری» یەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا دەزگایەکی گشتی بە ناوی ((دەزگای گشتی کارو باری میوانداری)) یەوە دروست بکرێ کە سەر بە مونەسەسەی گشتی گەشتکاریەوە بێ و ئەم دەزگا نوێیە کە شەخسیەتێکی مەعنەوی و سەربەخۆیی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی هەیە ، بەڕێوەبردنی کۆشکەکانی میوانداری وڵات و دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ میوانەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان دەگرێتە ئەستۆ .

بۆ ئەوەی دەزگاکە بتوانێ ئامانجەکانی بهێنێتە دی ، بڕیارەکەی ئەنجومەن دەسەڵاتی ئەوەی داوەتێ کادیری ئوتێلکاری بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لە کۆشکەکانی میوانداریدا دابین بکاو ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی بکڕێ بۆ گواستنەوەی میوانەکان هەر وەها دەزگایەك لە چاوەدێریکەران دروست بکاو دەورەی مەشق کردن بۆ ئیشکەرانی بکاتەوە .

بە پێی بڕیارەکە ، دەزگاکە بۆی هەیە لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا ڕێك بکەوێ و موڵکیەت ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی بگۆڕێتە سەرخۆی و مافی تەسەڕوف کردنی پێیان هەبێ و خزمەتی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دایەرەکانی مەراسیم و پەیوەندیدا یان ئەو کەسانەی لەم بوارەدا شارەزاییان هەیە بگوێزێتەوە لای خۆی .

هەر وەها بڕیارەکە ، هەموو کرێنەکانی دەزگاکەی لەو ڕێ و شوێنانە بواردوە کە خراونەتە سەر شتومەك لە دەرەوە هێنان و لە ڕەسمی گومرگ و کومیشنی کەرتی سوشیالیستی بەخشیونی .

هەر وەها دەزگاکە مافی ئەوەی هەیە مووچەی ئیشکەرانی لە سەروو ئەو سنوورانەوە دابنێ کە لە کاردان و لە بەرتیشکی شارەزایی و کارامەیی داو ، بڕیارەکە مافی دەست نیشان کردنی کاتی کارو پشووەدان و ئینزیبات و پاداش دانی بە کرێکارەکان و دوا هێنان بە خزمەتیانی داوە بە دەزگاکە ، بە دەر لە ئەحکامی یاسای کار ، ژمارە (١٥١)ی ساڵی ٩٧٠ دەستکاری کراو .

بە کرێ دانی ئەو پارێزگایانەوە ئامادە کراوە ... لە کاتێکدا ، ئەم ئێزگانە کادیری فەنی بۆ دابین دەکرێ و (٧٠) مەکینەی تری لە پارێزگاکانی با شوورەوە بۆ دەهێنرێ پاش ئەوەی دروێنە لەوێ کۆتایی دێت .

● ئەو تیپە تەندروستی یە گەڕۆکانەی کە سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی ڕێکی خستوون ، هەفتەی ڕابردو دەستیان بە هەرەوەزی تەندروستی بەربڵاو کرد لە ئاوایی یە عەسریەکان و ناوچە لادێ نشینەکاندا .

لەم هەرەوەزەدا ؛ تیپە تەندروستی یەکان کە سەر لە ئاوایی یە عەسریەکانی شانەدەری و نالریز و خورماڵ و زەڕایەن و بازیان و دێیەکانی کانی جنەو دارەبەن و ملاداودو زنجیرنجو دەدەن ، زنجیرەیەك کۆڕی تەندروستی و ڕێ نوێنی دەگرن ، سەرەڕای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆپاراستن بۆ هاوڵاتیانی ئەم ئاوایی یانە .

لە لایەکی ترەوە ، دەزگا تەندروستی یە تایبەتەکانی پارێزگاکە هەرەوەزی پشکنین دەکەن تا بزانن تا چ ڕادەیەك ڕێ و شوێنی تەندروستی لە چێشتخانەو جێگا گشتی یەکاندا ڕەچاو دەکرێ .

بروانە ل : ٧

هەندێ هەواڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

● هاوڕێ مزبان خضر هادی ڕازیاری سەرکردایەتی لقی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دەستی ڕێزی لە بەڕێوەبەری گشتی ی پەروەردەی پارێزگای هەولێرو (١٣) کەس لە سەرپەرشتکەران و مامۆستایانی بەشەکانی هونەرە پیشەسازیەکان نا لە سەر ئەو هەوڵەی بۆ پەرەدان بە تواناکانی قوتابیان داویانە .

لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە مەڵبەندی سەرکردایەتی لقدا لە هەولێر کرا ، هاوڕێ ڕازیاری سەرکردایەتی لق ئەو ئەنجامە باشانەی نرخاند کە قوتابیانی بەشەکانی هونەرە پیشەسازیەکان لە قوتابخانە ناوەندیەکاندا وەدەستیان هێناوەو داوای کرد ئەم بەشانە لە قوتابخانە ناوەندیەکانی تری پارێزگاکەدا بکرێنەوە بۆ پوختەکردنی تواناکانی قوتابیان و هاندانیان بۆ خوێندن لە دەزگاکانی ئامادەکردنی پیشەسازی دا تا کادیری ناوەندی پێویست بۆ بزوتنەوەی پیشە سازی ڕاپەڕیوی وڵات دابین بکرێ .

● هەفتەی ڕابردوو ، لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك میهرەجانی یەکەمی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر دەستی پێ کرد کە لە لایەن لیژنەی هەمیشەیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە ڕێکخراوە .

میهرەجانەکە کە بە درێژەی هاوین بەردەوام دەبێ ؛ بە سێ فیلمی عێراقی « بیوت في ذلك الزقاق » و « الرأس » و « الضامئون » کرایەوە لە لیژنە هەمیشەیی یەکەوە لیژنەیەکی لقی بە سەرۆکایەتی بەڕێز عبد الغفار عبد القادر الصائغ ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەندامەتی هەندێ نوێنەری دەزگا ناوەندیەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری دروست کرا بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبەرایەتی میهرەجانەکەو دابین کردنی پێویستیەکانی سەرکەوتنی .

بەڕێز الصائغ ڕوونی کردەوە کە وا میهرەجانەکە پارێزگاکانی ناوچەکەو هاوینە هەوارەکانی و ئاوایی یە عەسریەکان دەگرێتەوەو جگە لە نیشان دانی فیلمی عێراقی ، شانۆگەری و ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاو ئێوارە کۆڕی ئەدەبی وشەوی عێراقی و پیشانگای هونەری تێدا دەبێ کە تێیدا دەزگاکانی هەردووو وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەر ؛ دەزگای گشتی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و دەزگای گشتی ڕۆشنبیری و ڕێ نوێنی جوتیاران و ڕێکخراوە جەماوەریەکانیشەوە بەشداری دەکەن .

● پانایی ئەو زەویانەی کە هەرەوەزی دروێنەی هاوینەی گەنم و جۆ گرتوویەتەوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا گەیشتە ملیۆنێك و (٨٢٨) هەزارو (٩٤٥) دۆنم .

لەمە ؛ ملیۆنێك و (١٦٥) هەزارو (٧٦) دۆنم لە پارێزگای هەولێرو (٥١٦) هەزارو (٥٨٥) دۆنم لە پارێزگای سلێمانی و (١٤٧) هەزارو (٢٨٤) دۆنم لە پارێزگای دهۆکە .

بۆ ئەم هەرەوەزە کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە دەست پێ دەکا (٢٦٥) مەکینەی دروێنە لە لایەن ئێزگەکانی

لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

خالد عبد عثمان : هەنگاوی گرنگ بۆ پێشخستنی ناوچەی کوردستان

بەڕێز خالد عبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کار ڕێکخستنی لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا ، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی یاسادانانادا ئامادە بوو کە هەفتەی ڕابردوو بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد علی امین کرا .

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز احمد عبد القادر النقشبندی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و یاسادانانیش ئامادە بوون .

بەڕێز خالد عبد عثمان وتارێکی لە کۆبوونەوەکەدا خوێندەوە کە تێیدا دڵسۆزی سەرکردایەتی حزب و شۆڕشی دووپات کردەوە بۆ دابین کردنی هەموو پێویستیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەموو پێویستیەکانی ژیانی خۆش و سەربەرزانە بۆ هاووڵاتیان .

بەڕێز وەزیر هەر وەها وتی ، شۆڕش خەریکە هەنگاوی گرنگ بۆ پێشخستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دابین کردنی هەموو ڕێ و شوێنێك بۆ دەزگاکانی بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری ناوچەکە دەنێ .

بەڕێز وەزیر داوای کرد قەوارەی جم و جۆڵی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسا دانان زیاتر بکرێ و بە شێوەی ڕاستەو خۆ لەگەڵ هاووڵاتیاندا تێکەڵ بن و گیرو گرفت و پێویستی و داخوازیەکانیان بزانن و لە موناقەشەکانی ئەنجومەندا باسیان بکەن و کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکان و جێبەجێ کردنی داخوازی و پێویستیەکان .

ئەوەی شایانی باسە ، بەڕێز محمد علی امین بەناوی گەلەوە کۆبوونەوەکەی کردەوە و وتارێکی خوێندەوە کە تێیدا پیرۆزبایی لە چینی کرێکار بە بۆنەی جەژنی یەکی ئەیارەوە ، کردو تێیدا وتی ئەمڕۆ بە خۆشیەکی زۆرەوە پێشوازی لەم ڕۆژە مەزنە دەکەین و سڵاو و پیرۆزبایی بۆ کرێکارە دلێرەکانمان دەنێرین و هیوای سەرکەوتنی زۆرترو بەرهەمی زیاتریان بۆ دەکەین پاش ئەوە ئەنجومەن کەوتە سەیرکردنی پرۆگرامی کارەکانی کە باسی چەند بابەتی تێدا کراوو وەڵامی ئەمینداریە گشتی یەکانی بەڕێوەبەرایەتی یەکانی گواستنەوەو پەیوەست و شارەوانیەکان و هاوینە هەوارەکان و کشتوکاڵ و زەوی سازی خوێندرایەوە .. هەر وەها چەند پرسیار کە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە ئاراستەی هەندێ لە ئەمیندارە گشتی یەکان کرا کە پەیوەندیان بە خزمەتگوزاریە گشتی یەکان و دامەزراندنی پرۆژەی جۆراو جۆرەوە هەبوو .

بەڕێز احمد حامد قادر ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەو پەیوەست ڕایگەیاند کە وا لایەنە ناوەندیەکان موافەقەتیان کردوە فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی لە هەولێر بکرێتەوە .. هەر وەها ئاشکرای کرد کە کە داو مودەزگای گشتی ڕێگاو پردەکان ساڵی ئاینده دەست دەکا بە دروستکردنی فڕۆکەخانەکە .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەنجومەنی کۆبوونەوەی داهاتووی لە ڕۆژی بیست و هەشتی ئەم مانگەدا دەکا .

دروستکردنی (٣٠٠) ماڵی پلاستیکی لە دهۆك و ئامۆژگا کشتوکالیەکان

لیژنەی ئامادەکردنی داپۆشراو لە وەزارەتی بڕیاریدا (٢٠٠) خانووی دروست بکا .

پێویستیەکانی کشتوکاڵی کشتوکاڵ وزەوی سازی پلاستیکی لەپارێزگای دهۆك

لیژنەکە هەروەها بڕیاری دا (١٠٠) ماڵی تر دروست بکا لە چەند ئامۆژگای فەنی کشتوکاڵی دابەرەی لێکۆڵینەوەدا ، کە لە سەرەتای وەرزی ئایندەی سەوزەواتی داپۆشراودا تەواودەکرێ . بەم ماڵانەوە ، ژمارەی ماڵە داپۆشراوەکان دەبێتە هەزارو ٣٢٠ ماڵ کە بەسەر پرۆژەکانی « النهروان » و «الاسحاقی» و «الخالص»و «ابوغریب»و «الدور»و « الوحدە » وقوتابخانە ئامادەیی و ئامۆژگا فەنی یە کشتوکالیەکان و کولێجی کشتوکاڵ لە زانکۆی بەغداو کشتوکاڵیدا لە فضیلیە دابەشکراوە .

بروانە ل : ٧

کاروانی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ لە هەولێر

کومپانیای گشتی بازرگانی خواردەمەنی لقی هەولێر شەش کاروانی بۆ فرۆشتنی ڕاستەوخۆی کەلوپەلەکانی لە ئاوایی یە عەسریەکانی بەستۆڕە و بیرزین و شاوەیس و بە حرکەو کەسنەزان و قوشتەپە ڕێك خست .

ئەم هەرەوەزە بەشێکە لەو نەخشەیەی کۆمپانیاکە بۆدابین کردنی پێویستیەکانی هاووڵاتیان لە لادێ و ناوچە گەشتکاریەکاندا لە کەرەستەی خۆراك و شتومەکی بەکارهێنان دەیدا .

کۆڕێکی ئەدەبی

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ؛ کۆڕێکی ئەدەبی لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی یەوە ، لەمەڵبەندی یەکێتی بۆ کاك عبداللە عباس ڕێکخرا .

لەم کۆڕەدا کە نزیکەی سەعات و نیوێکی خایاند ؛ کاك عبداللە عباس باسێکی بەناونیشانی « حسین عارف ... ڕابەری نوێخوازی لە چیرۆکی کوردیدا » خوێندەوە و کۆمەڵێك لە ئەدەب دوستان ئامادە بوون .

چالاکی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی

● لەم هەفتەی ڕابووردووەدا بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی کەڵێ چالاکی و جموجولی ئەدەبی و هونەری پێشکەش جەماوەر کرد ، لەوانە :

● لە شاری هەڵەبجەدا ڕۆژی هەینی ڕابوروو کۆڕێکی فراوانیان ساز کرد بۆ هونەرمەند سالار عمر محی الدین کە لە کۆڕەکەدا دەربارەی شانۆی کوردی ئێستاو ڕادەی بەرزی قۆناغی شانۆی کوردی دواو وەڵامی پرسیاری ئامادە بووانی دایەوەو کۆڕەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند .

● لە شاری سلیمانیدا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە سەر هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان میهرجانێکی فلیمی سینەمای عێراقیان پێشکەش کرد کە گەلێ فلیمی عیراقی بەکەڵکی تیا نیشاندرا .

حمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لەسلێمانی

بروانە ل : ٧

لە چالاکیەکانی یەکێتی لاوان لقی سلێمانی

بە چاودێری بەڕێز ئەمینداری نهێنی مەکتەبی لاوانی لقی سلێمانی یەکەمین کۆنگرەی تایبەتی پەروەردەی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەیانەی نەقابەکانی کریکارانی سلیمانی لە ژێر دروشمی ((بەهێزکردنی هوشیاری نەتەوەیی و سۆشیالیستی هەنگاوێکی گرنگە لە ڕێگای پێگەیاندنی نەوەی نوێدا)) بەسترا . سەرەتا کۆنگرە بە وتاری هاوڕێ جمیل جاسم منصور جێگری ئەمینداری مەکتەبی لاوان لقی سلێمانی دەستی پێ کراو تێیدا دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کە ڕۆشنبیری شورشگێڕانەی لایەنگیر دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو سەبارەت بە ڕاوەستانیان دژی ئیمپریالیزم و هەروەها دەیسەلمێنێ کە ناوچەی

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

ڕوون کردنەوەیەک لە دووتوێی بیرەوەریەکدا

غریب پشدەری

لە ژمارە (٤٥٢)ی ڕۆژی دووشەممەی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ی • ڕۆژنامەی « هاوکاری » خۆشەویستدا، کاک (کەمال مستەفا مەعروف) نوسینێکی بە ناوی - لە شیعرە بلاوکردبۆوەو ، وێنەیەکی ئەحمەد هەناری - بلاوکردبۆوەو ، وێنەیەکی مامۆستای ئەمرو دەستو قەڵەم ڕەنگینیشی لەگەڵدا چاپکرابوو • پێش خوێندنەوەی نووسینەکە تاوێک کەوتمە سەرنجدانی وێنەکەو هەستمدەکرد تەزوو و موچڕکی بیرەوەریەکانی دوێنێی ڕابووردووی نزیکم لەگەڵ خوالێخۆشبوودا تا دێ سەرتاپای دەروودەرونم دادەگرێ ، هاتمە سەر خوێندنەوەی نوسینەکەو بە ووردی خوێندمەوە ، کە هەڵبەستی (جوانی)م وەبەرچاوکەوت یەک دوو جاری تریشی پێداهاتمەوە چونکە لەوە دوودڵ بووم کە نەکا بەجارێك خوێندنەوە بە هەڵە بچم ، بەلام کە دڵنیابووم ئەوەی من دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کاک کەمال بۆی نەچووە ، قەڵەمم تاودایەو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی هەڵبەستی « جوانی » مامۆستای خوالێخۆشبوو ، وەك کاک کەمال ئەوی پێ‌خستۆتە ناو جیهانی ئەوین‌و جوانیی ئافرەت‌و دڵداری‌و عیشقەوەو ڕاستەوراست بە هەڵبەستی مامۆستای داداوەتەو بێ سێ‌و دوو هەرچی هەستو سۆزو تێکڕای ناوەڕۆکی هەڵبەستەکەیە دەیداتە پاڵ مامۆستا (زەکی) • بەلام ئەوەی من دەیزانم‌و دەربارەی ئەم هەڵبەستە ئاگام لێیەتی جۆرێکی ترە ، کە لەم نوسینەمدا دەری‌دەخەم •

با ئەوەشم لەبیر نەچێ کە من بەم چەند ووشانەی سەرەوەم ، خوا نەخواستە وبستبێتم هیچ لە توانا‌و زانین‌و شاعیریەتی خوا لێخۆش‌بوو کەم‌بکەمەوە ، نە ، هەرگیز ••• بەلام بۆ دوێنێ‌و ئەمڕۆو پاشەڕۆژی ئەدەبەکەمان‌و خوێندەوارانی کورد زمان پێویستە هەر شتێك بە تایبەتی لەبەرهەمی ئەدەبی‌دا کە بلاو کراوەتەوەو ڕاستیەکی تێداوون‌بوو و بەکاێك پێی‌زانی دەبێ لێی بێدەنگ نەبێت‌و بەو بەڵگە ڕاستانەی کە دەربارەی بابەتە بلاوکراوەکە دەیزانێ ، هەل لە دەست نەداتو هەموو لایەك ئاگادار بکات ، جا خوێندەوارانی خۆشەویست فەرموون ئەمەش ڕوونکردنەوەکە : لە ساڵی ١٩٦٣دا کە بە مامۆستایی چوومە کۆیە تا ساڵی ١٩٦٦ لەوێ مامەوە ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا بە ئاشنایەتی‌و دۆستایەتی مامۆستای ئەمر شادبووم • کە یەکترمان ناسی ، ئەوەی هەرچی کەس‌و کارو خزم‌و خوێشانم هەبەو تەنانەت جێ‌خانوو و بەرەکانیشیانی بۆ وەسەریەك خستمەوە ، کە بەڕاستی ئەمە بووە هۆی ئاشنایەتیەکی قوڵترو لەبارتر ، خۆ دۆستایەتی ئەدەبیشمان ، ئەوە هەر مەپرسە، کە لەمپەری جیاوازی تەمەنی لە نێوان لابردین ، بۆیە زۆرشتی کە بنووسیایە یان وەرگێڕابایە سەر زمانی کوردی هەرگیز لێی نەدەشاردمەوە، بڕواتان بێ کە جارجارە لە قوتابخانەی (باواجی) دەچوومە سەردانی وەك چاوەڕێ بوو بێت تا ئەوەی هەبەتی پێشمانبدات ، هەرکە دەی‌دیتم ، یەکسەر دەستی دەبردو لەسەر مێزەکەی دەخستە بەردەمم‌و دەیفەرموو « دادەی پشدەری بزانە کووە » ئەوە هەرچەندە دەشمزانی زۆر بەکماڵ‌و کرچم تێ‌دەگات ، بەلام من بەسەرخۆمم نەدەهێنا •

ئێستاش وادەزانم دوێنێیە ، دەرسی سێهەم بوو چووبوومە سەردانی ، دوای چاک‌و چۆنی‌و هەواڵ‌پرسی ، دەستی‌برد لەناو دووتوێی کتێبێکی گەورەی عەرەبی کە گوڵستانی سەعدی شیرازی‌بوو بەعەرەبی‌و بەناوی (الروضة) ، دوو پارچە کاغەزی درێژی وەبەر دەستی نام‌و ووتی ئەمە هەڵبەستێکی « حافزی شیرازی »یە بە فارسی‌و هەر بە شیعر کردوومەتە کوردی بزانە کووە ؟!! ، داخەکەم ئەو کاتە سەرم لە فارسی دەرنەدەچوو ، ئەمیانم داناو کوردیەکەیم لێك‌کردەوە کە بە ناوونیشانی « جوانی » نوسرابوو و هەمان هەڵبەستەکە ئێستا کاك کەمال بلاوی‌کردۆتەوە ، تەواوی هەڵبەستەکەم خوێندەوە ، کە لێی‌بوومەوە تۆزێك ڕاوەستام فەرمووی : ها •• چیە ؟!

ووتم : مامۆستا بێ‌فەزابی، هێندەی شەقلی کۆییانەی پێوەیە بە وەرگێڕدراو ناچێ • **فەرمووی : ئەوە نیە ئەتوو خووندتەوە ، دۆرەی لۆلێدە ،** لەبەر ئەوەی زۆرم ڕێزلێدەگرت بە دوای قسەکەی نەکەوتم‌و دەستم‌کرد بەپێکەنین ، بەلام ئەمەندەم ووت :

مامۆستا •• ! ئەو دوو دێڕەی کۆتایی هەڵبەستەکە کە دەڵێ « ئەم لەعلەی لێوت گیانی « حافزە »
دوور لە لێوانی پیاوانی دوون بێ »

چونکە وەرگێڕدراوە نازناوەکەی « حافز » بکە بە زەکی - کە گوێی لەمە بوو یەکسەر قەڵەمەکەی تاودایەو گوتی :

با لەبەر خاتری تۆ (زەکی) بێت •

زۆریشی پێ‌نەچوو هەڵبەستەکە لەلایەن تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەوە ئاوازی بۆ دانراو ئەنوەر طاهر بە دەنگی خۆی ئاوازەکەی دەووت ، ئەگەر واش نیە هەریەکێك لە ئەندامانی ئەوتیپە تائێستاش سوپاس بۆ خوا هەرماون •

جا خوالێخۆشبوو وەکوو ئەمڕۆی لەبەرچاو بێت کە فەرمووی : دۆرەی(١) لۆلێدە ، ئەوا من دۆرەم لۆ لێدا کە هەڵبەستی « جوانی » وەرگێڕدراوەو هەڵبەستی خودی مامۆستا زەکی هەناری نیە •

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

هونەری شیعر خوێندنەوە

ئازاد عبدالواحد

ئەگەر مەسەلەکەش وا بوایە ویژدانی شاعیر بە بەستەڵەك دەمایەوە ، هەر بەتامای وێنەی‌نوێ ، بەزمانێکی نوێ ، بۆ سەردەمێکی نوێ دەکێشێت بە بیناو پێکهاتن‌و ئەندازەیەکی نوێ •• دووبارەکردنەوە

- ئیقاع - پچڕاندن - ڕەمزیەت
- پارچەکردن - خستنەبەر
- لابردنی بەشێك لە شیعرەکە
- بۆشایی - بێدەنگی -

ئاوەزووکردنەوەی وێنەو بەکارهێنانی زۆر لایەنی زمانەوانی تر وەکوو سوودوەرگرتن لە هونەری نەحت‌و تەشکیلی ، هەموو ئەمانەش بۆ ڕێگە خۆش‌کردنە، تا بتوانێت بەسەربەستی ئەوەی هەیە دەری‌ببڕێت •• جگە لەوانەش سوود لە تەمسیل‌و ڕووناك‌کردنەوەو دەنگیش وەردەگرێت ، بەم جۆرە دەبینین شیعری نوێ ، لە خوێندنەوەدا دەبێت ئەرکی ئەمانە دیاربکرێت‌و ڕەچاوبش بکرێن •• !

- ● شێوازی خوێندنەوە •
- ● سوود وەرگرتن لە توانای دەنگی‌مرۆڤ •
- ● دەربڕینەکانی دەم‌وچاو (سیماتیقیەت) •
- ● جوڵانەو نیشارەتەکان•
- ● دروست‌کردنی دەوروبەرێکی شانۆییانە •

بەم جۆرە شیعر وەك پارچە مۆسیقایەك، یان وەك تابلۆیەکی هونەری ، پێویستە ڕەگەزە هونەریەکانی تێدا بێتەدی، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت ، ڕەگەزەکانی کارە هونەریەکەش بریتیە لە (ناوەڕۆك + دەربڕین) •• !

★ سەیری گۆڤاری (الادب المعاصر)ی ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٧٢) بکرێت کە تاکە سەرچاوەیەکی ئەم باسەبەو بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ‌بەستراوە •• !

فۆلکلۆر ئەو کەلەپووری ئەمرەیە کە خاوەنەکەی نەتەوەیەو نەوە دوای نەوە دەیپارێزن‌و پێتری لێ‌دەنێن بۆ پاراستنی ڕەوشت‌و نەریتی تایبەتی خۆیان • فۆلکلۆر هەتا ڕادەیەکی دوور سنورێکە بۆ پێناسەی گەلێك لە ڕووی ڕەوشت‌و خووی تایبەتی • پاراستنی فولکلۆرو پەرەپێدانی لە هەر دەمێکدا نیشانەی دڵسۆزی‌و شارەزایی‌و پەنجە ڕەنگینی ئەوەی ئەو دەمەیە •

نامەوێت درێژە بە باسەکەم بدەم چونکە لێرەدا مەبەستم دوانە تەنیا لە بابەتێکی تایبەتی فۆلکلۆری کوردی کە هەتا ئێستە زۆر کەم لەو بارەیەوە کۆلراوەتەوەو باسی لەسەر نووسراوە کە ئەویش « مەتەڵ »ە •

مەتەڵ بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی فۆلکلۆری

غریب رؤوف

هەروەکوو شیعرو گۆرانی‌و حەیران‌و چیرۆك‌و هەڵپەرکێ‌و بابەتەکانی تر بگرە ئەم لەوان زیاتر سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت‌و زیاتر پێوەی خەریك دەبێت‌و کاریگەرتر دەبێت سەرچاوەی ئەم لایەنە کۆڕو دیواخانانی کوردەواری بووە جگە لە حوجرەو بەنای سۆپای مزگەوت‌و تەنانەت ئەشکەوتەکانی حەساتەوەو لەنگەرگرتنی کاتی گەرمیان‌و کوێستان‌و ڕاووشکار کردنی باوباپیرانمان هەوێنەکەی مەتەڵ بووە •

مەتەڵ جگە لە بەسەربردنی کاتی بێ‌ئیشی‌و ڕابواردن لایەنی زانستی‌و دەروونیشی هەبە زاخاوی مێشك‌و دەرونە ، ئاراستەکردنی بیرو حەسانەوەی ویژدانەو بۆ لەش پشوودانە • هۆی گەشەنەکردنی مەتەڵ هەتا ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاڵۆزو پەیڕەوی کردنی تیوری لە گرنگترەوە بۆ گرنگ لەگەڵ کەمتەرخەمی دۆستانی ئەدەب یان بیرنەکردنەوەیان لەم کەلێنە گرنگەی ئەدەبمان‌و کۆنەکردنەوەی‌و نەنووسینەوەی هەتا ئەمڕۆ •

مەتەڵ وەنەبێ ووشەیەکی سادەبێت‌و هەرچی هەڵبتوانێت دای‌ڕێژێت • مەتەڵ نەبێ تام‌و چەژێکی ئەدەبی هەبێت لە ڕووی وەزن‌و قافیەو ڕێك‌خستنەوە بە لایەنی کەمەوە دەبێت وەکوو بەخشان بێت ئەگەر هەڵبەست نەبێت • هەر هیچ نەبێ لە ئاخاوتنی ئاسایی جیا بێت تا چێژو تامێك بە مرۆڤ بگەیەنێت •

هیوادارم ئەم چەند ووشەیەم بانگەوازێك بێت بۆ شارەزایان کە لەم بارەیەوە بکۆڵنەوەو بە ووردی بکەڕێن‌و کۆی بکەنەوە با لە فەوتان‌و لە ناوچوون بپارێزرێت •

وا لێرەدا بۆ نموونە چەند مەتەڵێکتان پێشکەش دەکەین :

١ - بابی پولێکە پری ژووریکە •
٢ - بەرزە وەك چنار ، ترشە وەك هەنار ، سەوزە وەك خەیار •
٣ - قەڵای گەچین ڕێی نی‌یە تێی چین •
٤ - هەتاشان‌و مەتاشان جێی گشت میران‌و پاشان •
٥ - ئەم لای پەرژین ، ئەو لای پەرژین تیایەتی کۆترێکی نەخشین •
٦ - ئەم لای کەڵەك ، ئەو لای کەڵەك ناوەڕاستەکەی چەرخ‌و فەلەك •
٧ - دارە بەنێ لە گوێی کەنێ شێخ‌و مەلا دەسی‌یە دەنێ •
٨ - چوومە وەردێ دارێ بە چەپۆك بەر بووە بەردێ •
٩ - سایەقەی سامال هەوری فەرەنگی دوو ئاو لە جامێ هەر یەك لە ڕەنگێ •

وەڵامەکان بە ڕێز :
١ - چرا ، ٢ - ڕێوواس ٣ - هێلکە ، ٤ - بێشکە ، ٥ - چاو ، ٦ - زمان ، ٧ - لووت ، ٨ - ئاشی‌ئاو ، ٩ - هێلکە •

لە بیرەوەری

هەڵوێستێکی لە یادکراو

عبدالله کریم محمود

جاران ئەم ڕووبارەت ئەدی
لەگەڵ ڕەنگدانەوەی تروسکەی‌دا
سەرنجت ئەگرتە ناخی
ئەو شەپۆلە جێ‌هەنگاوێك لێمان‌دوورە
کەچی ئێستا بەودای تانگەی
هەوالێکیا سوراخی

● ★ ●

جاران کات‌ژمێر وەرس‌بوو
لەمانەوەت
تا هەنگاوێك بە تاسەوە
ماڵئاوایی ••• یەك دوو فرمێسکی
ئەڕژانە ناو دەروونی هەڵوێستەوە

● ★ ●

جاران مەلی هۆنراوەی ناز
لە هەڵوێستێکی تورەدا
لە باوەشی ئەئەگرتی
بەدوای کۆشکی بێ‌هۆشی‌دا
هیچ سەرنجێ
هەنگاوی پێ‌نەئەبردی
شەقام •••
هەنگاوێکی ئەوەستانی
ڕۆژباش زەردەی خۆرەتاو وو
پرشنگی نیگای سەرنجت تیشکی ئاواتی ژیان‌بوو
کەچی ئێستا وەکو زەردەی ئێوارەیەو
سیمای شەوێکی لێڵ ڕووی داگرتووی
لە ناوێنەی هۆنراوەما
پەیکەرێکی ووشکی مردووی
ئێستا تریفەی شیعر
بۆ دواڕۆژێ تۆمارئەبێ
لەسەر سنگی پەڕاوەکان
درەختێکی ئەرخەوانی گەش‌و دیارێ

لە وولاتی غەریبی دا

شیعری
شاعیری ئازربیجانی
● سەمەد وورگون ●
أ• خۆشناو ، کردوویە بەکوردی

ئەی ئەو کەسەی ،
لە ناوەختا ،
دەتەوێ ڕۆحم بکێشی !
لێم دوورکەوە !
لە وولاتی غەریبی‌دا
گیانی خۆم ، ناخەمە دەستی مردنەوە ••
ئەی ئەو کەسەی ،
لە ناوەختا ،
دەتەوێ ڕوحم بکێشی !
لە دووری من ،
بۆ خۆت شمشێرەکەت بسوو !
وامن پێنوسم دەرهێنا
لەوولاتی غەریبی‌دا ،
گیانی خۆم ، ناخەمە دەستی مردنەوە !!

سێ چیرۆکی کورت

(شێرزاد حەسەن)

چەتر

کچێك‌و منی تەنیا •• لە دووڕیانێکدا لەیەك نزیك دەبووینەوە •• لەپڕ بارانێکی بەخوڕ دایکرد •• کچەکە خێرا چەترەکەی هەڵدا •• لە دواوە تێم‌ڕوانی •• قژە ڕەش‌و درێژەکەی بەسەر پاڵتۆ سەوزەکەیدا کشابوو • باران لە لەنجەی خست •• زۆر مابوو بگەینە سەر جادەکە •• باران‌و تەنیایی‌و بێ‌چەتریبان نەوتووە •• بارانیش زوو خەڵك بە یەکتر ئاشنا دەکات •• چەتری ئەم کچەش جێی دوو کەس دەگاتەوە••ڕاڕایی کێلامی •• کە ئاوڕێکی دایەوە •• چاوەکانی بێزاری‌و قینی لێ‌دەبارین •• منیان تۆران •• پێشی کەوتم •• بەڵکو خۆی بۆ نەگیرێ‌و بانگم‌بکات ••خێراتر هەنگاوم نا •• دزە نیگایەکی کزم تێ‌بڕی •• هیچ •• بارانیش زیاتر دایکرد •• زیاتر شۆڕام •• پاشەکشەم‌کرد •• گەیشتنە لام •• دیسان بانگی نەکردم •• شەرم گەرمی کردم •• چارنەما •• تیژتر هەنگاوم نا •• ئەوەندەم بگەمە سەر شۆستەکە •• کە دوا ئاوڕم لێ‌دایەوە •• لەناو فوڕو چڵپاوەکەدا •• لەسەر پشت ڕاکشابوو •• ویستم بگەڕێمەوە سەری ••سڵم‌کردو نەمویرا •• خێراتر هەنگاوم نا تا بگەم بەو پاسەی لە ژێر بارانەکەدا دەشۆرا !

نهێنی

تا ئێستاش منالانی گەڕەکەکەمان •• بەیانیان زوو •• بە نیازی ئەوەوە ڕوو دەکەنە مالی مامە بلە- بەلام بە هەناسە ساردی دەگەڕێنەوە •

بەرلەوە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە کوشندەبێ •• خەڵکی گەڕەك •• پیرو منال •• ژن‌و پیاو •• ئەفەندی‌و جامانە بەسەر چوونە مالی •• تکامان لێ‌کرد •• باڕاینەوە •• کە نەخۆشیش کەوت •• زیاتر ترساین• نهێنی ئەم شیرینایەتیەی منالەکان لیکاوبان بۆ ئەباراند •• نەزانرا ••

پێیان‌ووت : ئەگەر مردی ؟
- من مردنم بۆ نییە !
- مامە بلە کەس دونیای بە کۆڵیا دانەداوە ••••
- من کە نەخۆشم •• چاك بوونەوەم بۆ هەیە •

بۆ جاری دەیەمین •• هەرکەسەی دایك‌و ژن‌و خۆشکی خۆی نارد ••
بەڵکو لە ژنەکەبەوە شتێ چەنگ‌کەوێ •• هیچمان نەدرکاند •• ژنەکەشی تا ئێستا سەر لە نهێنی ئەم کابرایەی دەرناکات •

سەرەتا منالانی گەڕەکەکەی خۆمان •• بەرەبەرە گەڕەکەکانی‌تر پێیان‌زانی •• دوایی‌شار بە گشتی •

بەلام •• مامە بلە هەڵنەسایەوە •• پاش دە ڕۆژ کۆکین‌و گرانەتاو لەرز •• لە قرچەی نیوەڕۆیەکدا •• کتوپڕ مرد •• نهێنی ئەم شیرینیەی لەگەڵ خۆی‌دا برد •••

تا ئێستاش منالانی گەڕەکەکەمان •• بەیانیان زوو •• بە نیازی ئەوەوە ڕوو دەکەنە مالی مامە بلە•• بەلام بە هەناسە ساردی دەگەڕێنەوە !

تێك ئالان

.. ئەمشەو دەتلێسمەوە ••

- بۆ ؟

- پاش هەزاران شەوی خەفەت‌و دەرد چی چاوەڕوان دەکەی ؟

زاوایەك‌و تازە بووکێکی شارێکی کۆیلە •• لە ژێر درەختێکی چڕدا •• لە پاڵ کەرتە شاخێکا بەرز هەڵسابوو •• هەردوو بەرامبەر خەرەندێك(١) •• باسی ڕۆژانی گری‌و گریانیان دەکرد •• زاوا تا ئەیشتە بووك •• دێوێکی کوشت •• وەئو دەرهەساد ڕووباری لە شاخێکا نەقاند •• لە قرچەی نیوەڕۆیەکدا ئەستێرەی بە خەڵکە نیشاندا •• بۆیە ئەمشەو کە لە یەکەم شەوی مانگی هەنگوینی‌دان •• سوێندی خواردەوە و دەیلیسێتەوە •

- گوێم لە موسیقایەکی خۆشە

- بەس لە خۆمان زیاتر کەس لێرە نییە •••

- پێت‌دەڵێم •• موسیقای سەماشە

- موسیقای دڵی خۆتە

- هەستەوە •• با باوەشت پیاکەم

هەستایەوە •• گرتیە باوەش •• وەکوو دوو سەماکەری باڵێ•• بە ناو بەردو دارو درکەدا دەلەنگینەوە •• سەما سەری گەرم‌کردن •• کەوتنە تریقە •• تریقەیان لە خەرەندەکەی بەرامبەریان دەنگی دەدایەوە •• پەپوولە ئاسایی •• سووکتر بووك لە باوەشی زاوا هەڵدەفڕی‌و دەگیرسایەوە •• کەمتر پێی بە زەوییەکەوە دەنووسا •• ئارەقەی یەکتریان دەلێسایەوە •• خزانە یەکتر •• چاویان بڕیبە یەکتر •• لە یەکترا خنکان •• ماندووبوون •• کە کەوتنە سەر زەوییەکە •• وەکو دوو ماری عاشق هەر بە یەکەوە لکابوون •• زیاتر چوونە ناو یەك •• لە گلێنەیاندا تەنیا وێنەی یەکتریان حەشار دابوو •• بەسەر چەقۆی کەرتە شاخەکاندا غل‌بوونەوە •• لە لێواری خەرەندەکە نزیك بوونەوە •• هێشتا هەر لە یەکترا ئاڵابوون •• نزیکتر بوونەوە •• لە لێوی خەرەندەکەش ترازان •• بۆ یەکجاری غل‌بوونەوە •• بە قووڵایی ئاسمانی خەرەندەکە کە شۆڕ دەبوونەوە •• تابلۆیەکی مەزن •• هەم ترسناکیان پێك دەهێنا •• تا بنی چەند پارچەیەکیان بە تاشە بەردەکانا مابەوە •• پاش چەند ڕۆژێك •• گەڕان بە ناوی سکی خەرەندەکەدا •• پارچە پارچە دۆزرانەوە •• بەلام چەند پارچەیەکیان هەر تێك ئالابوون !

١ - (خەرەند) دۆڵێکی قووڵەو ئەکەوێتە نێوان دوو چینە شاخی درێژو ڕووبارێش بە ناودا ئەڕوا •

Institut Kurde de Paris

هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە بردنی هونەری کوردی

بەو نیازەی کە بتوانیــن دەست نیشانی بــــاری ئەمڕۆو ئاسۆی پاشە ڕۆژی هونەری مۆسیقاو گــۆرانی کوردی بکەین لە کوردستانـدا کەروەو تەکانێکی نوێ تــــر بۆتەوەو بەبارمەتی چەنـــد شارەزایەك کە لەو بــوارەدا هیلاکی بەردەوامیان نوانـدوە توانیمان چەند لێدوانێکـــــی هونەری ساز بکەین و لـــــــە چاوپێ کەوتنێکدا سەرۆکـــی تیپی مۆسیقای هەولێـــــــر هونەرمەند ـوربا ئەحمـــەد ـ وتی :

× بە پێویستی ئەزانـــم بڵێم دەربازبون لە سەرانــای گیروگرفتەکانی مۆسیقــــاو گۆرانی کوردی بەندە بـــــە دەست نیشان کردنی هەنـدێ خاڵی سەرەکی کە بــــەلای منەوە ئەمانەن پێشـــــــــ هەموشتێك پێویستمان بـــە پێك هێنانی لێژنەیەکی بــــە تواناو شارەزا هـــەیە لـــە هونەرمەندانی کــــورد بــــۆ گەڕانێکی فراوان لە سەرانای کوردستاندا لە پێنــــــــاو دەسکەوتن و کۆکردنــەوەو لێکۆڵینەوەی سامانـــــــــی نەتەوەیی کە مەترسی لە نــاو چونیان لێ ئەکرێ و سەرجەم پێویستی یان بە لێوردبونەوە هەیە · هەروەها پێویستـــە هەوڵی نووسینەوەی دەقـــــە فۆلکلۆریەکان بدرێت بــــە نۆتەو گۆرانی ،هەروەکـــــو کۆششـــــەکەی خاتـــــو (جەلیلە جەلیل) لە کچـــە کوردێکی سۆڤیەتیـــــەو ماجستێری لە مۆسیقــــا هەیەو کتێبەکەی پڕە لــــە نۆتەو گۆرانی رەسەنی کوردی ·

× بەرای ئێوە باشترنیـە کە هونەرمەندی کورد تەنیـــا کاری هونەربێ و لە دەزگایەکی هونەری کار بکا ؟

ـمن نیازم وابو بەر لــــە پرسیارەکە باسی ئەمە بکەم · چونکە زۆربەی هونەرمەندەکانمان لە جێگەی وادا کــــار ئەکەن ، یان ژیان ناچـــاری کردون خەریکی کاروبــــاری وابن کە هەر بە تــــەواوی کارەکەیان دورە لە جەشنەی هونەری و سەرقاڵی ژیـــان کەلێ جار دووردو بەرێـزیان ئەکانەوە لە بەردەوام بونــــی کۆری هونەردا ·

× ئەی گیروگرفتی قاتو قری شیعری گۆرانی ؟

گۆرانی کوردی لەم باردوە

دنالێت · چونکە تانێســـــتا شیعری ئەوتۆمان دەگمەنـــە کە پڕ بە پێستی خۆی بــــۆ پێك هێنانی گۆرانیەکـــــی سەرکەوتو دەســـــت بدا · بۆیە شاعیرە کوردەکــــــان پێویستە بایەخ بە بــــــــر کردنەوەی بۆشایی ئەبونــــی گۆرانی کوردی وا بــــــدەن کە لە رووی شیعرەوە لاوازو بێ هێزن ، چونکە شیعــــــر بڕبڕەی گۆرانییە ·

× کردنەوەی پەیمانگـای هونەری چ کارێ ئەکاتــــە سەر بەرزبونەوەی ئاستــــــی هونەریمان ؟

ـ کردنەوەی پەیمانگـــای هونەری خۆزگەی هەموومانە ، لە پێناو ئەوەی نەوەیەکــــی هـــونــــەری نــــوێ و پــــڕ ــــــــــ ـارەزا لە مەیدانی تەکاندانی هونەری کوردی دروست بکەبــــن · هەروەها بێ کەباندنــــــــــی نەوەی نوێ و پاشـــــە ڕۆژ بەندە بەم پەیمانگایەوە بـــۆ گەیاندنی هونەری رەســـەن هەروەها هونەرمەند وریـــا ئەحمەد وتی :

ـ ناردنی هونەرمەندان بــۆ دەرەوەی وڵات پەنجەردیەکی نوێ ئەکاتەوە تا زیاتـــر هونەرمەندان لە هونـــەر بکەن و کەلك لە کـــەلتوری گەلان وەربگرن وەهەروەهـــا هونەرمەندە گۆرانـــــی بێژەکان پێویستـــە دەوردی تایبەتی ببینن .وەبە تایبەتی لە رووی شارەزایونـــــــی (سۆلفێجی) لە پاشان وتی :

ـ دڵسۆزی و کارکردنی بەردەوام و هیلاکی بــــــێ سنوورو چاوپۆشین لـــــە ماندوبوون و کۆســـــپــە هونەریەکان و یەکگرتنــی هونەرمەندان تاقـــــــە رێگەیەکە بۆ سەوزبونـــــی هەموو خەونەکانمان ·

شیرزاد عبدالرحمن

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پەروەردەی منداڵ

لەم دواییەدا یەکێتــــی نووسەرانی کورد لقـــــی سلێمانی کۆڕێکی بۆ مامۆستا ع·ع شەونم سازکـــردوو کۆڕەکەش لە لایەن کاك طاهر صالح سعیدەوە بەڕێوە برا ·

مامۆستا ·· شەونــــــم لێکۆڵینەوەکەی بــــــۆ پـــــەروەردەی منـــــاڵ تەرخان کــــردبو بــــۆ ئەم مەبەستەش ســــودی زیاتر لەچـــل ســـەرچاوەی عەرەبـــــی و بیانـــــــی جــۆر بە جۆر وەرگرتـــوە ،ئەمەش جگە لە هەڵســـــو کەوت و تاقی کردنـــــەوەی خۆی لەگەڵ منداڵاندا ، لـــەم لێکۆڵینەوەیەشدا مامۆستـــــا شەونم بە پێی تەمەنــــــی منداڵ هەر لە بەرمەمکانی ـــەوە هەتا گاکۆڵکێ و کرو گــــاڵ و داردەدارەو بێ گرتن و هـــاتن و چۆکردن و هەتا تاقــــــــی هەرزکاری و لاوێتی قســـــەی کردو بۆ هەر یەکێك لەمانـــە چەند بەڵگەیەکی دەهێنایەوە ·

مامۆستا شەونم هەر لــــەم باسەیدا وزدە وردە دەچـــوە نێو دەرونی ساوایانــــــەوەو پەردەکانی ناوەوەیانی بـــــۆ هەڵ دەدایەوە ·· بـــــۆ نموونە دەربارەی (رق) کە بە بەرامبەری انفعالی عەرەبــــی هێنابوی قسەی کــردو دای دەنا بە یەکێك لـــــــــە کۆڵەکەکانی شەخسیەتی منداڵ ·· ئەمەو دەست نیشـــــان کردنی ئەو خاڵانەی کــــــە دەبنە هۆی بێ گــــــەیاندنی (رق) بەشێوەیەکی دروست · هەروەها مامۆستا شەونم لە بەشێکی کەی لێکۆڵینەوەکـــەدا سەبارەت بە خۆشەویستــی خێزان لای منداڵ قســـــەی کردو سەرهەڵدانی ئـــــەم دیاردەیەشی لە تەمەنـــــــــی ٤-٥ ساڵیدا لای منداڵ تۆمـــار دەکرد ·

ئینجا هاتە سەر قۆناغــــی هێمنی منداڵ و ئەمەشــــــــی خستە نێوان تەمەنی ٦-١٢ ساڵیەوە کە منداڵ لـــــەم تەمەنەدا لە چاو تەمەنـــــــی هەرزەکاریدا هێمن و خامۆشەو قوتابخانەو خوێندن بـــــــە لایەوە کارێکی گرنگــــــو پیرۆزەو کوڕو کچ لــــەم تەمەنەدا بیر لە یەکتـــــری ناکەنەوە ·

باشان هاتە سەرباســــــی منداڵ و یاری کـــــــردن و دەربڕینی باری سەرنجــــــی زانایانی جیهان لــــــەم بارەیەوەلە گەڵ رونکردنەوەی روی چاکەی یاری بۆ منداڵ · لێرەشەوە بەرەو سەرهەڵدانی ئەخۆشی ورك گرتـــــــن لای منداڵ و دیاردەی ســـەر هەڵدانی سەرکردایەتـــــی (الزعامە) لە ناویانـــــــدا رۆیشت و لە کۆتایشدا ئـــەو پەندە کوردیانەی دەربارەی منداڵ و تراون مامۆســــــتا شەونم لەم کـــــــۆڕەدا هەندێکیانی بۆمان خوێندەوە·

فریا عبداللە
پ · هاوکاری لە سلێمانی

میهرەجانی فولکلوری لاوان لە دهۆك

● **لە رۆژێـت ٨-٩-٤-٩٧٩ ئێکەتیـــا گشتی لاوان تا یێ دهۆکێ کورەکا بەرفرەهـ بەست بو ستراناێت کدوردی یێت فلکلوری و خطابـــێ و هوزانا · ب راستی ئـــەڤ کارێ ئێکەتیێ سوپاسییــــە یەکەم جارە ئەڤ تخمە خرۆە بونە دەهێنە کرن لپارێزگەهـا دهوکێ ئو خەلکەکێ زور لێ کومبیت گەلەکا ژوان ژنـوی هەست ب گرنگیا فلکلـوری کرو نرخ و بهایێ وی زانی ·**

هیڤیامە ئەوە بیتە ئەکــــەر چەند کەس حو بودسـتیبن ستراانێت فلکلوری حرڤەکەن بیت هندە دێ بەرزە بــن · لڤی مەهرەجانێ روژا ئێکــێ ئرحان کربو بـۆ فلکلـــوری چەند ستران و دیلان پێشـــس کێش کرن · لڤێ حرڤەبونــێ هەبون کو یەکەم جار ئــەڤ ستران گولێ بوی · دیسان لڤێ مەهرەجانێ دیاز بـــو کوهێشتا سترانێت فلکلوری کار تێکرنەیا هەی لســـەر خەلکێ ئو ڤـــەژینــــاوان ستراناباسنا هیە هەکــــە بیچەك خۆ پێڤە بودستینن : لروژا دووێ خطابەو هورانـە پێش کێش کربـن · لڤـــێ مەهرەجانی چەند راستـــی دەرخستن یەکەم : ـ هەکـە پویتە بوان کەسیت هـــەڤ بشکی د. مەهرەجانـدا کری باش چاڤێ خوانێ کەنــــو پویتە پێ بهێتە کــــرن دی هوزانڤان و خەطیبت باشـــس دەرکەڤن · یا دووێ ئەشکەرا بو چەند کەسا هوزانــــــە ئەهاڤدیون ئو دابونــــەڤ شاکردا بناڤێ خود خویندن · بێ گومان ئەڤە کارەکێ خرابـــە شوینا بەرێ شاکردا بـــــدە نە رێکا راست دێ ڤێـــــری دزییێ ئەن ئەڤەژی بـەروڤا ژی پروگرامی لاوانە هیڤیا مــــە ئەوە چو جارید دی ئەڤـــە روینە دەنەڤە · ل دویماهیکا مەهرەجانێ ماموستا محمد مەرزوقی ئەندامێ شـعبا دهوکێ یا پارتا بەعسا عەرەبی خەلات لسەر هـەڤ بشکیـــا بەلاڤکرن ژێ داخاز کر کـــو ل مەهرەجانێت دهێن پێتـــر خو بودستینن تاکو پێش ڤــە بچن نموێت بناڤ .و دەنک ژێ دەرکەڤن ·

نامەی دهۆك

صدیق علی ئامیدی

کۆڕێکی رۆشنبیری لە یەکێتی نووسەران

وەرزێ رەوشەنبیری یـێ ئێکەتیا تورەڤانا لدهوکـــێ پێ دەست پێ کری · لســـەر داخازا ئێکەتیێ ماموســـــتا صادق بهاء الدینی محاضرەك لسەر ژیان و بـــەرهـەمـێ خودێ ژێ رازی جــــلادت بدرخان لیانا نوهە درا پێشــ کێش کر · لپێشیێ بــرادەر جعفر عبد الرحمن خێرهاتنا خەلکێ ئاماد بویــن کر ب کورتی ماموستا ب بەرهــەڤ بویا ناساندا · پاشی کــێت هنکو ماموستا صادق وجلادت بدرخان · بدەست پێ کرنـێ صادق لــــەر بنەمـــالا بەرخاناو دەورێ وان دبزاڤا رەوشەبیری و نشتمانیدا ب کورتی بەییەت · هەر وەساو بێت ژێ بنەماڵێ پێشـــانی ئەوێت خرڤە بویــــندا · ئوکوت جلادت کــوری بـــدر خان بەکێیە ناڤـــێ دایکاوی سەنیحە بـوژ نەتــــــەوا چەرکەسیو · چونکە با بێوی فەرمانبەر بو لبەرێ چەندێ · جلادت ل گەلەك خویندنگەهـا بێ هاتیە وەکوهارتن · دەوـــی چەنگێ ئێکێ روبــــدای و نوـــمالیا هەڤ بشکی ئێـدا کرجلادت کرە بەرپرســــیارێ جەبلخانێ تا کو باکو چو بو·

چەند ئەزمـــان زانـــین ئەلمانی و فرەنسی روســــــی و یونانی و فارسـی عــــەرەبی و ترکی ·

ئەڤێت خارێ بەرهەمێــت جلادت نە وەکی ماموســـــتا صادق دەست نیشان کربن ·

١ ـ ئەلف و بێ ٢ ـ پێشیا پێغەمبەری ٣ ـ مەکتـــوب ژ مصطفی کمال ٤ ـ گیروگرفتا کوردستانی ٥ ـ رێزمــانــا کوردی ٦ ـ گرامەرا کوردی ٧ ـ فەرهەنگا کــــوردی و فرەنسی · هەلبەت کوفــــارا هاوار ژی وی دەرنخســـــت دگەل دوڤە لانکاوی روناهی·

لـــە کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی

دوو چیرۆك ئەنووس و دوو رەخنەگر

● **نوری حەیران** ●

سەعات شەشی سەر لــــە ئێوارەی رۆژی سێ شەممەی رێکەوتی ٢٤ی مانگی نیسان ، کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی لە بەغدا ، لە بارەگاکـــــەی خــــۆی ، بـۆ چیـــــرۆك نووسان (حسین عارف) و (رۆوف حسن) کۆڕێکـــی چیرۆك خوێندنەوەی پێـــك هێنا ·· ژمارەیەکی زۆر لـــە رۆشنبیران و ئەدیب و ئەدەب دۆستان بۆ کۆڕەکە هاتبوون·

چیرۆك نووسان هەر یەکەیان چیرۆکێکی بلاونەکـــراوەی خۆی خوێندەوە ·· (کانی یـــە رەحمان) ئەو چیرۆکە بوو کە کاك حسین عـــارف لـــــــە کۆڕەکەدا خوێندیەوەو لـــــە لایـــەن دکتـــۆر مـــــارف خەزنەدارەوە شیکرابـــەوەو سەبارەت بە چیرۆکەکــــــە وتی : (زەحمەتە کەسێکێ بە جارێك خوێندنەوە بتوانی بە چاکی لە چیرۆکەکە بــــکاو رای تەواوی خۆی بەرامبــەر هەموو لایەنێکی دەربڕێ بۆیــە ناچارم کە زۆر بە کورتـــــــی لەم بارەیەوە بدوێم و بە هیوای ئەوەی دوای بلاو کردنـــەوەی چیرۆکەکە فراوانتر لە لایــە هونەری و ئەدەبێکانی قســــە بکەین ·· چیرۆکەکە لە چـــەند دیمەنێکدا نیشان دەدەم ··لە بن دوو تاشە بەردەوە ئاوێك دێتە خوارەوە دەبێتە جۆگا · بە دەوری ئاوابدا لــە بـــــن شۆڕەبیەکانەوە دەرژێتـــــە حەوزی مزگەوتەوە ·· ئـــەو چەنـــــد وردە ماسییـــــەی ناوجامەکــە دەخرێنــــــە حەوزەکەوە ·· زۆر دەبـــــن هەندێکیان لێ دەمرێـــــــت بەشێکیان لێ ئاوارە دەبێــت هەندێکیشیان لێ دەخورێت·· مردنی · ماسییە گەورەکــەو خەیاڵ و خەوبینینـــــــی مام ئەورەحمانە ··)

ئەوەی لەم چیرۆکــــــــە تێدەگەین دوو شتی سەرەکی یە ·· کارکـــردن و ژیـــــان و خۆشەویستی ژیان تا سنووری گیرۆدە بوون ·· دووهەمین : کۆڵنەدان ·· ئەم دوو ئامانجە بەرزوو پیرۆزە بە شێوەیەکی رەمزی چیرۆك نووس نیشانی داون ·· ئەو دیمەنە جوانانەی وەك تابلۆیەك لە رێکــــــای چیرۆکەکەوە .اچیرۆك نووس نیشانمانی دەدا ·· نیکـــاری ئەو ژیانەی ئەو جۆگە ئــــاوە لە دەوری خۆی دروســــــتی کردوە ، دارژانــــــی ئاوی بن تاشە بەردەکان و بوونــــە جۆگای و رزانە حەوزەکەیەوە· ماوەی تەمەنی ماسیــــــــە ئەوزەکەو ماســـــــــیــە بچووکەکانــــی تر ·· دوور کەوتنەوە لە کانی و مەڵبەند·· مام ئەورەحمان پاڵەوانـــــی سەرەکی چیرۆکەکەیە ··ئاوو کانی یەکە رەمزی ژیانە بۆیــــە لە وشـــــك بوون نایـــەت ، چونکە بە وشك بوونیان ژیان بۆمری ئامانج و هیوایەکـــــــی کۆتایی دێت ·· ماســـیەکان مەزن و گەورەیە بە مردنـــــی ژیان کۆتایی نایەت بەڵکـــو دوور خستنەوەیەك دروســـت دەکا ·

● کاك رۆوف حسن بـۆ ئەو کۆڕە چیرۆکی (کلۆپــــە وردە رەنگاو رەنگـــەکان)ی پێشکەش کرد کە چیرۆکێکــە لەو چیرۆکانـــەی چیـــرۆك نووس بلاوی نەکردۆتەوە ·· وا بڕیار بوو کە دکتۆر احسان فؤاد لەم چیرۆکە بکۆڵێتەوە·· بەڵام لەبەر هۆیەکی لـــــــە دەسەڵات بەدەر دکتۆر احسان نەیتوانی لە کۆڕەکەدا بەشدار بێت ئەو تێبینیانەی دەربارەی چیرۆکەکەی کاك رۆوف حسن نووسیبووی لـە لایـــەن کاك حسین عارفەوە خوێندرانەوە ·· دکتۆر احسان ·· لـــە تێبینیێکانیدا ·· دوای چـــڕو خەست کردنەوەیەکـــــی چیرۆکەکەو بەستنـــــــی جەمسەری رەمزو تابلۆکانـــی بە یەکەوە وخستنە رووی ئەو ئەنجامە بە شێوەیەکـــــی خێراو پەلە باری سەرنجــــی خۆی دەربارەیان دەر ئەبڕێ ·· ئەڵێت : (نووسەر لــــە شـــــێوازی گێڕانـــــەوەو هەڵبژاردنی ســــــەر ئـــاوو دیمەنەکاندا گەڕاوەتەوە سەر شێوازێکـــی خەســـــــــتی رۆمانسی یەت و لە مـــــەدا رووی و جێروسۆزێکـــــی داڕاکێشەری داوە بە بەســـەر هاتەکە ·· نووســــــەر لـــە چیرۆکەکەدا کلۆی بەفرو لـــە زانەوەی رەنگی کلۆبەکـــان و رەش و سوورو ســـــــــی و خۆشەویستی ئەبنە ســـــێ دیمەنی خاوێن و ناســــــك و نازدار · وەك رێبوار لـــە دوا نامەیدا ئەڵێ ·· ئێمـــە وەك ئەو کلۆبە رەنگاو رەنگانــــە واینە دەکوژێینەوەو سەر لـــە نوێ دا دەگیرسێینـــــەوە) گەڕانەوە بۆ ئەم شـــێوازە بەنتکەیشتن و هونەرێکـــــی نوێوە کە وێنەکان چڕتـــــر ئەکاو دیمەنەکان خزێـــــان ئەخەنە قسە هەنگاوێکـە لە واقیعی کۆمەڵ و شێوازەکانی کە ئەی سەپێنێ لام وایـــــە ئێمە پێشکەوتووتر نین لـەوەی نووسەرێکی بە هێـــزی وەك نووســــەری سۆڤێتــــی جەنگیز ئەتماتۆف نیایا ئـەژی کە هۆی سەرکەوتنــــــــی بەرهەمەکانی تێکەڵاو کردنــــی تابلۆو دیمەنە واقیعێکانی یەتــی بە شێوازێکی روونی ســــۆزی رۆما نسیەت ·

دوای خوێندنەوەی هـــەر دوو چیرۆکەکەو نیشان دانـــی باری سەرنجە رەخنەیەکان · بەشدارانی کۆڕەکـــە کەوتنە گفتوگۆکردن و پرسیار کردن بۆ رون کردنەوەی هەنـــدێ لایەنی چیرۆکەکان ·· ئـــەو پرسیارانەی کە بایەخێکـــــی ئەدەبی ئەوتۆی هەبوو کــــە سوود بەخش بێت لە لایـــەن کاك حسین عارف و رۆوف حسنەوە وەرام درانەوە ·

Institut Kurde de Paris

مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری

لە دەزگای گشتیی ڕستن وچنینی خوری لە هەولێر

نەهێشتنی نەخوێندەواری لە دامودەزگاکانی وەزارەتــی پیشەسازیدا گرنگیەکــی ئێجگار زۆری هەیە ٠ چونکە ئەم نەهێشتنو قەلاچۆکردنە ئاسۆیەکی نوێی فێربوونو بەرزبوونــــەوەی رادەی رۆشنبیریو کۆمەلایەتـــی لەبەردەم کرێکارە نەخوێنــدەوارەکانی ئەم وەزارەتـــە کرنگەدا دەکاتەوە هەروەهــا هێزو توانایەکی نوێشیـــان پێدەبەخشێ بۆ پەرەپێـــدانو چاکترکردنی نەوعیــــەتو زیادکردنی رادەی بەرهەمـــی پیشەسازیان ٠

لەبەر رۆشنایی ئـــــەم کرنگیەدا ٠٠ هەر لـــــە یەکەم رۆژی هەڵمەتـــــە نیشتمانیەکەوە هەمـــو دامو دەزکاکانی وەزارەتی پیشەسازی زۆر چوستو چالاکانە کەوتنە خۆئامادەکردنو هـــەمـــو ئیمکاناتو توانایەکی پێویستیان بۆ هەڵمەتەکە لەســـــوری

وەزارەتەکەدا بەردەست خست بۆ ئەم مەبەســـتە (٩١) مەڵبەندی نەهێشتنـــــــی نەخوێندەواری لـــە دامودەز ـ گای سەرجەمی وەزارەتەکەدا کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر لـــە کرێکارە نەخوێندەوارەکانـــی وەزارەت لەم مەڵبەندانـــەدا کۆکرانەوەو بەهاریــــکاریی

نێوان لیژنەی بـــــەرزی نەهێشتنی نەخوێندەواری لـــە وەزارەتی پیشەســــازیو دامودەزگاکانی وەزارەتـــــی

پەروەردەو مەجلسی بـــەرزی نەهێشتنی نەخوێندەواری ٠ هەموو کەرەسەو پێداویستو مەرجێکی سەرکەوتنـــــی

هەڵمەتەکە مسۆگەرکرا ٠

یەکێ لەمەڵبەندە چاپووکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە دەزگـــای گشتـــــیی ڕستنو چنینی خوریە لـــە شاری هەولێر ٠٠ لەپێـــناو شارەزابوون لە کاروباری ئەم مەڵبەندە چووینە دەزگاکـــەو چاومان بەماموستاو کرێکـــارە فێرخوازەکانی مەڵبەندەکـــە کەوتو ئەم گفتوگۆیەمــــان دکەڵاکردن ٠

یەکەم پرسیارمان ئاراستەی ماموســـــتا جـــــەلال حاجی رسوول کرد کــــــە بەرێوەبەری مەڵبەندەکەیە :

● ماموستا هەنـــــدێ زانیاریمان ئەدەیتێ دەربارەی مەڵبەندەکەتان ٠

ـ مەڵبەندەکەمــــان ٠ مەڵبەندەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە دەزگای ڕســـتنو چنینی خوری لەهەولێـــر لـــەڕۆژی ٢٥ـ١١ـ١٩٧٨ دا کرایەوە ٠ژماردەی کرێکــــارە فێرخوازەکانمــــــان (٦٣) فێرخوازن ٠ لە دووهێزبەدا ٠

خوێندن لە مەڵبەندەکەماندا لە سعات (٢) ی پـــــاشــن نیوەڕۆوە دەست پێدەکاتو سعات (٤) تەواو دەبـــێ ئێمە دوو ماموستایــــــن هەردووکمان دەرس دەڵێینەوەو مەڵبەندەکە بەرێوەدەبەین ٠

وەلەم ماوەیەدا خەریکیــن هۆبەی سێیەم لە مەڵبەندەکەمان بکەینەوە بــۆ (١٥) فێرخوازی تر کە بەم دواییە لە کارکەی ڕســـــــتنو چنینی خوری دامــەزراون ٠٠ بێگومان ئەوسا پێویستیمان بە ماموستایەکی تریش دەبێ ٠

● هیچ گیروگرفتیکتــان هەیە لەمەڵبەندەکە ؟

ـلەسەرەتاوە هەنـــــدێ گیروگرفتی بچوکمان هاتــە بـــەردەم ٠ بـــــەلام بە هاوکاریی نێوان ئێمـــەو لیژنەی نەقابیو لیژنـــــەی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە دەزگای گشتی رســــــتنو چنیندا ٠ گیروگرفتەکـــان هەر زوو چارەسەرکـــرانو

رشید حسین

ئیستا هەنگاوی زور فـراوان ئەهاوێین بۆ پێشەوەو لـــەو بڕوایەداین کە زۆر بەپوختـــی ئەرکی سەرشانمان بەرامبــەر بەمەڵبەندەکە ٠ چ فێرخوازەکان ٠ بەزووترین کـــــات جێبەجێ دەکەین ٠

ئنجا رووی پرسیارمـــان کردە ماموستا ـ رشید حسین احمد ـ وائیمان پرســـــی :

● ماموستا پەیوەندیتــان لەگەڵ فێرخوازەکان چۆنە ؟

ـ ئەوەی راستی بــــــێ پێشخستنو سەرکەوتنی هــەر مەڵبەندێك دەگەرێتەوە ســەر پەیوەندیی نێوان ماموســتاو فێرخوازەکان ٠ ئێمە باشـــن

ماندووبـــوونـــــی رۆژانـــەی قـــوتابخانــــەو بر اکرێکارەکان بـــاشــن ماندووبوونی رۆژانەی کارکـــە ، بەیەکتری دەگەینو هـــەر دوولامان دروشمی فێربـــوون لەپێناوی پێشخستنی نیشتمان دێنینە بەرچاوو پەیوەندیمــان لەگەڵ یـــەك رۆژبەرۆژ بەتین دەبێتو مەڵبەندەکەمان پێش دەکەوێو هــــەســـت بەماندووبوون لای هەردوولامان کەم دەبێتەوە ٠

● ماموستا ٠٠ هیـــچ پێشنیارێکت هەیە بـــۆ ئەوەی مەڵبەندەکە زیاتـــر پێشکەوێ ؟

ـ هەر پێشنیکارێکی هەمــان

جـــــەلال حاجی رسوول

زینب محمد امین

بوو لەکاتی خۆی دەرمانبریو بۆمان جێبەجێکرا ٠ ئیستا مەڵبەندەکەمان لە مەڵبەنـــدە پێشکەوتووەکانی پارێزگـــای هەولێرە ٠ لەگەڵ ئەوەشـــــن پێشنیارێکم هەیە ئەویشـــن تەرخان کردنی پاداشتـــــە چ ماددیو چ مەعنـــەوی بۆ فێرخوازە سەرکەوتووەکـــان لەلایەن کارگەوە ئەمـــــــە دەبێتە هۆی هاندانی کرێکارەکان بۆ زیاتر فێربـــوون ٠ باش گفتوگۆ لەگەڵ ماموستاکان ٠٠ روومان کردە خوشکـــە

(زینب محمد امین درویش)

کە یەکێك لە فێرخوازەکانـــی مەڵبەندەکەیە ٠٠

● خوشکە زەینـــب ٠٠ هەستت چیە کە خۆت لـــە ژووری خوێندنو فێربـــووندا دەبینی ؟

● زۆر پێخۆشحالــــم بەنەهێشتنی نەخوێندەواری لەبەرئەوەی گەلو نیشتمـــان هەر بە عیلمو زانســــــــتیو خوێندن پێشدەکەوێ ٠ ئەرکی سەرشانی هەموومانە کـــــە نەخوێندەواری لەناوبەریـــن ودپێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە هەر کەســـەو بەکەم شت لەخۆیـــــەوە دەست پێبکا بۆیە خـۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە خـۆم لە ژووری فێربوون دادەبینـم

هەمان پرسیارمان لەگــاك سلیمان مفدید سلیمان کـــرد کە ئەویش کرێکارێکـــــی فێرخوازی مەڵبەندەکەیە ٠٠ لەوەلامدا ووتی ٠

فێرەخوێنــــدەورای بوون شتێکی زۆر باشـــە ٠٠ بـــە تایبەتی بەنیسبەت ئێمـــــەی کرێکار ٠ چونکە یەکەم شـت چاومان دەکرێتەوەو لـــەرێی خوێندەواریەوە دەچینە ناو دنیای رووناکی وزانیـــن ٠٠

سلیمان مفدید

دووەم دەتوانین بەهــــــۆی خوێندەواریەوە چاکتر لـــــە ئیشوکاری رۆژانەی خۆمـان بکەینو بچینە دەوراتــــــــی میهەنیو بەرهەمی خۆمـــان زیاتر بکەین ٠ بۆیە هەســــت بەخۆشیەکی زۆر دەکـــەم کـــە خۆم لەسەر کورسی فێربوون دەبینم ٠

● باشە ٠٠ کاك سلێمان پەیوەندیتان چۆنە ؟

● پەیوەندیمان زۆر باشەو زۆر بەهێزە وەکو بــــــــرا لەگەڵمان دەجولێنەوە بەگەرمی دەیانەوێ فێریوخوێندەوارمان بکەن زۆرسوپاسیان دەکەینو هیواداریـن نموونەیان عـــەر زۆر بێت ٠

سامی عبد الفتاح

گوندە هاوچەرخەکانو سەرەتای ژیانێکی نوێ

« ـ جیاوازیەکی فـراوان لە نێوان رابوردوو نیســتادا هەیە » ئەم قسەیەمان لـــە دانیشتوانی گونــــــدە هاوچەرخەکان دەبیست لــە پارێزگای دهوك لە کاتـــی گەشتەکەماندا لەو ناوچەیە ٠

هاوولاتیەکان کەوتنــــەی رابوردویان دێتـــەوە بیر دڵ تەنگ دەبن ٠ کە پڕ بوو لــــە کارەساتو دوور لە هـــەموو پێداویستێکی شارستانـــی ٠ بەلام بە شادمانیەوە باســــی ژیانی نوێیـــان دەکــــەن ٠ ماڵەکانی ئەو گوندەی ئێمـــە سەرمان لێ دا ٠ هەمـــــوو مەرجەکانی تەندروســــتی کاردباو ئاوی پاکی بۆ زامــن کراوە ٠ قوتابخانەو مەڵبەندی لە ناوبردنی نەخوێنـەوارییو هاتوو چۆو مەڵبەندی رابــەری جوتیاران ٠

● ئیستای سلیمانی شارستانیەت ٠

لەوە بەر لە هەندێ گوندا دەژیان ماڵەکانیان لە ژمارەی پەنجەی دەست تێنەدەپەڕی ٠ ماڵەکان بلاوو لە یـــەك دوور بوون ٠ لە بەر ئەوە کەپاندنـــی پێداویستی شارستانی بـــۆ ئەو گوندانە گــــران بوو ٠ ئەوا ئەمڕۆ ئەو گوندانـــــە دەیانیان لە یەك گونـــــدی هاوچەرخی نویدا کــۆکراو ـ نەتەوەو هەموو پێداویستێکی ژیانی نوێی تیایە ٠ بۆ نموونە گوندی « باکیران » لــــــە

پارێزگای دهـــوك (٥٠٠) خانوەو قوتابخانەو مەڵبەنـــدی لە ناوبردنی نەخوێنـــەواری تیایە ٠

کاك شکری حمد شـــکری موختاری گوندەکەمان بینـی ٠ پێی وتن :

ـ خەڵکی گوندەکەمـــان خەریکی کشتوکاڵو رێـــکاو بانو دارستانن ٠ یارمەتـــی داریی چاك لە دەوڵـــەتـــەوە دراوە بە هاووڵاتیـــەکان سەرە رای ئەوە پارەی ئـــەو خانوانەیان دا وێنەتەوەکـــە لە گوندە کۆنەکاندا هەمــــان بوون ٠

● پشوو ٠٠ ژیانی شاد :

کاك شکری وتی : ئێمـــە

شادو بەختیارین بە ژیانـــی نویمان چونکە ژیانێکــــــی نوێی شارستانیەو هەمـــوو پێویستیەکانمان زامن کراوە ٠

بەم جۆرە ٠ هاووڵاتیانـــی ئۆتۆنۆمـــی لـــە شـــادیو بەختەوەریداو لە رۆژگارێکـی نویدا دەژین ٠ لە سەردەمـــی شۆڕشی حەوەدەی تەمـــوزدا کە حزبەکەمان حزبــــــی سەرکردە حزبی بەعســـــی عەرەبی سۆشیالست بەر پای کرد ٠ گەلی کوردیستا لـــە سەردەمـــــی ١١ی ئادارو ئۆتۆنۆمی هەڵویستـــــــی مرۆڤایەتی حزبی بەعســـی عەرەبی سۆشیالستدا دەژی ٠

ذکریات محمد حسن

لە شاری هەڵەبجە

ئەم چاوەڕوانی یەش بۆکۆشی کۆتایی هەنگاو دەنێ

زۆر لە مێژە دانیشتوانـی شاری هەڵەبجە چـــاوەڕێی چاك کردنو قیرتاوکردنـــی شەقامەکان دەکەن بۆ ئـــەوەی بە تەواوی لە تەپو تـــــۆزی هاوینو لە قوراوی زســـتان رزگاریـــان بێت ، ئـــەم چـــــاوەڕوانـــــی یـــە گەورەیــشـــس کەمایـــەی دڵخۆشی یەکی دانیشتوان بێ پێویستی بە بیرکردنەوەیەکـی قوڵ دەبێ بۆ ئـــەوەی ئـــەم چاوەڕوانییە کۆتایی پێ بێتو بۆنی هەناسەیەکی پاکو بـــێ گەرد سەرانسەری شارەکـــە بگرێتەوە هەر لە بەر گرنگـی ئەم مەسەلەیەو بۆ ئـــەوەی بزانین بەرەو کوێ هەنگـــاو دەنێت لە گەڵ کاك عمر عنایت ئەندازیاری سەر پەرشتیکەر کەوتینە قسەو لە ســـەرەتاوە دەربارەی چۆنیــــەتی چاك کردنی شەقامە کانی شــــاردواینو کاك عمر وتی :

● لە نەخشـــــەی ١٩٧٨ میقداری (٨٧٠٠٠) هـــەزار دینار تەرخـــان کرا بــــۆ کردنەوەی جادەیەکی نوێ لـــە شاری هەڵەبجـــــە کە چاك کردنی جادە کۆنەکانی لە کەڵ ئەبو ؛ بـــەلام منیشـــــس وەك ئەندازیارێکی سەرپەرشتـــی ئەری ئەم پرۆژەیە بیـــرم لـــێ کردەوە کە کردنــــــــەوەی شەقامێکی نوێ ئیجابیاتێکـــی ئەو تۆی نابێت کە شەقامەکانی ناو بازاڕ ئۆتۆمبێلیشـــی تیا دەرنەچێت لە بەر ئــــەوە ئەوەندەم بۆ هــــەبو لـــــە ٢٠٪سەدا بیستی ئەو پارەیــە کە ١٧٠٠٠ حەڤدە هـــەزار دینار بو لە گـــەڵ ٥٠٠٠

پێنج هەزار دینار ئیحتیـــات بۆ ئەم پرۆژەیە وەربکرم کـــە دەکاتە ٢٢٠٠٠ بیستو دوو هەزار دینار و توانیم بیکـــەم بە سەرکردنێك بۆ قیر تــاو کردنی شەقامە کانی ناو بازاڕ ئەویش بە یارمەتی بەرێــز ـ قائمقامی هەڵەبجەو پارێزەرو جێگر پارێزەرو بەرێوەبەری شارەوانی سلێمانی ، چونکـــە ئەم کارانە لە بناغەدا کەلـــێ گرنگە جیاکردنەوەی پرۆژەیەك لە پرۆژەیەکی ترو بۆ هــــەر یەکێکیشیان بەئەندە زێکـــی تایبەتی بۆ دانرا بێ ٠ بـــەلام هەر وەك وتم بە یارمەتــــــی لێپرسراوانی بەرێز توانیـــم ئـــەم کـــارە بهێنمـــــــە

عمر عنایت

کایەوە کە هیوای چـــەنـــد ساڵەی دانیشتوانــــــــی شارەکەیەو با بەمەبەستێکـــی تر بە شتێکی کەمە لەو هـــەموو هیواو ئامانجانەی کە خەڵکـی شارەکە چاوەڕوانی دەکەن ٠

● هەر دوا بە دوای باسـن کردنی چۆنیەتی پرۆژەکــــە دەربارەی کاتی دەست پـــێ کردنیو تەواوبونیشــــــی قسەمان کردو کاك عمر وتی: ئەم پرۆژەیە لە رۆژی ٢٠ـ٢ـ ٩٧٩دەستی پێ کراوە وبڕیار وایە ماوەی تەواو کردنـــی پرۆژەکــــە ١٥ رۆژ بێــت بە مەرجێ تەرو توشــــــی

دەستی ئیش کردنمــــان نەبەستێت ٠

ـ کاك عمر ئەم پرۆژەیــە هەموو شەقامەکانی شــــار دەگرێتەوە ؟

● نەخێر ـ وەك لـــــە سەرەتادا ڕونم کردەوە ئـــەم پارەیە خۆی بۆ کردنـــەوەی جادەیەکی نوێ دەرچو بـــەلام ئێمە ئێرەمان بەلاوە پێویستر بو لە بەر ئەوە ئەم قیرتـــاو کردنە تەنیا ١٠٠٠٠دە هەزار تا ١٢٠٠٠ دوانزە هـــەزار م٢ لە شەقامەکانی ناو شـار

دەگرێتەوە واتە ١ر٧ کم بـــە درێژی ناو شار ٠

ـ ئەی باشە چۆن بیر لەم مەسەلەیە دەکەنەوە ؟

● ئامانجمان ئەوەیە لـــە داهاتودا بە تایبەتی لــە پلانی ئەم ساڵدا ئەگەر هەندێـــك پارە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت لە گەڵ توانایەکــــی دڵسۆزانەدا بە قیرتاو کردنی هەموو شەقامەکانی ناو شـار کۆتایی بەم پرۆژەیە بێنین ٠

جەباری حاجی کەریم

پ ـ هاوکاری لە هەڵەبجــە

هاوکاری وکۆمەڵانی خەڵك

● بۆ بەرچاوی کارگەی شەکری سلیمانی

لە کاك (ئاراس عبدالرحمن عبدالله)ە وە لە ئامادەیــــی کشتوکاڵی بەکرە جـــۆوە نامەیەکمان بۆ هاتوە :

ئەم نامەیە ، باســــــی گیروگرفتێ دەکا ٠ کـــــە توشی بەرهەمی کشتوکاڵــــی جوتیارەکانی گوندی «عەوال» دەبێ لە خوار کوســـتەی چەمەوە نزیك بەکرە جـــۆ ٠ کە نزیکەی ٤٠ ماڵێــك دەبێو گیروگرفتەکەش لەوەوەیــە کە کارگەی شەکری سلیمانی٠ کاتێ ئەو چەوەنەرەی لە شەکر دروست کردندا بـە کــاری دێنێ ؛ پاکـــی دەکاتـــەوە ، دەرمانو پیسایـــی پـــاك کردنەوەکەی فرێ دەدەنـــە ئاوی قلیاسان ، جوتیارەکانی ئەو دێیە کە ئـەو ئاوە بـــۆ ئاودانی کشتوکاڵەکانیان بـــە کار دێنن ٠ هەستیان کـردوە ئەو دەرمانو پیسایـــەی تیکەڵ ئاوەکە بوە ؛ زەرەر لــە بەرهەمیان دەدا ؛ نامەکـــە دەڵێ : خەڵکی دێی عـــەوال عەریزەیان لـەم بارەیـــەوە داوە بە کارگەی شـــەکری سلیمانی بەلام تا ئیستا چارێ بۆ گیروگرفتەکەیان نەکراوە ٠

هاوکاری : هیواداریــن کارگەی شەکری سلیمانـــی وەلامێکی لاهەبێ ٠

★ × ×

● گیرو گرفتی شەقامو شوفێرەکانی هەڵەبجە !

کاك ئازاد علی حسین لـــە هەڵەبجەوە لە نامەکەیا سکالا دەکا لە دەست قەرەباڵغـــــی شەقامەکانی شاری هەڵەبجەو نەشارەزاییو ســـــەرەرۆی شوفیرەکان کە وای کـــردوە بە دەگەن روو دەدا کارەساتی لێکدانی ئۆتومبیل روو نـەدا٠ ئەم هاووڵاتیە هوی ئـــــەم گیرو گرفتە دەبەستێتەوەبە :

ـ نەبوونی دائیرەی مـرور شەقامەکاندا رێك بخات ٠ کە هاتو چـــوو لە ســـــەر

ـ زوربەی شوفێرەکـــان ناشینو دەڵێ لە ٦٠٪ یـــان ئیجازەی لێ خوڕینیان نیــە !

لێپرسراوانـــی قـــەزای هەڵەبجە بە تایبەتــــیو بەرێوەبەرێتی پولیسی هاتــو چۆ لە سلیمانــــی بەلکــو بەتەقەللای دڵسۆزانـــەیـان چارێکی مەسەلەکە بکەن ٠

● نامەیەك لە ناحیـــــەی شارەزوورەوە :

نامەکە هاووڵاتی شـــیخ محمود فرج لە گەرەکـــــی شــــەهیدان لە ناحیـــەی شارەزوور نامەیەکـــی ناردوە نەبوونی زێرابێ گیـــــرو گرفتی ئاوو کارەبا هیـــوای ئەوە دەخـوازێن لێپرسراوان لەم بارەیەوە سەرنجێکــــی هاتنە دەست لە باری ئـــەو گەردکە بدەن ٠

Institut Kurde de Paris

ساتێك لەگەڵ بەستەو مقام

ئازاد عەبدوللا سدیق

مایەی بەختەوەرییە لەم چەند ساڵەی دواییدا جمو جوڵێکی خێراو پڕسوود کەوتۆتە جیهانی هونەری کوردییەوەو ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکان چاکی خزمەتکردنیان کردووە بە لاداو ڕۆژ بە ڕۆژ کتێبی هونەری هەمە چەشنە کتێبخانەی کوردی دەخەمڵێنێ ... دیارە بەمەیش هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی ئەو ڕایەی بێگانەکان دەدرێت کە دەڵێن. (گەلانی ڕۆژهەلات زیندوو کوژی مردوو پەرستن) کە گەلی کوردیش دەگرێتەوە .. بۆ ئەم مەبەستەیش ئەوەتا ڕۆژی چەندین چاوپێکەوتن و وتو وێژ لە ڕۆژنامە وگۆڤارو ئێزگە کوردییەکاندا سازدەکرێ و کتێب و نامیلکەی هەمەجۆر لە سەر هونەرمەندان دەردەچن ... ئەمەیش هەنگاوێکی پیرۆزو پڕشنگدارە

کاك (عوسمان شارباژێری) یش لەم ڕۆژانەدا کتێبێکی نایابی بە ناونیشانی (بەستەومقام وکۆمەڵێك گۆرانیبێژ) دەرکرد کە بریتییە لە ٦٠ لاپەڕەی قەوارە گەورەو (٢٦) بیست و شەش گۆرانیبێژی گرتۆتەوەو کورتەیەك لە ژیانی هەریەکەیان و برێك لە هەڵبژاردەی گۆرانی- یەکانیشیانی نووسیوەتەوە ... ئەوی شایانی باسە ئەم کتێبە بەشی یەکەمە ، دیارە لە پاشەڕۆژدا بەشەکانی دی بە چاپ دەگەیەنێ .

بەڕاستی کارێکی پڕبایەخ و ئەرکێکی پیرۆزو باشی کێشاوەو ماندووبوونێکی دڵسۆزانەی نواندووە .

بێگومان کار بێکەمو کوڕی نابێ .. بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا وەکو (غەسان کەنەفانی) هێژای قارەمانی فەلەستینی لەم بارەیەوە دەڵێ :- (هەمیشە هەوڵی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی لە لایەن گەلێك لەگەلە کانەوە ئەو کاتە بە تەواوی زانستی پشت بە سەرچاوەی زۆرو هەمە چەشنە دەبەستی ... هتد) تاوەکو ئێستاش سەرچاوەی باش و مەودای گەڕان و بەدەست ڕاگەیشتنی زۆر لە هونەرمەندان گەلێك کزەو هەزاران لەمپەر دێنە ڕێگەی ئەو کەسەی کە دەیەوێ هەوڵی لێکۆڵینەوە یان دانانی کتێبێك بدات لە سەر ئەو هونەرمەندانە ، بێجگە لەمەش باری ئابووری و گیروگرفتی چاپ و بڵاوکردنە وەیش دەبنە هەڵدێرێکی گرنگ لەبەردەم نووسەردا .

بەداخەوە لە کتێبەکەی کاك (عوسمان شارباژێری) دا هەندێك کەمو کوڕی بەدی دەکرێن کە دەیتوانی بە سەریاندا زاڵ بێ و نرخی هونەری کتێبەکەیش پتر دەبوو و زیاتر خزمەتی دەگەیاند .

منیش وەك خوێنەرێکی کتێبەکەو هونەردۆستێك گەرەکمە باری سەرنجی خۆم بخەمە ڕوو بۆ کاك (عوسمان)، کشت خوێنەران .

★ فەرامۆش کردنی چەند هونەرمەندێکی هێژاو بلیمەت و پێشەنگی بەناوبانگی وەك :- (سێوە، مەلاکەریم، مریەم خان ،ڕەفیق چالاك، ساڵح دیلان، ،عەزیزی شارۆخی ، ڕەسوڵ کەردی ، خەلیلی سدیقی ، ئایشە شان . حەسەن جەزراوی ...هتد .

هەرچەندە ئەشێ بۆ بەشی تری کتێبەکەی هەڵگرتبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو کە وا ئەم هونەرمەندانەی لە بەشی یەکەمدا دابنایە شوێن و جێگایەکی هێجگار بڵندیان لە هونەری کوردیدا هەبەو خزمەتێکی زۆریشیان لەم مەیدانەدا گەیاندووە دڵسۆزانە وەك پەروانەی شەیدای چرای هونەری کوردی سووتاون ...زیاد لەمەیش تەمەنی هونەرییان گەلێك لە هەندێك گورانیبێژ زیاترەو پلەوپایەی هونەریشیان فرە لەوان بڵند ترە .بۆ نموونە (فوئادئەحمەد) ، جەلال کۆچەر ، عوسمان عەلی ، قادر ئەحمەد ، یەحیا مەرجان ، حەسەن دڵسوز شەوکەت ڕەشید ، محەمەد قەدری ، ...هتد) لەگەڵ ڕێزما بۆ ئەم گۆرانیبێژە خۆشەویستا نەبێ بەڵام پێویست بوو لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا بوونایە .

★ بە شێوەیەکی زۆر کورت لە ژیانی هونەرمەندەکان دواوە بۆ نموونە (محەمەدی مامڵێ) ی بەم چەند وشەیە باسکردووە :- یەکێکە لە گۆبندە شارەزاکانی گۆرانی کوردی بەستەبێژێکی ڕەسەنی کوردییە ... خەڵکی شاری (مەهاباد)ە ... کە هونەرمەندێکی وەك (مامڵێ) زیاد لەمە هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ و ئەگەر پتر خۆی ماندوو بکردایە دەیتوانی تەواوی ژیانەکەی دەست کەوێ، لای زۆر لە هونەردۆست و ڕۆشنبیران بۆ نموونە مامۆستا (نووری وەشتی) زانیارییەکی باشی هەیە دەربارەی ...مامۆستا نوریش ئەندامێکی کارامەی (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی- مەڵبەندی گشتی سلێمانی)یە . هیوادارم بۆ چاپی دووەم مامۆستا (عوسمان) ئەمە ڕەچاو بکات و ئەم خاڵەشم تەنیا بە مەبەستی خزمەتی هونەری کوردی خستە پێش چاوی خوێنەران .

★ باشتر وابوو گۆرانیبێژەکانی بە پێی پلەو پایەو تەمەنی هونەری هەڵبژاردایە یان بە پێی سەرەتاو سەرهەڵدان و گەشەکردنی گۆرانی تۆمارگراوی کوردی بوایە بۆ نموونە (سەید عەلی ئەسغەر) یەکەم کەس بووە کە گۆرانی کوردی لە سەر قەوان تۆمارکردووەو دوابەدوای ئەویش (مەلا کریم)و (سێوە)و (کاویس ئاغا و (مریەم خان) و عەلی مەردان)و (حەسەن جەزراوی) و ....هتد.

ئیتر هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ کاك (عوسمان شارباژێری) دەخوازم و ئاواتەخوازم بەم نزیکانەیش بەشی دووەمی کتێبەکەی پێشکەش بکات

پەراوێز

١ - بەستەو مقام و کۆمەڵێك گۆرانی بێژ-بەشی- شارباژێری چاپخانەی ڕاپەڕین یەکەم ١٩٧٩ عثمان سلێمانی

٢ - غسان كنفاني-الاثار الكامله المجلد الرابع ادب- المقاومه في فلسطين المحتلة ١٩٥٨-١٩٦٦ ل٢٩ .

دار الطليعه -بيروت

٣ - بەستەو مقام و . . ل ٢٦ .

خۆڵەمێش

نووسینی

مەنوچیهری ئاتەشی

ڕوءوف بێگەرد لەفارسیەوە

کردویەتی بە کوردی

داخ ئەی ژووره ساردو سڕەکە
تۆ وەجاخی ئاگری ئەندامی ئەو بوویت
تۆیش پێخەفی بە تاسە
شەوێك لە داوی تۆدا بوو
چەند شەو ئارەزووم کرد
بێ ئاگا بێت و دەست بخاتە گەردنم
بۆ ئەوەی بۆنە خۆشەکەی لەشی
هەناسە بەبەر بێگیانەکانی ئێرەدا بکاتەوە
گرفتارەکانی ئێرەی وەك دڵی من
بەشادیەوە قەفەزەکانیان بشکێنن
لەژێر داوێنیا گوڵی فەرش بێتە سەما
ماچەکانم : گەردی سەفەر لەسەر ڕووە خەندانەکەی بشواتەوە

نیگای برینداری وێنە بیمارەکەم
کە سەرسام بە کۆختەکەمدا هەڵئەڕوانێت
بنیشێت

ئاوێنەی وێنە هەراسانەکە
هێمن بێت
داخ : ئەی ژووری ساردو سڕ
وەك ئەشکەوتێکی تاریك
دڵت ئاگری گوڵە گەرمەکانی بەیانی تیا نییە
تۆیش پێخەفی درۆین
هەورێکی سەنگ ساردیت و
ترپەی مانگ لە پەناو پاسارتا نادرەوشێتەوە
ئەگەر ئەو ئێستا بەبانێکە
داخ : من شەوێکی بێ ئەستێرەی ئێرەم
ئەگەر ئەو ئاگرێکی گەرمی ماڵانە
من لێرە خۆڵەمێشم .

خۆشم ویستی بەڵام مێژووی عەشقم نەدەزانی

تۆ منال بووی ....
هەموو جارێك کە چاوە شین و قژە زەردەکەت
پڕخۆڵ دەکردو
ڕوخسارت تەڵخی دەنواند
من تێك دەچووم
کە خۆڵ دەچووە چاوەکانت و ژانی دەکردو دەگریای
بیرت نیە منیش لەگەڵ تۆ دەگریام
هەر لەوساوە کە منال بووین
من تۆم خۆش ویست
بەڵام گیانە نەم دەزانی عەشق چۆنە
تۆ منال بووی
منیش وەك تۆ
هەموو جارێك خۆڵم بەسەرتا دادەکرد
تاکو بگری و فرمێسکی چاوت بسڕمەوە
بت نووسینم بەسینگمەوە
بۆ ئەوەی مێژووی عەشقت فێربم
گیانە من خۆشم دەویستی
کە گەورە بووین
چاوکانت لە ئاستما نەکردەوە
نە نەهێشت چیتر خۆڵ بکەمە ناو چاوانت
تا فرمێسکت بسڕمەوە
نەتهێشت چیتر بە باوەشمت بنووسێنم
تاکو مێژووی عەشق فێربم

کە دەمبینی
کە دەتبینم
چاوی شین و قژی زەرد
وردە خۆڵی گۆڵانەکمان دەبینم
پێ دەکەنن
بۆمان دەگرین

بۆ پەپولەی نەمەنی عەشقێکی سواوامان دەگرین
لەگەڵ ڕۆژگار لە شەوەی باڵیان داو فڕین
خۆ ئەو بەژنەت لەسەر نەرمی سینەمێکا
هێشتا نەبووە بە پاسەوان ... نەچەماوە
دەودرە خۆ لەمنالی ئاشنای تۆمەو
ئاشنای منی
دەوەرە خۆ لە منالی من فرمێسکی چاوەکانتم
فرکردووە ...
دەوەرە خۆ لەرێژنەی تەڕەو بارانی منالێت
من کورتەکم بۆت کردووە بەکەپرۆکە ...
ئەی بۆ نایەی . خۆ من ئێستاش وەك منالی خۆشم دەوێی
ئێستاش فرمێسکت لە چاوان دەسڕم ...
ئێستاش گوڵ بۆ بەرۆکت دەچنم ..
ئێستاش بۆ بەژنت دەبمە چەترو ڕێ لە کاروانی باران دەگرم
ئەی بۆ نایەی خۆمن ئێستاش بەسنیگمەوە دەت نووسێنم
تا نە گریان گر دەبێیەوە
ئەی بۆ نایەی خۆ ئێستاش وەك منالی خۆشم دەوێی

ناظم دڵبەند
زستانی ١٩٧٩

هونەرمەند .. کۆمەڵ .. چەرخ

فؤاد حسين احمد

پەیوەندی هونەرمەند بە کۆمەڵ و ڕووداوەکانی چەرخەکەیەوە پەیوەندییەکی بە هێزو پتەوە ... ئەو کوڕی کۆمەڵەو بۆ ئەو ئەگەڕێتەوە .. هەست و دەستیان ئاوێنەی یەکتری ئەبن و بە گیان و سۆزو دەرون و ویژدانەوە دەست لە مل یەکتری ئەکەن و ...ئنجا ئەو نوێنەری کۆمەڵەو چەرخەکە دەنوێنێ ((بە تایبەتی کاتێك ئەو هونەرمەندە پابەندی ئەو بزوتنەوە سیاسییە ئەبێت کە تیایدا پەروەردە ئەبێت و گەشە ئەکات و ئاوێنە بوونی ڕاستەو خۆیی بە پەیوەندییە شۆڕشگێڕییەکانی و کارتێکردنی هەمیشەییانەی دەرئەنجامەکانی ئەم بزوتنەوە سیاسییە ، وەك هوشیاریی و سوود بوون و پێداگرتن لە سەر ڕێگای بنیات نانی شورشگێرانە . وەك گۆڕانی کۆمەڵی نوێ ، کامڵ و پوختە دەبێتەوە .

بەڵام دەبێ مەسەلەکە ڕەوتێکی جدی و دەست پێشکەرییەتی ڕاستەقینەی ئەوتۆ وەربگرێ کە لە ناخی هونەرمەندەوە هەڵبقوڵێ ، بە شێوەیەك داهێنان بهێنێتە کایەوەو ڕۆتین و ڕێ و شوێنی چاو لێ کەری و شێوازی جارس کارانەی دووبارە بووەوە بخاتە لاوە .

سەرەڕای ئەمە پێویستە باوەش بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ڕاستەو خۆ بکاتەوە لەگەڵ جەماوەرداو لە هەموو بۆنەو دەروفەتێکدا بەشداری بکات .. ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کە ئەبێتە مایەی بەپیربوونی بیرو ڕۆشن بونەوەی دەروونی و بیرێکی ڕوونی پێ دەبەخشێ دەربارەی سروشتی کارەکەی و کە ئەمەش وای لە سەر پێویست ئەکات هەمیشە لە جەماوەرەوە نزیك بێت و بە شێوەیەکی لە بار کارو بارەکان دەربڕێ .. ئەمەش تەنیا لە ڕێگای ئاوێتە بوون لە بۆتەی ژان و نەستی ئەم جەماوەرەوە بۆ هونەرمەند دێتە کایەوە ..

ئەو قوناخەش کە ئێمە پێیدا تێدەپەڕین و قسەی لێ دەکەین .. قۆناخێکی وردە.. قۆناخی گۆڕانی سوشیالیستی- یانەیە . قوناخی بنیات نانە . قۆناخی شۆڕش و بەرەنگار بوونی دوژمنان و قۆناخی هوشیاریی و ئاگاداریی و بە ئاگا بوونەو ، ئنجا قۆناخێکە داوامان لێ ئەکات کە کاری بێ پسانەوەو بەشداری کردەوەییانە بکەین لە پتر کردنی بەرهەمدا .

هونەرمەندی هوشیارو بە ئاگاش . ئەوەیە کە بە قوولی لەم ڕێ و شوێنە ئەگات و ئەبکۆڕێ بۆ دۆخ و واقیعێکی هەست پێ کراوو بە پێی مەرامی شۆڕش کۆمەڵ بەرەو پێش ئەبات . کەوا بوو . دەوری هونەرمەند و. دەوری سەرباز لە سەنگەردا لە کاتی شەڕی شەرەف و ئابڕودا .. لە یەکتری جیاواز نین هونەرمەندیش لە وەرگێڕانی واقیع و پێشبینییەکانی پاشە ڕۆژی پڕشنگداردا دەورێکی دیارو بەرچاوی هەیە ، لەگەڵ ئەوەدا کە پەیوەندی بە ڕاپەڕینی سەرتاپاگیرانەی ڕدناکبیری و زانستی و ئادەدانیەوە هەیە ... بە تایبەتی ئەو لایەنەی کە مەودا نەتەوەییەکان دەنوێنێ و کەوەستاویی و سڵ و دوودڵی ڕادەماڵێ و هوشیاریی و کۆڵ نەدان و پشت ساردنەبوونەوە لە کارو پراکتیکدا دێنێتە کایەوە لە پێناو داهێنان و تێگەیشتن و پەرەسەندنی شارستانیانەدا .

ئەمەش شتێکە ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ (چونکە هونەر پەیامێکی گرنگی هەیە .. هونەر جۆرێکە لە کاری داهێنەرانەی کاریگەر کە هونەرمەند تیایدا بەخششەکانی قۆناخە مێژوویەکەی ئێستاو پوختەی گۆڕانە شورشگێڕە سەرکەوتووەکانی بزوتنەوەی ئەم مێژووە دەردەبڕێ) .. کە وا بوو هونەری ڕەسەن ، هونەری ئامانجدار لەگەڵ شۆڕش و جەماوەردا دەڕوات و لەبەك خاڵ و ئامانجیشدا بە یەك دەگەن ...

کۆن و نوێ لە ئەدەبدا

محمد ڕەنجاو

لەگەڵ هەڵهێنانەوەی ئەو هەنگاوانەی کە مەبەست لێیان یاخی بوونە ئەدەبیش وەك بەشێك لە ژیانی مرۆڤ شان بە شانی ئەوان لە بەرەو پێش چووندایەو ، جیاکردنەوەی ئەمە لەو حەتمیەتە کارێکی نەگونجاوی ئەو سەردەمەمانە چونکە (مرۆڤ گیان لەبەرێکی کۆمەلایەتیەو ، بەرهەمی ئەدەبیش لە جوڵانەوەو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا هەڵدەقوڵێ و لەگەڵ هەوڵدانی مرۆڤ بۆ پێش خستنی سروشت گۆڕانی بەسەردادێت) و ڕێکە ئەدەبیەکانیش ئەو ڕاستیەیان ساغ کردۆتەوە . بەلای هەنگرانی بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازانەوە ئەدەبی نوێ لە خۆیا پێویستیەکی مێژوییەو پەیوەندی بە سەردەمەوە هەیەو ئەوەی شیعری نوێش لە جوڵانەوەی ئەو ئەدەبەدا دەیبینێ هیچ کاتێك شیعرێکی پێش سەردەمەکەمان نەیتوانیوە ببینێ و، لەمەشدا نیازی شکاندن و نرخ پێنەدانی شیعری پێش سەردەمەکەمانمان نیە بەڵکوو ئەو شیعرەی ئیمڕۆ دەنووسرێ تەواوکەرو کەرەسەیەکی لەیەك نەبڕاوو یەکانگیری دوێنێیەو ئەمانیش لە کات و شوێنی خۆیان و بە پێی تواناو هۆشی سەردەمەکەی خۆیان خزمەتی خۆیان کردووەو ، ژیانیش بە چەندان جار پێش کەوتووەو ئەدەبیش بەشێکی گرنگ و لێك دانەبڕاوی ژیانە کەواتە پێویستیە ئەویش بە چەندان جار پێش بکەوێ و ئەو ئەدەبەی کە ئیمڕۆ هەیە ئەگەر لەوەی دوێنێ بووە باشتر نەبێ ئەوا ئەو پێویستیە مێژوییەی لەسەربەتی تاوانباری دەکات. بۆ نموونە کاتێ شاعیرانی پێش سەردەمەکەمان باسی گەردوونیان دەکرد لە بەرهەمەکانیاندا مانگیان دادەنا خەیاڵیان لە سەر باڵی پەری و هاوچەشنەکانی ڕاگیراوەو وایان بە زەوی هەڵادەگوت کە لەسەر پشتی گاو ماسیە بەڵام شارستانیەتی ئیمڕۆ لەناو مانگدا گەشت دەکات و هەموو زەوی بۆ کردوین بە تۆپێك و قوتابیان وانەی لەسەر دەڵێنەوە ، کە واتە پێویستە ئەو ئەدەبەی ئیمڕۆ هەیە یەکەو هەزار ئەو ئەدەبەی دوێنێ جێ بێڵێ ئیمڕۆ وا باسی زەوی نەکات لەسەر پشتی گاو ماسیە بەڵکوو زەوی وەها ببینێ کە ئامێرێکەو لە ژێر دەستی مرۆڤدابەپێی بەرژەوەندی خۆی هەڵی دەسوڕێنێ ئەمە لە لایەکەوەو لەلایەکی ترەوە ئەگەر تەماشای شیعری کۆن بکەین دەبینین بەشی هەرەزۆری لە پێناوی ڕوخساردا ناوەرۆك دەدۆڕێنێ و دیلی چەند پابەندێکی وەك کێش و سەروایە کە ئەمەش لادانە لە جوهەرییەتی ڕازو ویستەکانی شاعیر خۆی . ئەدەبی پێش سەردەمەکەمان لە کاتێکا هەڵقولاوە کە گۆڕان وەکوو ئەم سەردەمە خێرا نەبووە هەر بۆیەشە ناتوانێ ئاوات و ئازارو گیروگرفتی ئاڵۆزکاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەربڕێ چونکە زۆربەی لە هەست و سۆزێکی کاتیەوە سەری هەڵداوەو لە چوارچێوەی زاتیەتدا دەخولێتەوە ، هەروەکوو جان جاك ڕۆسۆ کە مامۆستاو ڕابەری ئەم ڕێبازەیە دەڵێ : (من لەو باوەڕەدام کە هۆش (العقل) لە گەڵ سروشتی مرۆڤدا ناگونجێت !! مرۆڤی هۆشمەند وەك ئاژەڵ وایە ،من مرۆڤێکم خۆش ئەوێ ئەم هۆشە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە) ئەم ڕێبازە ڕۆمانسیە وا لە مرۆڤ دەکات کە لە ژیانێك دووربێ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەبێ و هۆش و هەستی خۆی تەنیا لە پێناوی خەیاڵدا تەرخان دەکات ، زۆر جار بەرامبەر بە سەرهاتێکی تایبەتی تەنیا بە فرمێسك هەڵوێستی خۆیان دیاری دەکەن .

بەڵام ئەدەبی نوێی شۆڕشگێڕ ..ئەو ئەدەبەی لە ژان و ئازارێکی قووڵەوە سەری هەڵداوەو بەرەو ئاسۆیەکی گەش مل دەنێ و خزمەتی زۆربەی جەماوەرە ڕەش و ڕووتەکە دەکات و زاتیەتی شاعیرو دەسەڵاتی زۆرداران دەوری تیانابینێ و لە هەموو ڕەشبینییەکی کاتی بە دورەو بەڵکوو هەروەکوو خۆیان لەو جەماوەرەن نووسینەکانیشیان هەمان ڕەنگ و بۆ وەردەگرێ ، ئەدەبێك واقیعەتی ژیانی سەردەم نیشان دەداو لە تازەترین و کاکڵەترین ووشەی ڕەسەن دارژاوەو ئەدەبی نوێ بە چاوێکی گەشەوە تەماشای گشت جیهان دەکات و ئاسۆی دووری پێ ئەبینێ و بەرچاو تەسکی دوێنێی توورە داوەو هەموو گەلێکی چەوساوەو مەسەلەکەی بەهی خۆی دەزانێ چونکە باش لەوە گەیشتووە کە دوژمنی هەموو لایەك ڕژێمی سەرمایەداری و بەرچاو تەسکیە .

بەڵام زۆر جاریش جۆرە پرسیارێك بەرەو ڕووی شاعیرە لاوەکانی سەردەم دەبێتەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە تا ئێستاش بە واقیعەتی شیعری نوێ مێشکیان زاخاو نەدراوە کە دەڵێن ... شاعیرە لاوەکانی سەردەم دروشمی هونەر بۆ هونەریان توڕداوەو دروشمی هونەر بۆ جەماوەریان بەرزکردۆتەوە لە کاتێکا جەماوەری سادەو ڕەش و ڕووت لە جەنجالیەتی شیعری نوێ ناگات و خۆیان بە ڕەمزیەت و تەموموژەوە بەستۆتەوەو ، ئەو جەماوەرەی ئەو شیعرەی لە بەرژەوەندی دادەنرێت زیاتر لە نیوەی تێ ناگات . بەڵێ لە کاتێکا شاعیری نوێ داوای ووشەی نوێ و بیری نوێ و کرداری نوێ ئەکات و ئەیانخاتە قاڵبێکی هونەرییەوەو هەوڵ لە پێناوی بەرەوپێش چونیدا

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

ئەوە نەتەوەیەی مێژوویەکی پڕشنگداری هەبێ لە پاڵەوانێتی ئەبێ تواناى ڕووبەڕووبوونی تەنگوچەڵەمەی هەبێ «پاشماوە»

بەو بیروباوەڕەیان بێننەوە پێش چاوتان کە شەهیدان لە پێناویا بە ئازایەتی دەجەنگان ، کاتێك رابوردووی کۆن یاد دەهێننەوەو دەبینن ئینگلیز کە دەسەڵاتی ئیستیعماریان بە شێوەی ئیستیعماری کۆن کشایەوە لە چوار چێوەی دورگەکانی بەریتانیادا گیر بخوات‌و هەن کە لێیان دەترسن ئەی ئەوە چۆنە کە دەسەڵاتیان نەوەی ئەم سەرزەمینەی داپۆشیبوو گومان لەوەدا نی‌یە هەر کەسێك کە خۆشەویستێکی لە کیس بچێت دەبێت نیگەران بێت بەڵام بە دڵنیای‌یەوە ئێوە کاتێك رابوردوو دەهێننەوە یاد هەست بە نرخی ئەوە دەکەن کە هەر یەکەتان شەهیدێکتان هەبێت ؛ شەهیدێکی هەبێت لە مێژووی کۆندا تۆمار کرابێت بەڵام لە گیانیدا لەگەڵ هەموو دەستکەوتەکانی ڕێگای نوێدا دەجووڵێتەوە . دوای ئەوە جێگری بەڕێز لە گەڵ خێزانی شەهیدەکاندا کەوتە گفتوگۆ دەربارەی وێنەی جوانی شەهیدەکان‌و قوربانێکانیان وەئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو تەقەلاو قوربانی‌و گیان بەخشەی شەهیدەکان پێشکەشیان کردووە ئەو ڕێگایە بووە کە تێکۆشەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست گرتوبانە .

خێزانی شەهیدەکان ڕێزی گەورەی خۆیان بەرامبەر سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش نیشان داوە ئەو چاودێری‌یە گەورەیەیان هەڵسەنگاندووە کە بەڕێز سەرۆك‌و بەڕێز جێگر بەرمباریان نیشانی داوە .

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا خێزانی شەهید محمود سلمان دیاری‌یەکیان پێشکەشی بەڕێز صدام حسین کرد کە ئەویش بریتی‌یە لە دوا نووسینی شەهید کە چەند سەعاتێك پێش لە سێدارەدانی نووسیویەتی .

ئا . د . ع

هاوڕێ عبدالفتاح محمد امین — پاشماوە

بە هاوكاری‌کردن لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستیندا پێکی هێناوە . کۆنگرەکە لە مەسەلەی فەلەستین‌و ئەو خەباتە دەکۆڵێتەوە کە گەلی فەلەستین بۆ سەندنی مافی ڕەوای خۆی‌و گەڕانەوەی بۆ خاکی زەوت کراوی دەیکات ؛ هەروەك لە دۆخی هەوکردووی ناوچەی عەرەب دەکۆڵێتەوە ، بەتایبەتی دوای ڕێکەوتنەکەی کامب‌دیفدو ڕێکەوتنی خۆبەدەستەوەدان لە نێوان ڕژێمی سادات‌و قەوارەی زایۆنیزمدا .

هەندێ هەواڵ — پاشماوە

ئەو دەزگایانە هەفتەی ڕابردوو چەند شوێنی گشتی‌و چێشتخانەیان داخست ؛ لە مانە یانەی فەرمانبەران‌و ناناواخانەی محمد صالح نریمان‌و شیرینی فرۆشی‌ی محمد صالح احمدو حاجی عباس عبد الرحمن وسێ چایخانەکە هی شوکت عزیزو محمد قادر احمدو ولی علی لە دانیشتوانی شاری سلێمانین .

هەر وەها ئینزاریان دا بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی تر بۆ ڕەچاو کردنی پێویستی تەندروستی لە ماوەی چوار ڕۆژدا .

● هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی شاروانی دهۆك قۆنتەراتی قیرتاو کردنی کۆمەڵێك شەقامی ناو خۆو مەڵبەندی خزمە تکوزاری‌و تەندروستی دا بە قونتەراتچی ناوخۆ .

لەم پرۆژانە کە ئەم ساڵ تەواو دەکرێن ؛ دە شەبەکە ڕێگای ناوخۆ کە لە مەڵبەندی قەزاو ناحیەکاندا دەکرێن‌و سەیرانگەو باخی گشتی لە شاری دهۆك هەردو ناحیەی سەرسەنگ‌و کانی ماسی‌و مەڵبەندی تەندروستی لە قەزای سمێل ، شایانی باسن . هەر وەها دوو بازاڕی عەسری لە دهۆك‌و مانگێش‌و بینایەك بۆ فرنی ئۆتۆماتیکی لە قەزای عەمادیەی تێدایە .

● لقی شەریکەی ئۆرۆزدی‌باك لە پارێزگای سلێمانی ، هەفتەی ڕابردوو چەند هەرەوەزی فرۆشتنی ڕاستەو خۆی بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانی لە قەزای دوکان‌و هەڵەبجە وناحیەی سیروان‌و ناوچەی قەشقۆڵی ڕێکخست .

ئەم هەرەوەزانە بەشێکن لە نەخشەیەك کە لقی شەریکەکە بۆ پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان ، دایناوە .

● بەڕێز قایمقامی قەزای عەمادیە . هەفتەی ڕابردوو پیشانگەی هونەرە تەشکیلیەکانی قوتابیانی قوتابخانەکانی قەزاو ناحیەو دیهاتەکانی سەر بە قەزاکەی کردەوە کە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکە ڕێکی خستوە .

ئەوەی شایانی باسە . پیشانگەکە بریتی‌یە لە وێنەی دەستکێشی منداڵان‌و تابلۆی زەیتی‌و شتی دەستکردی درومان‌و گرێ چنی‌و چنینی‌و فەرشی دەستچن‌و هەڵکۆڵین لە سەر تەختە .

بۆ جێبەجێکردنی (پاشماوە) — پاشماوە

لەسەر بایەخدان‌و چاودێریکردنی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشە بۆ ڕۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

● **لە سلێمانی**

لەپارێزگای سلێمانیش کۆتایی بە ئیجراکانی پێویست بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك لەپرۆژە گەشتوگوزارو بەرژەوەندیەکان لە پارێزگاو پرۆژەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی گوندە عەسریەکان هێنرا .

بەڕێز جێگری پارێزگار ئەمەی ڕاگەیاندو گوتی کەوا مەلیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ بنیادنانی ئۆتێلێکی گەشتوگوزاری‌و ٢٠٠ هەزار دینار بۆ ئۆتێلی گەشتوگوزاری دوکان‌و ١٧ مەلیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی جادەی بازنەیی بۆ دەوروبەری سلێمانی‌و ناوچە سەوزە گەشتوگوزاریەکە سەرەڕای پرۆژەی ئاوی سلێمانی کە ١٧ مەلیۆن دیناری تێدەچێت .

هەروەها گوتی ئەو پرۆژانەی کە تایبەتن بە زیادبوونی بەرژەوەندیەکانی کە بۆ گوندە عەسریەکانی پارێزگاکە پێشکەش دەکرێن دامەزراندنی پرۆژەکانی ئاوو کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیری‌و پرۆژەکانی مەجاری‌ی ئاو دەگرێتەوە ، سەرەڕای بەرژەوەندیە تەکمیلیەکانی تر کەوا باشترین بار بۆ ڕۆڵەکانی گوندە عەسریەکان ئامادەو مسۆگەر دەکەن .

تاتشر یەکەم ئافرەتە دەبێتە سەرۆك حکومەت لە ئەورووپاو بەریتانیادا

ئەلیزابس شاژنی بەریتانیارووی لە مارگرێت تاتشری سەرکردەی پارتی محافیزانی بەریتانیا ناوە بۆ ئەوەی وەزارەتێکی نوێ پێك بهێنێ ، ئەویش دوای ئەوەی کە پارتەکەی لە هەڵبژاردنی گشتی‌ی بەریتانیادا دەرچووە .

ئەوە بوو حکومەتەکەی جیمس کە لاهان ڕۆژی هەینی ڕابوردوو ئیستیقالەی خۆی پێشکەش کردووە بە هۆی ئەوەوە کە پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردنی گشتیدا نەیتوانی دەرچێت .. پارتی محافزینی بەریتانیا بە دەنگێکی ئیجگار زۆری هەڵبژێردەران لە هەڵبژاردندا دەرچووە . بەو جۆرە تاتشەری سەر کردەی ئەو پارتە یەکەم ئافرەتە لە ئەورووپاو بەریتانیادا کە سەرکردایەتی حکومەت بکات . ئەوەی شایانی باسە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕابوردوو جیمس کالاهان ئیستیقالەی خۆی داوە بە ئەلیزابس شاژنی بەریتانیا بەهۆی ژێرکەوتنی پارتەکەی لە هەڵبژاردنی گشتی‌ی بەریتانیادا .. لە کاتێکدا تاتشر چوتە چاوپێکەوتنی ئەلیزابس شاژن بۆ ئەوەی ڕووی پێ هێنانی حکومەتێکی نوێی لێ بنێت ؛ ئەوە بو شەوی هەینی ڕابوردوو ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی‌ی بەریتانیا خرایە ڕوو .. لەو هەڵبژاردنەدا پارتی محافیزبن لە سەرجەمی (٦٣٥) کورسی پەرلەمان توانیویەتی (٣٣٩) کورسی وەرگرێت . پارتی کرێکاران (٢٦٨) کورسی وەرگرتووە‌و پارتی ئەحرار (١١) کورسی ؛ وەئەو کورسیانەی تریش هەندێك پارت‌و کۆمەڵە سیاسێکانی تری بەریتانیا وەریان گرتووە .

تەقینەوەی بۆمبایەك
لە شاری ڕامالڵەی زەوت کراودا

خاکی زەوت کراو - ٢ - ئا . د . ع

ئەمڕو لە بەری ڕۆژ ئاوا لەشاری ڕاماڵڵەی زەوت کراو بۆمبایەك تەقیوەتەوە .. سەرچاوەکانی پۆلیس وتویانە هۆی تەقینەوەکە بۆمبایەکی لەوجۆرانە بووە کە کاتی تەقینەوەیان بەهۆی ئامێرێکی تایبەتیەوە دیاری ئەکرێت .. تەقینەوەی بۆمباکە بۆتە هۆی بریندارکردنی دووکەس . . پۆلیس لەم بارەیەوە هەر ئەوەندەی وتووەو هیچی تری زیاد نەکردوو .

لەچالاکیەکانی (پاشماوە)

ئۆتۆنۆمی کوردستان پڕیەتی لە هەوڵ‌و تواناى گەورە کە پێویستە بایەخیان پێ بدرێت لە پێناوی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تێگەیشتوی پێشکەوتوودا بۆ پاشە ڕۆژ .

پاشان لە لایەن هاوڕێ صباح عبدالله حسین سەرۆکی ڕێکخراوی پێشڕەوان لە سلێمانی وتارێك خوێندرایەوە تێیدا داوای ئەوەی دەکرد کە ڕۆژ بەڕۆژ پێویستە زیاتر بایەخ بە لاوەکان بدرێت هەروەها چەند خاڵێکی تێدا دەست نیشان کرد وەك ئەو سەرچاوانەی باوەڕیان پێ دەکرێت بۆ ڕۆشنبیر کردنی پێشڕەوان لەگەڵ دەست‌نیشانکردنی لێپرسراوو هۆکانی ڕوشنبیر کردنی پێشڕەوان . دوا جار لە لایەن هاوڕێ عدنان احمد حسن لێپرسراوی هوشیاری نیشتمانی نەتەوەییەوە لە ڕێکخراوی پێشڕەوانی سلێمانی وتارێك خوێندرایەوە . شایانی باسە لەم کۆنگرەیەدا کە بە دوو دانیشتن کۆتایی پێ هێنرا ئەم لیژنانە هاتنە کایەوە :

١ - لیژنەی لێکۆڵینەوەی تاکەکانی هوشیاری نیشتمانی‌و نەتەوەیی .

- لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن .

٣ - لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی کاری ڕۆشنبیری .

٤ - لیژنەی لێکۆڵینەوەی نەخشەی مەکتەبی ڕۆشنبیری مەڵبەند . دیسانەوە .هەر لەم کۆنگرەیەدا . چەند بڕیارێکی گرنگ‌درا لەمانە :

١ - ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تایبەتی لە ئیستگەو تەلەفزیون بۆ پێشڕەوانی لێ هاتوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا .

٢ - پەرەپێدان‌و ڕێکخستنی ئیش‌وکار لە نێوان یەکێتی‌و ئەو دایەرانەی کە پەیوەندیان پێکەوە هەیە . هەروەها زیادکردنی زانیاریی سەبارەت بە شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووزو پارتی سەرکردە . پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ؛ لەگەڵ هاندانی وزەی ئەدەبی لە نێو پێشڕەواندا بۆ بەشداری کردنیان لە کۆڕە جۆربەجۆرەکانیاندا ..

٣ - زیادکردنی باسی ئافرەت لە هەرسێ قۆناخەکانی تەمەنی پێشڕەواندا .

بە تەلەفۆن لەپەیامنێری هاوکاری‌یەوە لە سلێمانی
فریا عبدالله

دروستکردنی (پاشماوە)

لەلایەکی‌ترەوە . وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری‌دا ڕوپێوێکی سەرتاپاگیری سامانی ئاژەڵ‌بکا لە ناوچە بیابانی‌و نیمچەبیابانی‌و پاوانە سروشتیەکاندا .

دەستەی گشتی هەرەوەزی کشتوکاڵی لە بەرتیشکی ئەم ڕووپێوەدا ؛ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاری تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ ئامادە کردوە بۆ پەرەدان بەم سامانەو پوختە کردنی .

جگە لەمە ؛ بنەڕەتی لەم بوارەدا دانراوە و بانقی کشتوکاڵی هەرەوەزی قەرزدەدا بە ئەو کۆمەڵانە کە ئاژەڵیان هەیە تابتوانن ئاژەڵ‌و کەرەستەی تایبەتی بۆ بەخێوکردنی‌و فرۆشتنی بەرووبومی بکڕن‌و بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت شوێن‌و ڕێی تایبەتی داناوە .

چین : هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزمدا پێك‌ناهێنین

کوێت - ٢ - ئا . د . ع

باڵوێزی چین لە کوێت ئەوەی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە چەسپاوەیەتی کە هیچ جۆرە پەیوەندیەك لە گەڵ قەوارەی زایۆنیزمدا نەکات .

ئەمڕۆ لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامە نووسیدا ئەوەی وتووە .. کە وڵاتەکەی پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستیندا هەیە .

ئوردن (پاشماوە)

کاتە دیاری کراوانەدا بەجێ گەیاندووە کە کۆنگرەی بەغدا لەمەوبەر دیاریی کردبوون .

ئەوەی شایانی باسە بە کۆمەڵی ئەو دوو کەرتە بارمەتی‌یەی کە تا وەکو ئێستا داوێتی‌بەو وڵاتانەی کۆنگرەی بەغدا بۆی بڕیبوونەوە گەیشتۆتە ٣٣٤ملیون دۆلار .

بڕیارەکە ئەوەی پێویست کردووە کە وڵاتانی عەرەب لە پێشکەش‌کردنی بارمەتیکانیاندا دەست پێشکەری بکەن‌و بە سێ جار لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەو پارەیەی کەوتۆتە سەریان بیدەن .

تورکیا سەرلەنوێ داوای کشانەوەی زایۆنی دوژمن دەکات لە خاکە زەوت کراوەکاندا .

تورکیا سەرلەنوێ ، داواکاری خۆی دووپات کردۆتەوە سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی زایۆنیزم لە سەرجەمی خاکە زەوت کراوەکانی عەرەب . لەگەڵ باوەڕ هێنان بە مافی ڕەوای گەلی فەلەستیندا .

ئەمەش لەو کۆنگرە ڕۆژنامە نووسیەدا خراوتە ڕوو کە ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لە مەدرید غەندۆر ئوکجین وەزیری دەرەوەی تورکیا کردبووی . ئەویش بە بۆنەی ئەوسەردانە ڕەسمی‌یەوە کە لە ئیسپانیای داوە ؛ هەروەها وتویەتی .. تورکیا ڕێگای ئەوە نادات کە بنکە سەربازیکانی ئەمەریکا لە تورکیادا دژی وڵاتانی ناوچەکە بەکار بێت ؛ چونکە تورکیا نایەوێت ببێتە نوکی ڕمی دژی ئەم وڵاتانە . وەسەبارەت ئەو پرسیارەی دەربارەی قوبرس لێی کراوە .. وتویەتی . . تورکیا هەمیشە داوای ئەوە دەکات کە بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە چارەسەری ئەو تەنگوچەڵەمانە بکرێت کە لە دورگەکەدا ڕوو دەدات ئەویش لە ڕێگای گفتوگۆی ئەو دوو تایەفە تورکی‌و یونانی‌یە وەکە لە دروگەکەدا نیشتەجێن و ئەو مەسەلانە والێ نەکرێت بگاتە ناو کۆڕی وڵاتان .

کوشتنی یەکێك لەوانەی بەکوشتنی شلایر تاوانبار کرابوون

ڕۆژی شەممەی ڕابورووددەزگای پۆلیسی ئەلەمانیا ئەوەی بڵاو کردۆتەوە کە ئەلیزابیس فۆن دیك کوژراوە ، ئەم ئافرەتە یەکێك بو لەوانەی بە فراندن‌و کوشتنی هانزمارتن شیلابر لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ دا ، تاوانبار کرابوو .

پۆلیس وتوویەتی .. ئەم ئافرەتە تەمن -٢٨- ساڵە دوای ماوەیەکی کەم بەگەیشتنە خەستەخانەی مردووە . بەهۆی ئەو بریندار بوونەیەوە . کە پۆلیس لەشاری هامبورگ ویستی‌وبەتی بەزۆر خۆی‌بکات بەماڵەکەیدا ..

پۆلیس هەر لەم بارەیەوە وتویەتی . ئەلەزابیسی یەکێکە لەو شەش کەسەی کە پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێت ؛ لەبەر بوونی پەیوەندیان بەکوشتنی شلایرەوەوون .

کۆن‌و نوێ — پاشماوە

دەدات ، هەر لەوکاتەشا هەوڵ لەپێناوی بەرەوپێش‌چونی ئاستی ڕۆشنبیریەتی جەماوەردا دەدات‌و ستراتیژیەتی شیعر ناوەرۆکێکی بەپیت‌و شێوەیەکی هونەری بەرزە بەڵام شاعیرە نوێیەکان لەگەڵ هەمووستراتیژیەتێکا تاکتیکێکی هونەری بۆ دائەنێن‌و شاعیریش لە نووسینی شیعرەکەیدا بەپێی ئامانج‌و کات‌و شوێن تاکتیکەکەی بەکادێنێت بەڵام مەرجیش نیە تا هەتایە ئەو ڕێگایە بکاتە پەرستگاو لادان لە سەری تاوان بێت بەڵکوو شاعیر لەسەر ڕۆیشتنی تا ماوەیەکە تا ئاستی زانستی جەماوەر بەرز دەبێتەوە چونکە ناشێت تەنیا شیعر بەگشتی دابەزێتە سەر مستەوای جەماوەر (بەڵکوو بۆ ئەوەی هونەر لە توانای‌دا هەبێت لە جەماوەر نزیك‌ببێتەوەو جەماوەریش لە توانای‌دا هەبێت لە هونەر نزیك‌ببێتەوە پێویستە هەوڵ‌بدەین مستەوای زانست‌و خوێندەواری بەگشتی بەرزبکەینەوە) بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوەی ئیمڕۆ دەنوسرێ‌و دەخرێتە بەرچاو بە ئەدەبی ڕەسەن‌و هاوچەرخ‌و نوێبوونەوەی ناو بنێین بەڵکو ئێستاش زۆر بەرهەم لەسەر حسابی بەرهەمی ئەدەبی نوێ بە شیعر یان وەکوو هەندێکیان دەڵێن پەخشانەشیعر دەخرێنە بەرچاو بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەدەبەکەی تریشمان بێ‌پێز بکات .

چالاکی ڕۆشنبیری — پاشماوە

● هۆڵی قوتابخانەی کوێژەی کچان لەسلێمانی پێشانگایەکیان کردەوە بۆدوو هونەرمەندی لاوی عەرەب کە خەڵکی پارێزگای بابل بوون پێشانگاکە بەڕێز بهجت عزت حمە صالح قائمقامی مەرکەزی سلیمانی کردیەوەو دوو ڕۆژی خایاند .

● بەردەوام لە هەموو هۆڵ‌و نادیەکانی سلێمانیدا فلیمی سینەمایی پیشان‌ئەدەن‌و هەر شەوە لە شوێنێکی گشتیدا سینەمایەك ئیش پێ ئەکەن‌و هەمووان بۆیان هەیە ببینن

● لەم هەفتەیەوە قافڵەیەکی ئیعلامیان ئەچێتە دەرەوەی پارێزگا بۆ قەزاو ناحیەکان‌و سەرئەدەن لە کتێبخانەو تۆمارگاکانی ئەو ناوچانە بۆ ڕێك خستن‌و سەرپەرشتی کردنیان .

لە نامەیەکدا «پاشماوە»

سادات تەنیا خۆی‌و خاکی عەرەب‌و سامان ڕێگا ئاویکانی نەفرۆشتووە، بەڵکو لەبەردەم داگیرکاری‌و دەست‌درێژو دوژمنایەتی زایونیزم‌وکردارەکانی ئیمپریالیزم دژی گەلی عەرەبی فەلەستینی‌و جیهانی مسوڵمانەتی چۆکی‌داداوە .

هەروەها وتوویەتی .. ئێمە دەمانەوێت بۆ برایانی عەرەبمانی دووپات بکەینەوەکە ٧٥ ملیۆن کەس لەگەلی پاکستان بەتەواوی‌و بەتوندی‌ئەو ڕێکەوتنە پڕ لە سەرشۆڕی‌و نابروبەرەی ڕەفزدەکەن‌کە ساداتی ئەڵقە لەگوێ جێبەجێی کرد ئێمە سەرلە نوێ ئەوە دووپات دەکەینەوە کە جیهانی مسوڵمانەتی ئامادەیە تا دوا دڵۆپی خوێنی لە پێناوی ڕزگاری فەلەستیندا بەخت‌بکەن . سەرۆکی ڕێکخراوەکە لە کۆتایی نامەکەیدا ڕەفزی هەموو عەرەبی بەرامبەر ئەم ڕێکەوتنە پڕ سەرشۆڕیە نیشان‌داوە .

ئ . ا . د . ع

هانۆی : ١٢ تابوری چینی‌ی لە سەر سنوورە

وەزارەتی دەرەوەی ڤیتنام ئەوەی ڕاگەیاندووە کە چین دەتابوری ئامادەی شەڕی لەسەر سنووری ڤیتنام هێشتۆتەوە .. ئەمە لەو بەیاننامەیەی وەزارەتی دەرەوەدا ئاشکرا کراوە کە ئاژانسی دەنگوباسی (تاس) دوێنێ بڵاوی کەدۆتەوە ، ئەوەی تیادا دیاری کراوە کە چین (١٢) تابوری لە نزیك سنووری ڤیتنامەوە مۆڵ داوە ، سەرەڕای کەرەسەیەکی هەمە جۆری شەڕ بەتایبەتی زرێلی‌و تۆپی گەورە ؛ بە د ... ی ئەو سنوورەی کە هاوبەشە لە نێواز چ ... ڤیتنامدا .

هەروەها وتوویەتی . . سەرکردایەتی چین حەشارگای سەربازی‌و ڕێگاوبانی ئامادن‌کردووە بۆ مەبەستی بەکار هێنانی لە شەڕدا .

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی - بەرنامەی ڕەنێو هێنان ئەمینداریەتی گشتی کاروخانەسازی قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٥-١٩٧٩ بۆ دروستکردنی کارگەی چاککردنی مەکینەو ئامێر لەدهۆکدا .

لەبەر بەرزبوونەوەی ئەو نرخانەی کەوا لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە پێشکەش کراوە بڕیارمان دا سەرلەنوێ بۆزانینەکە بڵاوبکەینەوەو بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

١ - ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەڵبەندی ئەم‌بەڕێوەبەرێتی‌یە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (٢٥) بیست‌و پێنج دینار دەست‌بکەوێت کەوا نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکڕێت کاتێك ئەوەی قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ .

٢ - دوا ماوە بۆ پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لەیا پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣-٥-٧٩ ئەبێت . و ئەدرێت بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەڵبەندی ئەم‌ئەمینداریەتی‌یەدا .

٣ - ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا هەبن :

أ - بارمتەی سەرەتایی بە دە هەزار دینار لەگەڵدابێت لەشێوەی کەفالەتی بانق ، یا چەکێکی مۆرکراودا بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بو ئەم ساڵ تازەکرابێتەوە .

ج - بەرنامەی ئەوکارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان (پلەی حەوتەم) بۆئەوەی بتوانێت بەشداری بکات لەوقۆنتەراتە بەپلەیەك لەپلەکەی خۆی بەرزتر بێت .

٤ - هەرتەندەرێك لەکاتی دیاری‌کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یا هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت‌گوێ دەخرێت .

٥ - ئەم‌بەڕێوەبەرێتی‌یە بەوەوە پابەندنی‌یە نزمترین تەندەر لەرووی نرخەوە یان هەرتەندەرێکی‌تر قبووڵ بکات .

٦ هەررۆژێکی دواکەوتنی کار (٥٠) پەنجا دینار سزائەدرێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان .

٨ - پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەوقۆنتەراتچیەی کەوا قۆنتەراتەکەی بۆدەرچووە .

٩ - پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بەتەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ - تەندەرەکان ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن بەهیچ ئەژمێردرێت‌و پشت‌گوێ دەخرێت .

١١ - لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکە پشت بە مەرجە گشتی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەمیەوە ئەبەسترێت .

١٢ - هەر سڵ‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچی لەنێو تەندەرەکەوە بنووسرێت ڕەفز دەکرێت .

١٣ - پێویستە قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی بۆدەرئەچێت ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر دابنێت‌و بەدەوامێکی تەواو ئیش بکات .

١٤ - پێویستە قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ عەمبارێك یا چەند عەمبارێك بۆ پاراستنی جیمەنتو ئامادە بکات .

شیروان علي امین
ئەمینداری گشتی کارو خانە سازی .

Institut Kurde de Paris

ئەم کاتەت باش

ئازاد محمد ئەندامێکــی زیرەکی تیپی - زیرەك -ەکە لەم ساڵانەدا کەوتۆتە کــارو چاوەڕوانی پاشە ڕۆژێکـــی گەش لەم تیپەدا بـــەدی ئەکرێ ٠

کاك ئازاد ئەڵێ :

- تیپی زیرەك لە ئەنجامی هەوڵو کۆششی بـــەردەوام ، توانیویەتـــی لە هـــەردو میهرەجانی چالاکی قوتابخانە-کانو لاوانی باکوردا بە یەکەم تیپێکی هونـــەری خـــەڵات وەربگرێ ٠

× ئایا قوتابیەکان بـــە شێوەی زانستی فێـــری مۆسیقا بون ؟

- بێ گومان لە ئەنجامـــی خۆماندو کردنی مامۆستایانەوە لەسەرەتاوە قوتابیەکان فێری نۆتەی مۆسیقا بونو بـــە شێوەیەکی زانســـــتی بەردەوامین ٠

× ئەی بەرهەمەکانـــی داهاتوتان ؟

- ماوەیەکی دورە خەریکی ئامادە کردنی چەند بەرهەمێکی مۆسیقا وگـــۆرانین بـــۆ تەلەفزیۆن ٠



دوو هونەرمەندی کوردی سوری

حمە سعید حمە کریم — پ٠ هاوکاری

● **لە جەژنەکانی ئازارو نەورۆزی پیرۆزی ئەمسالدا لە سەر شانۆکانی سلیمانیو لە کاتی ئاهەنگەکانـــدا دوو برای هونەرمەند ناو بە نـــاو لە گەڵ تیپی مەولـــەوی‌دا دەرکەوتنو گۆرانیـان دەوت** ٠٠ منیش پرسیارم کردوو لە ئەنجامدا زانیم ئەم دوو برایەلە برا کوردەکانی سوریـــانو بۆ ئـاوەدان کردنـــــەوەو هاوبەشی کردنی ئاهەنگەکانی نەورۆزی ئەمساڵ هاتونەتـــە کوردستانو لە هەولێـــرەوە هاتونەتە سلێمانی ٠ منیش بەفرسەتم زانیو ئـــەم چاو پێکەوتنەم لەگەڵدا کردن ٠

● **لە سەرەتادا داوام لـــێ کردن کە یەکە یەکە خـــۆیان بە خوێنەران بناسێنن ٠**

× منِ ناوم محمد امیـــن کریم وکوردمو لە قامشلـــی سوریا دائەنیشمو ســـالی ١٩٤٩ لە دایك بووم ٠

× منیش ناوم محمـــود عزیز شاکـــرەو کـــوردمو خەڵکی رأس العینم لــــە سوریاو ساڵی ١٩٥٠ لە دایك بووم ٠

● **روم کردە هونەرمەنـد کاك محمد ئەمینو لێم پرســی لە نێوان ئەو ئاهەنگە هونەریانەدا کـــە هاوبەشیت کـــردن باری هونەری ئێستای کوردستـــان چۆون بینی ٠**

× سوپاس بۆ هـــەوڵو تەقەلای هونەرمەندانـــــی دڵسۆز لە کوردستاندا کـــە توانیویانە باری هونـــەری بگەیەننە رادەیەکی سەرکەوتوی وا کە شانازی پێوە بکـــرێو ئەتوانم بڵێم هونەر لە شاری سلیمانیدا شایانی هەمـــو شتێکەو بە تایبەتی هەو لـــی دڵسۆزانەی هەردوو تیـپ ، تیپی مۆسیقای سلیمانـــیو تیپی مۆسیقای مەولەوی کـــە توانیویانە هونەری گۆرانیو مۆسیقای کوردی بگەیەننـــە ئەم رادە سەرکەوتوە ٠

● **کاك محمود ئێـــوە دوا رۆژی هونەری کوردی لـــە عراقدا چۆن ئەبینن ؟**

× دوا رۆژێکـــی روناكو گەشو زیاتر پێش ئەکـــەوێو داهێنانی زیاتر ئەبێو خـــۆ خەریك بوونو خۆ هیـــلاك کردنی هونەرمەندان تەنهـــا بە ئیشوکاری هونـــەرەوە باشترین دوا رۆژ مسۆگـــەر ئەکات ٠

● **باشـــە کاك مخمـــود سەرەتای ژیانی هونەریـــنت چۆن بوو ؟ ٠**

× لە ســـالی ١٩٦٣ دا یەکەم گۆرانیم بە ناونیشانی (گولێ زاریم) تۆمار کرد بۆ ئێستگەی کوردی بەغـــداو ئیتر لەو کاتەوە بـــەردەوام خەریکی هونەر بووموو لـــە سوریاش گەلێ ئاهەنگی میللیو جەماوەریم ساز کـــردوەو لەم دوایەشدا هاوبەشـــی ئاهەنگێکی رەسمیمان کرد لـــە سوریاو گۆرانیمان تیـاووت ٠

● **دەربارەی بەرهەمەکانی وتی :-**

× هەتا ئێستا نزیکـــەی ٢١ گۆرانیم بۆ ئێستگـــە تۆمار کردووەو ١٠ گۆرانیشم لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووەو هەمووشیانم لە ئێستگەکانـــی عێراق تۆمار کردوون ٠

● **کاك محمد ئەی تـــۆ سەرەتای هونەریت کـــەی بوو ؟**

× سەرەتای دەست پـــێ کردنی هونـــەریم لە گـــەڵ هونەرمەند کاك محمودا بوو ٠ جونکە کاك محمود خالمـــەو هەر ئەویش هانی دامو وای لێ کردم کە لەگەڵ هونـــەردا دەست تێکەلاو بکـــەمو وازی لێ نەهێنمو هەتا ئێستاشـــ نزیکەی ٦ شەش گۆرانیـــم تۆمار کردوە بۆ ئێستگـــەی بەغداو چوار بۆ تەلەفزیۆنـــی بەغدا ٠

● **باشە برایـــان دوای ئەوەی لەگەڵ هونەرمەندانـــی کوردی عیراقـــــدا**

پێك گەشتنو پێکـــەوە چونە سەر شانۆ هەســـتان بە چی کرد ٠

× لە پێشەوە وتمـــان هونەرێکی بەرزوو بالایـــەو ئەمجارەمان لە هەمـــوو جارەکانی تر دلخۆشتر بووینو هەستمان بە کارێکـــی زۆر پیرۆز کرد کە رادەی هونەرمان لەم بارە چاکەدا بینـــیو هەستمان بە تیشکێکـــی بەهێزی پێش خستنـــی هونەری گۆرانیو مۆسیقـــا کرد ٠

ڕێ ڕەو

بیرو باوەڕی راســـتی مەبدەئیو مەوزوعیمـــان ئەوێ ؛ بیروباوەڕی هەڵەی نامەبدەئـــیو نامەزوعـــی ئەتانەت ئەگەر لـــــە قۆناخێکداو لە کەرتێـــك لە کەرتەکاندا زوربـــەی خەلکیشی لەگەڵدا بـێ ٠ نامانەوێو رێگای راســـت ئەگرین ٠ ئەمەیـــــە مەنتیقی کـــــاری شۆڕشگێڕانە ؛ بـــەم شێوەیە لە مەبدەئەکانـــی حزبەکەمانەوە فێربووین ٠

هاوڕێ صدام حسین

لە هولیو ێنەگـــــرە فۆتۆگرافیەکان

دەزگای وێنەی فۆتۆگرافیو یەکەم پیشانگای ساڵانەی

● **لەم دوایەدا مامۆســـتا سعد قاسم حمودیٚ وەزیـــری راگەیاندن یەکەم پیشانگـــای وێنەی فۆتۆگرافی چەند وێنە گرێکی وەزارەتی راگەیاندنی کردەوە کە لە چوار چـــێوەیٚ ئاهەنگەکانی ولاتدا بـــو بە بۆنەی بیرەوەرێ ســـیو دوو ساڵەی دامەزراندنـــی حزبە بەعسی عـــەرەبـــی سۆشیالیستەوەبوو ٠**

پیشانگاکە ، کە لە هولـی کۆمەلەی وێنەگرە فۆتۆگرا - فیەکان کرایەوە هەنگاوێکی پێشکەوتو بوو لەم بـــوارە هونەریەداو نزیکەی دوو مانگ لەوە بەر خۆیٚ بۆ ئامـــادە کراوەو بەرێز وەزیـــری راگەیاندن خۆیٚ یارمەتیەکـی زۆری ئەم پیشانگایەیٚ داوە وێنەکان لەو لایەنـــــە کۆرنکاریە سۆشیالیستانەیٚ بەرچاو دەخست کە لـە رووی پیشە سازیو کشتوکـــالو رۆشنبیری‌یەوە ولاتی گرتۆتەوە لە ماوەیٚ تەمەنی شۆڕشـــی ١٧ یٚ تەموزیٚ پێشکەوتنخوازیٚ مەزندا ٠

دیسان هەندیٚ وێنە رۆژاسی خەباتی سەرکردەکانی حزبـی دەنواند وەك ئەو بەندیخانەیٚ جێگری بەرێز تیایـــدا دیـل کرا بوو ، لە پاڵ وێنەکانـی کونفرانسی بەرزی عـــەرەبو ئاسۆی پەیمانی نیشتمانـیو دەستکەوتەکانی شۆڕش لـــە ناوچەیٚ کوردستانو دەستکە- وتەیٚ ئۆتۆنۆمی ؛ هەروەهـا بەر لە پیشانگاکە نومایشێکـی سلایدات کرا لە هولـــــی مۆزەخانەیٚ نیشتمانی کـــە (١٦٠) سلایدیٚ دەربـــارەیٚ ناوچەیٚ کوردستانی عـــراق تیا پیشان درا هەمـــــور لایەنەکانی دەستکەوتەکانـــی شۆڕشی دەنوانـــد بـــۆ کۆمەلانی گەلی کورد ، لە دوایدا ؛ هاندانی ئـــەم جۆرە پیشانگایانە ئـــەو پێشکەوتنە دەنوێنیٚ کـــەلو ولاتەکەمان دەیبینیٚ لـــــە سای رابەری شۆڕشـــو حزبی سەرکردەدا ٠

ذکریات محمد حســـن

سەمای بەفری ئێواران

کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری لاو جلال بەرزنجی بـــــە ناونیشانی «سەمای بەفـــری ئێواران» لەم دوایـــــەدا دەرچوە ، کە بریتی‌یە لە چلو چوار پارچە شیعری شاعیرو لە دیوانێکی حەفتا لاپەڕەیـی تەوارە گەورەدا دەرچـــوەو ئەمە یەکەم بەرهەمـــــی چاپکراوی ئەم شاعیرە لاوەیە کە لەساڵی ١٩٧٠ بەیەکـــەم هەنگاو هاتە دنیای بەرینـــی شیعر ٠ جلال بەرزنجی ساڵی ١٩٥٣ هاتۆتە دنیاوەو ئیستا مامۆستای سەرەتاییە ٠

جیهانی منالان

نامەی هاوڕێیانی جیهانی منالان

خوێنەرانی بەڕێز : شاکـر کاکل ، ئاواز عبدالله ، عبد الکریم علی بەنگین عزیـز ، اسماعیل حسن ، طـــارق غفور ٠ فؤاد جعفر لە هەولیرو ئازاد محمد ٠ کامل محمود لە هەلەبجەو علی محمود ،ئـازاد عباس لە کەرکوکو پەیمـان علی ، برهان رحیم لـــــە سلیمانی ببورن ئەو شیعـرو چیرۆکانەی ناردوتانە بـــۆ جیهانی منالان ، یــــان بلاوکراونەتەوە ، یان بەکەلکی بلاوکردنەوە نەهاتوە ، بـەلام ئەمە مانای پەیوەندی برینو وەستانتان نەبێو چاوەڕێی چاکترین ٠ ٠

بەنگی نوێ

ڕیویەکـ کولە باڵیکی لـــە کاروانیەكـ دزیبو بەیانـــی توش کوێخا دێیەكـ هـــاتو لی‌ی پرسی : مـــام ڕیـــوی ئەم کولە باڵەت لە کوێ بۆ ، مام رێوی گوتـــی دەسکری خومە من پالتوی چاکیشـــ نەدورم ؛ مام کوێخا گوتی کە واتە پالتۆیەکی بێ وینـــەم لـــە تۆ ئەوێت ، مام رێوی گوتی بە بان چاو بەلام پێویســـتە ٢٠ سەر مەڕم بۆ بنێری خۆم خزمەتیان بکەمو خوریەکانیان جوان بێت ٠ کوێخا ٢٠ سـەری هێناو تەسلیمی مام ڕێـــوی کرد ، مام ڕێوی وردە وردە ڕیزی لێ گرتنو هەمـــوی خواردن ، پاش چـــەنـــد ڕۆژێك ڕێوی توشی بوو بـــە توش کوێخـــــاوەو داوای پالتوکەی کرد مام ڕێـــوی گوتی فەرمو یا بچین بـــو مالەوە تەسلیمت بکـــەم ، هەر دو چون بۆ بنی چیایەكـ ڕێوی خۆی کرد بە کونێکـــی بچوکدا خۆی ڕزگار کـــات کوێخا دەستی پێچا بـــــە کلکیدا هەر دولا کەوتنە تەکان دان دوای کلکی ڕێـــوی پچراو مام کوێخا ناچار بەرەو مال گەڕایەوە ، ڕێویەکـــە ڕۆژێ چەند ڕیویەکی کـــۆ کردەوە بردنی بۆ دارستانـــە تویەك ویستیان یەکی بچێتـــە سەرداەرکەو تو بتەکێنی بـۆ گشتیان کەس نەچو مـــام ڕێوی ناوبراو گوتی من ئەچم بەو مەرجەی کلکی هەموتـــان پێکەوە ئەبەستم بـــــــە گۆریسێكو سەری کوریسەکە لە گەڵ خۆم ئەبەمـــــــە سەر دارەکە بـــۆ ئـــەوەی کەستان تو نەخۆن تا من دێمە خوارەوەو پێکەوە دەســـت بکەین بە خواردن هەمـــو رازی بونو ڕیوی کلکـــی هەمویانی پیکەوە تونـــد شەتەكـ داوسەری گوریسەکەی لەگەڵ خـــۆی بردە سەردارەکەو لەوێ تونـــد بەستی بە لقی دارەکەوە ٠لـــە ناکاو هاواری کرد کـــورە خۆتان رزگار کەن٠راوچیەکـ بەرەو ئیرە هات رێویەکان لە ترسی گیان کەوتنە تەکاندانو هەمو کلکیـان پچـــڕاو رایـــان کـــردو بەم جۆرە ریوەکانی تر بـــێ کلك بوون تا رۆژێ دیسان مام کوێخا بینی کۆیخا پری‌دایـــە بیکوژی رێویەکە گوتی مـــام کوێخا تاوانم چی‌یە کوێخـــا بە سەر هاتەکەی بو باس کرد ٠ ئەویش گوتی قوربـــان ماوەم بدە پێکـــەوە بچیـــن هوزە تابفەکەی مـــن ببینـــە ئێمە هۆزی کلکـ کوزتمان پی ئەلین کوێخا لە گەڵیا چو مام رێوی هەندێ لەو کلـــك براوانەی پیشانی کوێخـا داو کوێخا ئەوەی بینی لـــێ بوردنی لە رێویەکە داوا کرد بە ناچاریو هەناسە ساردی گەڕایەوە بۆ ماڵ ٠

- محمد سعید سلیم جاف-

بـــۆزانـــاوی میشـــك

مناله ئازیزەکان :

بۆ ئەوەی کاتێکی خۆشـــ لەگـــەل شـــەوچەرەو کاتی بێ‌نیشیدا پێکەوە ،بەخۆشـی رابوێرن ٠ دەتوانن داوا لـــە یەکتری بکەن کە یەکێکتـــان لاپەڕەیەك لـــە لاپەڕەکانـــی کتێبێ دیاری بکـــا بـــە بێ ئەوەی ژمارەی ئـــەو لاپەڕەیەت پێ بلێ ، کە دیاری کردوە ؛ پاشان تۆش چەنـــد پرسیارێکی ئاڕاستە دەکـــەی، کە لە نۆهەم دێری یەکەمـــی ئەو لاپەڕەیە کە دیاریٚ کردو؛ لە نۆ وشەی دێڕیٚ لـــەو دێڕانە وشەیەك دیاری بکا ٠ ئینجا پێی بڵێ :

★ ژمارەی لاپەڕەکە لەگەل ((١٠)) لیٚك بدە ٠٠

★ ژمارە ((٣٥))لەگـــەل ئەنجامی لیٚك دانەکە کـــۆ بکەرەوە ٠

★ ژمارەی ئەو دێـــرەی هەلـــت بژاردوە بیخـــەرە پال ئەنجامەکە ٠

★ پاشان ئەنجامەکـــە لەگەل ((١٠))لیٚك‌بدە٠٠

★ پاشان ژمارەی ئـــەو وشەیەی دیاریت کردوە بخەرە پال ئەنجامەکە

ئینجا داوای ئەنجامەکـــەی لێ‌بکە ، لە دلی خوتا یـــان لەسەر پارچە کاغەزێك ژمارە « ٢٥٠ »ی‌لیٚ دەربکە ، پاشان کتێبەکە بگرە بەدەســـتەوە ، بۆ ئەوەی وشەکـــەی پێنیشان بدەی کە دیـــاری کردوە بۆت دەردەکـــەویٚ ٠ کە ژمارەکانی یەکانی ئـــــەو ژمارەیە بریتی‌یە لە وشەکـــەو دەیانی بریتی‌یە لە ژمـــارەی دێرەکە ؛ ئەوەشی کـــــە دەمێنێتەوە ژمارەی‌لاپەڕەکەیە:

بۆ نونە ٠

هەلمەت لە هەلکەوتی برای برسی ، کە ژمارەیەك دیاری بکا لەلاپەڕەیەکی دیاری کراو٠ هەلکەوت لە لاپـــــەڕە «١٠» دێـــریٚ «٢» دووەم « ٤ » چوارهەم وشـــــەی هەلبژارد ٠

هەلمەت : ژمارەی لاپەڕەکە ، لەگەل « ١٠ » دە لێك بدە

هەلکەوت : ١٠ × ١٠ = ١٠٠

هەلمەت : ژمارە«٢٥» بیستو پێنج لەگەل ئەنجامەکـــەت کۆبکەرەوە

هالکەوت : ١٠٠ + ٢٥ = ١٢٥

هەلمەت : ژمارەیٚ ئـــەو دێڕەی هەلت بژاردوە بیخەرە پال ئەنجامەکەت ٠

هەلکەوت : ١٢٥ + ٢ = ١٢٧

هەلمەت : ئەنجامەکـــەت لەگەل« ١٠ » دە لێك‌بدە ٠

هەلکـــەوت : ١٢٧ × ١٠ = ١٢٧٠

هەلمەت : ژمارەی ئـــەو وشەیەی دیاریت کـــردوە بیخەرە پال ئەنجامەکەت ٠

هەلکەوت ١٢٧٠ + ٤ = ١٢٧٤

هەلمەت : ئەنجام کردیە چەند؟

هەلکەوت : ١٢٧٤!!

هەلمـــەت : ١٢٧٤-٢٥٠ = ١٠٢٤ کەوانە هەلکەوت تۆ لە لاپەڕە «١٠» دێـــری « ٢ »دووەم «٤» چـــوارەم وشەت دیاری کردوە ٠٠

ئازاد مەحمود ئامادەی کردوە

سریٚ عثمـــان — ٠ موفق تـــوفیـق٠ — شهلا عبدالله — خسرو پیربـــال — وائق علـــی — رعد هاشـــم — سعد هاشـــم — جاسم محمـــد — هیثم خلیـــل — سعید احمـــد — درید صـــالح — انور حمـــد

Institut Kurde de Paris

مەبەستمان تەنها پەیماننامەکە نیە، بەڵکو دەبێ یەکێتی نێوان عیراق و سوریای بە دوادا بێ

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی ـ شەقامی « الجمهوریە »
بەغدا ـ س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ ـ ٥ خەت
« هاوکاری » رۆژنامەیەکی هەفتانەیە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە
٨ لاپەرە ٢٥ فلسە

هاوکاری

« التضامن »

زیاتر لەجارێ و لە بنکەی باوەڕی سەختەوەو بەکردەوە ئەوەمان دووپات کردۆتەوە کە ئێمە لە پەیوەندیەکانی دەوڵەتاندا هەڵویستی سەربەخۆ دۆستین کە لە باوەڕو سوودی نیشتمانی و نەتەوەییمانەوە هەڵقوڵاوە .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البكر

سەرنووسەر سعاد ادیب

● دووشەممە ١٤ی ئەیار ١٩٧٩ ژمارە ٤٧٤ ● ● الاثنين ١٤ آيار ١٩٧٩ العدد ٤٧٤ ●

لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێ البکر

هۆنیکر: وڵاتەکەمان دۆستێکی دڵسۆزی گەلی عەرەبە لە خەباتی عادیلانەیدا

ئەمینداری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی ئەڵمانیای یەک پارچە ، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی هاوڕێ ئیریش هۆنیکر سەر لەنوێ ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە وڵاتەکەی دەبێتە دۆستێکی دڵسۆزی گەلی عەرەبی لەو خەباتە عادیلانەیەیدا کە دوارۆژ دەیکات .

هاوڕێ هۆنیکر لەو نامەیەیدا کە هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ئەمینداری نهێنی قوتری سەرۆک کۆمار وەری گرتووە وتویەتی .. سەرکردایەتی حزب و دەوڵەت لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیدا بە ئەو پەڕی بایەخەوە بەدوای ئەو چەندلایەنەدا چووە کە وڵاتەکەتان بە هاوبەشی وڵاتە عەرەبیە پێشکەوتنخوازو هێزە نیشتمانی پەروەردەکانی تر لە پێناوی پارێزگاری بەرژەوەندی نیشتمانی گەلی عەرەب و سەربەخۆییدا نواندویانە .

هەر وەها هاوڕێ ئەمینداری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی ئەڵمانیای یەک پارچە وتوویەتی .. کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی تەقدیری کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو ئابووری عەرەب دەکات کە لە بەغدا بەسترا و لە ئەنجامە ئیجابێکانیدا وەفدی وڵاتەکەتان بەشداریەکی ئاشکراو دیاری کرد بەو پێیەی هەنگاوێکی گرنگە لە بەرەنگار بوونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دژی سیاسەتی ملکەچ کردن بەرامبەر بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی گەلی عەرەبی ، ئێمە لەگەڵ ئێوەدا رێکین لە سەر ئەوەی کە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەغدا پێویستی بە هەموو بایەخ و رێکخستنێک هەیە لە نێوان ئیش و کاری هەموو هێزە نیشتمانی و دژ بە ئیمپریالیزمیەکاندا .

هاوڕێ هۆنیکر نامەکەی بەوە کۆتای هێناوە کە وتوویەتی .. پارت و دەوڵەت لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی هاوبەشی ئەو بێئارامی یەگەورەیەی عەرەب دەکات بۆ ئەو رێکەوتنە تەنیایەی لە نێوان قەوارەی زایۆنیزم و رژێمی ساداتدا کراوە بە چاودێری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەگەرەو گۆسپی نوێ لە بەردەم رێگەی چارەسەرێکی یەک ژەمی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەکات ..

ئا.د.ع

سەرۆک الاسد: پێک گەیشتنی عیراق و سوریا ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە

دیمەشق ـ ١٠ ـ ئا.د.ع

بەڕێز سەرۆک حافظ الاسد وتوویەتی پێک گەیشتنی سوریا ـ عیراق دەبێتە مایەی خۆشحاڵی هەموو هاونیشتمانێکی عەرەب بێت ، چونکە هەموو دەستکەوتێکی یەکبوون خوازی دەبێت جاکەکەی بەسەر بە یەک گەیشتواندا دیار بێت لەرێگەی ئەم دەست کەوتەو بەسەر سەر جەمی نەتەوەی عەرەبدا .

هەروەها سەرۆک الاسد وتویەتی .. ئێمە لە سوریا و عیراق بەراستی کار دەکەین بۆ یەکبوون وتا وەکو ئێستا کە زۆر کارمان جێبەجێ کردووە وەئێمە بەردەوامین لە لێکۆڵینەوەی کاروبارەکان بە شێوەیەکی واقیعی و راستەقینە .

سەرۆک الاسد لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی هەمیشەیی یەکێتی پارێزەرانی عەرەبدا دوێنێ شەو وتویەتی .. پێک گەیشتنی سوریاو عیراق کە نەتەوە چاوی هیوای تێبڕیوە ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکە .

هەروەها وتویەتی ..وەئەگەر چاو پۆشی لە دۆخی ئێستای عەرەب بکەین ، ئێمەی عەرەب ئەوەندی یەک بوونی عەرەب وەدی بهێنین ئەوەندە توانای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەمان زیاد دەبێت کە رێگای پێشکەوتنمان دەگرێت .

بڕوانە : ل : ٧

ئەو تایبەتیەی حزبمان دووپاتی دەکاتەوە نموونەی رێگایەکی راست و چارەسەرێکی بنەڕەتی گیروگرفتەکانی گەل و نەتەوەکەمانە

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو مەسەلەی تایبەتێتیەی حزبەکەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست فەرماندەی دەوڵەت و کۆمەڵ لە وڵاتماندا دووپاتی دەکاتەوە لە دەرچووگای فیکریداوە لە سیغەی تەتبیق و مامەڵەکردندا لە مەیدانی پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکاندا لە موحیتی دەوڵەتاندا بە تەبەروی ئێمە نموونەی رێگایەکی راست و چارەسەرێکی بنەڕەتی گیروگرفتەکانی گەل و نەتەوەکەمانە .

وەلەو وتەیەدا وتویەتی ، لە جێی بەڕێزیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی بەڕێز حسن علی لە کردنەوەی کۆنگرەی وڵاتانی بێ لایەن و وڵاتانی تازەگەشە کردودا دەربارەی دەوری ئافرەت لە پەرەپێداندا رۆژی یەکشەممەی رابوردووتر لە هۆڵی ـ البکر ـ خوێندویەتەوە ، سەر بەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بەڕای ئێمە بە شێوەیەکی تەواو وەدەست ناخرێت تەنیا بەرە چاوکردنی ئەو مونتەلەقە فکریانەوە نەبێت کە تایبەتە بە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی بێ لایەن کە ئەویش دەستنیشانی رێگای تایبەتی دەکات لە بنیاتنانەوەیەکی بنەرەتی و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەکەی دوور لە تەبەعیەت و نەمتیەتی عەقایدی لەگەڵ بەتەنگەوە هاتنێکی هۆشمەندانە بە تێکەڵ بوونێکی زیندوو لەگەڵ تاقی کردنەوەی زانستی و عەقایدی گەلانی تر لە رێگای وەرگرتن و بەخشینەوە بە جۆرێک هاوشانی و رێزی هەردوولا زامن کات .

هەروەها وتی ، بەستنی ئەم کۆنگرەیە نموونەی حەڵقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی ئەو هەموو تەقەلایانەی گەلانی بێلایەن داویانە لە رێبازی دوورو

درێژی تێکۆشانیان بەرەو وەدی هێنانی ئامانجە رەواکانیان لە پێشکەوتنی ئابوری و کۆلایەتی و پارێزکاری کردنی سەربەخۆییان لە رێگای نەهێشتنی هەموو جۆرێک دەست بە سەردا گرتنێکی ئیستیعماری بەسەر ئەرای گەلاندا . بەڕێز جێگر دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە ئەو هەنگاوەی سادات نای نموونەی لادانێکی ئاشکرای ئەو بیروباوەڕانەیە کە پەیوەندی قوڵی کۆمەڵگای دەوڵەتان بە یەکەوە دەبەستێتەوە هەروەک گوێنەدانێکی ناشیرین پێگ دەهێنێت بەرامبەر بڕیارەکانی نەتەوەیەک کرتۆکان و کۆنگرەکانی بێلایەنی و بیروباوەڕەکانی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی کۆنگرەی مەکسیک دەربارەی ئافرەت وە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی فەلەستینەوەو تاوانبارکردنی زایۆنیەت وەک بزوتنەوەیەکی رەگەزپەرستی .

دەقی وتەکەی لە لاپەڕە ٤ بخوێنەرەوە .

جامیعەی عەرەبی دەگەرێت بۆ ناوی پاڵێوراوان بۆ پایەی ئەمینداری گشتی

تونس ـ ١٠ ـ ئا.د.ع :

ئەمینداریەتی گشتی جامیعەی عەرەبی ئەمرۆ ناوی پاڵێوراوانی تونس و سوریاو عیراق و لبنانی ناردووە بۆ وڵاتە عەرەبە ئەندامەکان بۆ پایەی ئەمینداری گشتی جامیعەکە کە بە هۆی وازهێنانی محمود ریازەوە لە مانگی ئاداری رابوردوودا بە تاڵ بوو بوو پاڵێوراوەکان برێتین لە الشاذلی القلیبی وەزیری راگەیاندنی تونس و عبدالله الخانی باڵوێزی سوریا لە هندستان و احمد عبد الستار الجواری وزیر الاوقاف و اسعد الاسعد جێگری ئەمینداری جامیعە .

ئوردن رەفزی رێکەوتنە خیانەتکاریەکە دەکات

پایتەختەکان ـ ١٠ ـ ئا.د.ع .
ئاژانسەکان :

وەزیری راگەیاندنی ئوردن بەڕێز عدنان ابو عودە ئەوەی دووپات کردەوە کە ئوردن بە تەواوی رەفزی ئەو گفتوگۆیە دەکات کە لە نێوان رژێمی سادات و زایۆنی دوژمندا دەست پێ دەکات سەبارەت ئەوەی کە پێی دەڵێن حوکمی ناوخۆ لە بەری رۆژئاواو کەرتی غەزەی زەوت کراو ، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لێی دەوشێتەوە ، ئەویش ساغ کردنەوەی هەڵوێستی ئاشکرای لە رەفزکردنی رێکەوتنی خیانەتکاری .

راگرتنی ئەندامێتی رژێمی سادات لە رێکخراوی فرۆکەوانی عەرەبدا

تونس ـ ٩ ـ ئا.د.ع

ئەنجومەنی راپەراندنی رێکخراوی فرۆکەوانی مەدنی عەرەب ئەمشەو لەگەڵ دەست بەکار کردنەوە بڕیاری راگرتنی ئەندامێتی رژێمی ساداتی داوە لە ئەنجومەنەکەدا .

ئەنجومەنەکە ئەم بەیانیە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری ئەوەشی داوە کە بارەگای ئەنجومەنەکە لە قاهیرەوە بگوێزرێتەوە بۆ پایتەختی یەکێ لە وڵاتە عەرەبیەکان و ئەو پایتەختە دوایی دیاری دەکرێت .

وەرام نەدانەوە

جێگری سەرۆکی رژێمی سۆدان وەزیری دەرەوە رەشید تاهیر هیچ جۆرە قسەیەکی نەکردووە کە راستی هەڵوێستی سۆدان نیشابدات و روونی بکاتەوە سەبارەت بە راگرتنی ئەندامێتی رژێمی سادات لە رێکخراوی کۆنگرەی موسڵمانانا قسەکەری رەسمی بە ناوی کۆنگرەکەوە دوێنێ شەوبەپەیام نێری (ئا.د.ع) راگەیاندووە سۆدان سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاگادار کردووەدوای رێکەوتن لەسەر راگرتنی ئەندامێتی میسر دوای چەند سەعاتێک بەو پێیەی سۆدان مانی گرتووە لە دەنگدان ، لەگەڵ ئەوەدا کەوەزیری دەرەوەی رژێمی سۆدان لە کۆنگرەکەدا ئامادە بووە لەو کاتەدا کە دەنگ لەسەر راگرتنی ئەندامێتیدراوە .

بەڕێز صدام حسین لە چاوپێکەوتنی بەوەفدی رۆژنامەنووسی سوریا دووپاتی کردەوە

بەرگری کردنی یەکبوونی عیراق و سوریا لە هێزە دژوارەکانەوە بەرامبەر راندۆستێت لە گەڵ دەوڵەت یەکبووندا لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە راپەڕینی نەتەوەدا لەسەر رێگای بنیاتنانی شارستانی یەکی نوێ .

ئەو یەکبوونەی هەموومان خەباتی وەدی هێنانی بۆ دەکەین لە نێوان عیراق و سوریا زەمینەیەکی پتەو بۆ یەکبوونی عەرەب پێک دەهێنێ .

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی : شتێکی بێگومانە ئەو یەکبوونەی هەموومان خەباتی لە پێناودا دەکەین و ئێستا تەقەللادەدەین لە پێناوی داڕشتنێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان عیراق و سوریا زەمینەیەکی بەتین بۆ یەکبوونی عەرەب پێک دەهێنێ .

هەروەها جێگری بەڕێز .لەوتەکەیدا ئێوارەی رۆژی شەممەی رابوردوو لە کاتی چاوپێکەوتنی بەوەفدی رۆژنامەنووسانی سوریا لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی وتی ... هۆی یەکبوونی لەبەر بوونی فەلەستینێکی پارچە پارچە نیە ، بەدەستی دوژمن ، وەهۆی یەکبوونی عەرەب زەوت کردنی جۆلان و بەری رۆژ ئاواو سینا نیە ، بەڵام ئەمانە یەکبوونی عەرەب بەهێز دەکات و چالاکی دەداتی لە رێگای بوونیدا .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی : پەرەپێدان بنکەیەکی پێویستە بۆ دەرچوون و وەدی هێنانی توانای زانستی و تەکنیکی بۆ خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوە بەڵام بنچینەیەک نیە بۆ گۆرینی جۆری مرۆڤ ..

هەروەها وتی .. لەوانەیە بە پەرەپێدان مرۆڤ تێک بدات ئەگەر بۆچوون و رێبازەکانی بە بەرنامەیەکی سۆشیالیستی نەبێت ، بنچینەکەی وەدی هێنانی بەختیاری بێت بۆ مرۆڤ و رەفزکردنی زۆرداری بێت .

هەروەها بەڕێز صدام حسین وتی : کەس رێگامان لێ ناگرێت تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە دژی یەکبوونی عەرەبن بەڵام توانای وەدی هێنانی یەک بوونی عەرەبمان هەیە ومادام توانای ئەوەمان هەیە کە یەکبوونی عەرەب بەهاندان و تەقەللاو تێکۆشانی خەباتکەرانی عەرەب لە هەموو نیشتمانی عەرەبدا وەدی بهێنین .

بەڕێز جێگر .. قسەی لەگەڵ رۆژنامەنوسە براکاندا کردو پێی وتن ئێوە ئاگادارن .. ئەو قسانەی لەبراکانمانەوە دەبیستن .. سەرۆک الاسد وە براکانی تر .. ئەو قسانەی هەروەها لێرەوەی دەیبیستن ، بە ئاشکرا ئەوەی دیاری دەکات کە ئێمە بیروڕاو وەسایق ئالوگۆڕ دەکەین ، گەیشتونەتە نوختەیەک ، ئەوە پێویستە لەسەرمان هەنگاوێکی نەوعیە ، جگە لە میساق کە چاومان تێبڕیوەو لە دوو جێگاوە دەربارەی قسە دەکەین ئەویش یەکبوونە لە نێوان عیراق و سوریادا بشت بەخوا ئێمە بەرەو ئەو رێگایە دەڕوین .

دەقی وتەکەلە لاپەرە ٢ بخوێنەرەوە

Institut kurde de Paris

ده‌قی ته‌واوی وته‌كه‌ی به‌ڕێز صدام حسین له‌ چاوپێكه‌وتنی به‌ وه‌فدی ڕۆژنامه‌نوسی سوریا

ئێمه‌ به‌رده‌وام ، شادی زۆر دامانده‌گرێ هه‌ر كه‌ ده‌گه‌ین به‌ ده‌سته‌یه‌كی تێكۆشه‌رو به‌باوه‌ڕی سه‌رزه‌مینی عه‌ره‌ب ، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر هی سوریای عه‌ره‌بی برا بن له‌به‌ر ئه‌و جێگه‌ تایبه‌تی‌یه‌ی كه‌ له‌ دڵو ده‌روونماندا هه‌یه‌تی و له‌به‌ر ئه‌و ده‌وره‌ی كه‌ له‌ خزمه‌ت‌كردنی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بدا ده‌كه‌وێته‌ سه‌ری .

گومانی تێدا نیه‌ كه‌ وا ئه‌و یه‌كێتی‌یه‌ی كه‌ هه‌مووی بۆی تێ‌ده‌كۆشین‌و ئێستا بۆ شێوه‌یه‌كی‌تری په‌یوه‌ندی له‌نێوان هه‌ردو وڵاتی عێراق‌و سوریادا هه‌وڵده‌ده‌ین ، جێ‌پێ‌یه‌كی پته‌و بۆ یه‌كێتی عه‌ره‌ب به‌گشتی دروست ده‌كا .

● **یه‌كێتی مانایه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌**

ته‌ماشایه‌كی ساكاری واقیعی جوگرافی سیاسی نیشتمانی عه‌ره‌ب‌و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب بۆمان ده‌رده‌خا چه‌ند یه‌كێتی نێوان عیراق‌و سوریا مانایه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌ ؛ نه‌ك ته‌نها له‌ حیساباتی سیاسی‌و سوپایی‌و ئابووری ئێستادا به‌ڵكو مانای تایبه‌تی هه‌یه‌ له‌ چوارچێوه‌ی مێژوویی بنیاتنانی یه‌كێتی عه‌ره‌ب بكره‌ بنیاتنانی شارستانی عه‌ره‌بدا چونكه‌ ئێمه‌ له‌ حیساب‌و بنه‌ڕه‌ته‌كانی حزبدا به‌و چاوه‌ سه‌یری یه‌كێتی عه‌ره‌ب ده‌كه‌ین به‌شێوه‌یه‌كی‌تر زیندوكردنه‌وه‌ی شارستانیه‌تی نه‌ته‌وه‌یه‌ . نه‌ك گواستنه‌وه‌ی رابردوو . به‌ رابردووی درشنگداربشه‌وه‌ به‌ڵكو ئیلهامگیری كیانی رابردوو ، كه‌ له‌پێش هه‌موویه‌وه‌ . له‌ سه‌روو هه‌موویه‌وه‌ رابردووی درشنكداری نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌به‌ . له‌ مێژووی دێرینی‌و شارستانی كۆنی‌و گیانی ئه‌و بانگ‌كردن‌و په‌یامانه‌ی كه‌ بۆ هه‌موو نه‌ته‌وه‌كان بردی .

ئه‌وه‌ی گومانی تێدا نیه‌ ئه‌وه‌یه‌ عه‌ره‌ب ده‌بێ هه‌میشه‌ ئه‌وه‌یان له‌بیر بێ كه‌ په‌یامی ئیسلام‌و هه‌موو ئه‌و په‌یامه‌ ئاسمانیانه‌ی كه‌ له‌سه‌رزه‌مینی عروبه‌ دابه‌زین ، به‌شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی‌تر چونكه‌ هیچ په‌یامێكی ئاسمانی له‌ ده‌ره‌وه‌ی نیشتمانی عه‌ره‌به‌وه‌ نیه‌ له‌مه‌شدا هه‌ڵبژاردنێكی ئاشكرا دیاره‌ . مه‌سه‌له‌كه‌ ته‌نها رێكه‌وت نه‌بوو وه‌كو هه‌ندێ كه‌س تێی‌ده‌گه‌ن . یان هه‌ندێ كه‌س ده‌یانه‌وێ وای بگه‌یه‌نن . به‌ڵكو هه‌ڵبژاردنێكی تایبه‌تی‌ی نه‌ته‌وه‌ بوو ، له‌مه‌شدا ده‌وری ئیراده‌ی مرۆڤ له‌ زیندووكردنه‌وه‌ی یاساكانی ژیانداو له‌حستنه‌كارو بڵاوكردنه‌وه‌یاندا . به‌یاساكانی ئاسمانیشه‌وه‌ ، دیاره‌ . هه‌ڵبژاردنی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب هه‌ڵبژاردن بوو چونكه‌ خوای گه‌وره‌ نه‌ته‌وه‌ی به‌باشترین كه‌س زانی كه‌ به‌ئیراده‌ی تایبه‌تی خۆی‌و به‌ئه‌قلی تایبه‌تی خۆی په‌یامه‌كانی ئاسمان بگه‌یه‌نێته‌ دوورترین نوخته‌ی سه‌ررووی زه‌وی . ئه‌م جۆره‌ تێگه‌یشتنه‌ی رابردوو ئێستا ئۆباڵی نائاساییمان نه‌ك ته‌نها به‌رامبه‌ر به‌هه‌موو مرۆڤایه‌تی ده‌خاته‌ ئه‌ستۆ . ئه‌وه‌مان ده‌خاته‌ ئه‌ستۆ كه‌ گیانی نه‌ته‌وه‌ زیندوو بكه‌ینه‌وه‌ ، به‌گیانی په‌یامه‌كانیشه‌وه‌ به‌گیانی په‌یامه‌ ئاسمانیه‌كانیشه‌وه‌ . به‌ڵام به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ سه‌رزه‌مین به‌شێوه‌ی تایبه‌تی ئه‌و تۆ ده‌ری ببڕین كه‌ له‌گه‌ڵ پێشكه‌وتنی شارستانی‌دا بكونجێ . نه‌ك له‌ شارستانی ئێستاوه‌ وه‌كو خۆی وه‌رگیرابێ‌و نه‌ك رابردووش وه‌كو خۆی بهێنی ، به‌ڵكو له‌گه‌ڵ رابردووو ئێستادا ئاز نێك بكا به‌و چوارچێوه‌یه‌ی كه‌ له‌بنه‌ڕه‌تدا خزمه‌تی مرۆڤ بكاو له‌سه‌ر رووی زه‌مین ره‌وایی به‌رپابكاو زوڵم‌و سته‌مكاری تێدا قه‌ده‌غه‌ بكا .

ئه‌و جۆره‌ په‌یامه‌ی كه‌ به‌كورتی په‌نجه‌م بۆ كێشا، به‌ته‌قدیری ئێمه‌و به‌و جۆره‌ی كه‌ ئێمه‌ باوه‌ڕمان پێی هه‌یه‌ ، به‌عسیه‌كان به‌ گیانی تیۆرو تێگه‌یشتن‌و باوه‌ڕو تواناو وردكاری له‌ده‌ربڕینی باوه‌ڕدا . مه‌به‌ستمان ته‌نها به‌عسیه‌ رێكخراوه‌كان نیه‌ ، ئه‌م تیۆره‌و ده‌ربڕینی وردی‌و به‌توانایی له‌ ده‌ربڕینی‌دا به‌ باوه‌ڕێكی به‌رز ، ئه‌و تیۆره‌یه‌ كه‌ توانای خزمه‌ت كردنی مرۆڤی هه‌یه‌ له‌نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بداو توانای تیشكدانی هه‌یه‌ تا جۆگه‌له‌یه‌كی‌تر بخاته‌ سه‌ر سه‌رجه‌می ژیانی مرۆڤ‌و ئه‌و تیۆره‌ ئینسانیانه‌ به‌پێت بكه‌ین كه‌ له‌ناو نه‌ته‌وه‌كانی تردا په‌یدابوون. به‌جۆرێك بنه‌ سایه‌ی به‌هێزكردنی هه‌ست‌و واقیعی خزمه‌ت‌كردنی مرۆڤ له‌سه‌ر رووی زه‌میں به‌جۆرێك كه‌ زوڵمی له‌سه‌ر لابه‌رێ‌و به‌ختیاری بۆ بێنێته‌دی . گومانی تێدانیه‌ كه‌وا ئه‌م مه‌فهومانه‌ ، تا بتوانن مانای خۆیان به‌شێوه‌ی پێویست وه‌ربگرن ، ده‌بێت له‌ كه‌شتێكه‌وه‌ ده‌ست پێ‌بكه‌ن ، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له‌سه‌ره‌تادا له‌هه‌ندێ به‌شیشدا سه‌ریان هه‌ڵدا ، ئه‌و كاته‌ش یه‌كێتی عه‌ره‌بی ده‌بێته‌ شتێكی ئه‌وتۆ كه‌ به‌ك و دووی لێ ناكرێ .

● **ته‌قینه‌وه‌ی تواناكان :**

سوریاو عیراق ، به‌پیاچونه‌وه‌یه‌كی ساكارو سه‌رنجێكی ئاسانی مێژووو ئێستاو پاشه‌ڕۆژ له‌به‌ر رووناكی ئه‌م چونانه‌دا تێ ده‌گه‌ین ، چ مانایه‌كی تایبه‌تی له‌م بۆچونانه‌دا دروست‌ده‌كه‌ن به‌مه‌به‌ستی به‌رده‌وامی‌و به‌دی‌هێنان ، كه‌ له‌سه‌ر ئه‌مه‌ رێده‌كه‌وین‌و له‌سه‌ر مانای ئه‌و په‌یامه‌ رێده‌كه‌وین كه‌ له‌ سه‌رمانه‌ بۆ نه‌ته‌وه‌ی به‌دی‌بهێنین‌و تاقی‌كردنه‌وه‌ی مرۆڤایه‌تی پێ‌ده‌وڵه‌مه‌ند بكه‌ین ،

دوای ئه‌وه‌ ، تێ‌ده‌گه‌ین میقداری ئه‌و گرانیانه‌ چه‌نده‌ كه‌ رووبه‌رووی یه‌كێتی هه‌ردوو وڵاتی عیراق‌و سوریا ده‌بێ ، وه‌ك ئه‌و گرانیانه‌ نیه‌ كه‌ یه‌كێتی به‌ینی میسرو سوریا رووبه‌روویبوون‌و وه‌ك ئه‌و گرانیانه‌ نیه‌ یه‌كێتی نێوان سوریاو جه‌زائیر توشیان ده‌بێ‌و وه‌ك ئه‌و گرانیانه‌ش نیه‌ دێته‌ رێگای لیبیاو مغرب‌یان تونس‌و عیراق . گرانیه‌كان له‌مانه‌ زیاترن ، چونكه‌ به‌مانای نه‌ته‌وه‌یی . مانای‌كرده‌وه‌و شۆڕشی كردووه‌ ، به‌و هه‌موو پاڵپشته‌ مێژوویه‌ی له‌رابوردووه‌وه‌ هه‌ڵی‌گرتووه‌و به‌و هه‌موو توانایه‌وه‌ له‌ ناوه‌خنیایه‌تی له‌سه‌ر رێگای ئێستا هه‌ڵی ده‌ڕێژێ بۆ خزمه‌تی پاشه‌ڕۆژو ئامانجه‌كانی پاشه‌ڕۆژ وه‌ك ده‌ستمان بۆ كێشا . به‌رامبه‌ر به‌هه‌موو ئه‌م بۆچونانه‌ ئێستعمارو دارده‌سته‌كانی ئیستعمارو هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌ئه‌نجامی ره‌فزی زوڵمداو ره‌فزی چه‌وساندنه‌وه‌و ره‌فزی سوودی ناره‌واو ره‌فزی به‌ناگرتنی قطری كه‌ سوودی ناره‌وایان بۆ زامن ده‌كاو هه‌موو ئه‌وانه‌ی ناتوانن له‌ ده‌ریادا سه‌ول لێ‌بده‌ن‌و له‌ جۆگه‌له‌ بچوكه‌كان ده‌خۆنه‌وه‌ تا خۆیان له‌سه‌ر حسابی نه‌ته‌وه‌ی به‌دی‌بهێن ، هه‌موو ئه‌مانه‌و ئه‌وانه‌ی له‌پشتیانه‌وه‌ن دژی یه‌كێتی عیراق‌و سوریا كار ده‌كه‌ن .

له‌ عیراقدا بێ یان له‌ سوریا یان له‌ هه‌ربه‌شێكی تری نیشتمانی عه‌ره‌بی یان ده‌ره‌وه‌ی نیشتمانی عه‌ره‌ب ، به‌ڵام جه‌ماوه‌ری به‌باوه‌ڕو سه‌ركردایه‌تیه‌ به‌ باوه‌ڕه‌كان‌و به‌عسیه‌ دڵسۆزه‌كان له‌ سوریاو عیراق‌و عه‌ره‌به‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كان كه‌ ساڵانی دوورو درێژ به‌ هیوای یه‌كێتی ژیان‌و ئه‌وانه‌ی غیری عه‌ره‌ب كه‌ مێژووی عه‌ره‌ب به‌راستی‌و ئینساف ده‌خوێننه‌وه‌و سه‌رنجی وردی پاشه‌ڕۆژی نه‌ته‌وه‌ ده‌ده‌ن سه‌رنجی راسته‌قینه‌ له‌به‌ر رووناكی ئه‌م باوه‌ڕه‌ مرۆڤایه‌تیه‌دا كه‌ خاسیه‌ته‌كانی ده‌پارێزین به‌بێ ئه‌وه‌ی بیله‌قێنێ‌و له‌ چوارچێوه‌یه‌كی فراوانترله‌ سیغه‌ی په‌یوه‌ندی قطری، ئه‌مانه‌ هه‌موو له‌ پاڵ یه‌كێتی‌دا ده‌بن‌و ده‌یانه‌وێ‌و هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌ن .

ده‌ربه‌ستی یه‌كێتی به‌ینی عیراق‌و سوریا له‌لایه‌ن هێزه‌كانی دوژمنه‌وه‌ به‌هه‌مان راده‌ی ده‌وری یه‌كێتی‌یه‌ له‌عیراق‌و سوریا كه‌ ده‌یه‌وێ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب له‌ سه‌رریگای شارستانیه‌تی نوێ راپه‌رێنێ .

له‌سه‌رتانه‌ به‌بێ بایه‌خی نه‌روانن ئه‌و هێزانه‌ی له‌یه‌كێتی ده‌ترسن‌و به‌ربه‌ستی ده‌كه‌ن‌و هه‌روه‌ك له‌ سه‌رتانه‌و له‌سه‌ر هه‌مووشمانه‌ نوشی له‌رزۆكی نه‌بین له‌ ده‌سته‌ڵات‌و قودره‌تی كاركردندا به‌رامبه‌ر به‌كاری دژوار كه‌ له‌و هێزانه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌ون ده‌ستمان بۆ كێشان .

سه‌به‌بی یه‌كێتی له‌به‌ربوونی فه‌له‌ستینی پارچه‌ پارچه‌ كراو نیه‌ له‌ نێوان دوژمندا . سه‌به‌بی یه‌كێتی عه‌ره‌بی داگیركردنی جۆلان یان به‌ره‌ی رۆژئاوایان سینا نیه‌ . به‌ڵام ئه‌مانه‌ یه‌كێتی عه‌ربی چالاكتر ده‌كه‌ن له‌سه‌ر رێگای به‌رده‌وامی .

نموونه‌ی . مانای یه‌كێتی نه‌ته‌وه‌ ، وه‌نموونه‌ی نموونه‌كانی مانای كه‌ڕت‌بون‌و قطربه‌ت كاتێكدا نه‌ته‌وه‌ روو به‌رووی به‌ربه‌ستی چاره‌نووس ده‌بی وه‌ك ئه‌و به‌ربه‌ستیانه‌ی كه‌ رووبه‌روویان ده‌بین .

● **نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب به‌ختەوه‌ره‌ ..**

به‌ر له‌ مانگی به‌چه‌ند برایه‌كی عه‌ره‌بمان وت ، لام وابی به‌به‌رگری فه‌له‌ستین بوو : نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب به‌ختەوه‌ره‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی هه‌ندێ ده‌ڵێن

به‌دبه‌خته‌و رووبه‌رووی دوژمنی بوه‌ توانای ته‌كنیكی پڕی هه‌یه‌ له‌هه‌موو كۆشه‌یه‌كی سه‌رزه‌میناو توانای زانستیی پڕی هه‌یه‌ له‌ هه‌موو كۆشه‌یه‌كی سه‌رزه‌میناتا رووبه‌ڕووی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ببێ ، وه‌ك ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه‌ به‌ختەوه‌ره‌ . چونكه‌ سیغه‌ی به‌ربه‌ستی

بروانه‌ : ل : ٧

ئاهه‌نگێكی هونه‌ری له‌ هه‌ولێر

به‌ڕێز عبدالغفار عبدالقادر ئه‌میندارى گشتی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی رۆشنبیری‌ولاوانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی هه‌فته‌ی رابردوو له‌و ئاهه‌نگه‌ی نیقابه‌ی هونه‌رمه‌ندان - لقی هه‌ولێردا ئاماده‌بوو ، كه‌له‌ژێر دروشمی «هونه‌رمه‌ندیش وه‌كو سیاسی وایه‌ ، هه‌ردوكیان ژیان به‌ره‌و شوێنی پێشكه‌وتوو دروست‌ده‌كه‌ن» .

به‌ڕێز نه‌قیبی هونه‌رمه‌ندان له‌ سه‌ره‌تای ئاهه‌نگه‌كه‌دا وتارێكی خوێنده‌وه‌ كه‌ تێیدا داوای له‌هونه‌رمه‌نده‌كان كرد ئه‌و په‌ڕی توانا به‌كاربێنن بۆ پێشكه‌ش‌كردنی به‌خششی ئه‌و تۆ كه‌ خزمه‌ت به‌ردوتی شۆڕش‌و حزبه‌ سه‌ركرده‌كه‌ی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست بكه‌یه‌نێ .

به‌ڕێزان موسی عبدالصمد ئه‌میندارى گشتی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی په‌روه‌رده‌و فێركردنی باڵای ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی و به‌ڕێز بهاءالدین احمد پارێزگاری هه‌ولێرو هاوڕێ علی حسین رازیاری سه‌ركردایه‌تی شوعبه‌ی هه‌ولێری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست‌و به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی په‌روه‌رده‌ی پارێزگاكه‌و هه‌ندێ لێپرسراوانی تری پارێزگاكه‌ ئاماده‌بوون .

له‌و چالاكیانه‌ی كه‌ له‌ ئاهه‌نگه‌كه‌دا پێشكه‌ش كران شانۆگه‌ری « شۆڕش‌و نه‌خوێنده‌واری » بوو كه‌ له‌لایه‌ن تیپی چالاكی قوتابخانه‌یی‌یه‌وه‌ پێشكه‌ش‌كرا. هه‌روه‌ها هه‌ندێ چالاكی تیپی مۆسیقای منداڵانی سه‌ر به‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی په‌روه‌رده‌ی هه‌ولێریش .

له‌ كۆتایی ئاهه‌نگه‌كه‌دا : حه‌فده‌ هونه‌رمه‌ندی شانۆیی‌و هه‌شت منداڵی سه‌ر به‌تیپی چالاكی قوتابخانه‌یی له‌لایه‌ن كاربه‌ده‌ستانه‌وه‌ ده‌ستی رێزیان لێ نرا .

كۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نی كشتوكاڵی له‌ دهۆك

● ئه‌نجومه‌نی كشتوكاڵی پارێزگای دهۆك سه‌ره‌تای مانگی ئاینده‌ی دانا بۆ جێ‌به‌جێ‌كردنی هه‌ره‌وه‌زی دروێنه‌ی جۆ ، وسه‌ره‌تای مانگی ته‌ممووزیشی بۆ دروێنه‌ی گه‌نم دانا .

ئه‌مه‌ له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا بڕیاری له‌سه‌ر درا كه‌ ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ به‌سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز یحیی محمد رشید پارێزكاری دهۆك سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن كردی وتێیدا بڕیار درا لیژنه‌یه‌كی ناوه‌ندی به‌سه‌رۆكایه‌تی جێگری به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی هه‌یئه‌تی گشتی كشتوكاڵ وزه‌وی سازی له‌ پارێزگاكه‌دا پێك بهێنرێ . بۆ سه‌رپه‌رشتی‌كردنی جێ‌به‌جێ‌كردنی هه‌ره‌وه‌زه‌كه‌و ئاماده‌كردنی پێویستیه‌كانی .

هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ بڕیاری‌دا له‌ وه‌رزی زستانه‌ی ئاینده‌دا كشتوكاڵی پێشڕه‌و زیاتر بكرێ‌و له‌و (٣٢) هه‌زار دۆنمه‌ زیاتر بكێڵرێ كه‌ له‌م وه‌رزه‌دا كێڵراوه‌ . هه‌روه‌ها بڕیار درا به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی رۆشنبیری‌و ری نومایی جوتیاران له‌ پارێزكاكه‌دا زیاتر له‌و كۆڕی هوشیاركردنه‌وانه‌ بكرێ كه‌ له‌ ئاوایی‌یه‌كان وله‌ كۆمه‌ڵه‌ جوتیاریه‌ هه‌ره‌وه‌زیه‌كاندا له‌ باره‌ی یاسای رێكخستنی راده‌ی ئابووری زه‌ویه‌كانه‌وه‌ ده‌بگرێ .

ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ موافه‌قه‌تی له‌سه‌ر دامه‌زراندنی پرۆژه‌یه‌كی ئاودێری به‌ په‌مپ كرد له‌سه‌ر روباری خابوور بۆ ئاودانی زه‌ویه‌كانی هه‌ندێ ئاوایی سه‌ر به‌ ناحیه‌ی الكلی وداواكردن له‌ لایه‌نه‌ په‌یوه‌ندی داره‌كان بۆ زیادكردنی كادیری

بروانه‌ : ل : ٧

سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی كوردستان چاوی به‌وه‌فدێكی رۆژنامه‌نووسی جه‌زائیری ده‌كه‌وێت .

به‌ڕێز احمد النقشبندی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی كوردستان رۆژی پێنجشه‌مه‌ی رابردووی له‌دیوانی ئه‌نجومه‌ن چاوی به‌ وه‌فدێكی رۆژنامه‌نووسی جه‌زائیری كه‌وت‌و له‌چاوپێكه‌وتنه‌كه‌دا دووپاتی كرده‌وه‌ كه‌ سه‌ركردایه‌تی حزب‌و شۆڕش پاڵپشتی هه‌موو ئه‌و هه‌نگاوانه‌ن كه‌ بۆ پێشخستنی ناوچه‌كه‌ ده‌درێن .

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن باسێكی له‌باره‌ی ره‌وتی كاری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یه‌كانی ئه‌نجومه‌نه‌وه‌ له‌ناوچه‌كه‌دا و ده‌وریان له‌ پێشكه‌ش‌كردنی خزمه‌تگوزاری جۆراوجۆر به‌هاووڵاتیان له‌به‌ر تیشكی سیاسه‌تی حزب‌و شۆڕشدا . پێشكه‌ش به‌ میوانه‌كان كرد .

وه‌فده‌كه‌ شادی خۆی له‌و ده‌سكه‌وتانه‌ ده‌ربڕی كه‌ له‌ ناوچه‌كه‌دا هاتوونه‌ته‌ دی .

باسكردنی به‌ڕێوه‌چوونی كار له‌ جێبه‌جێ‌كردنی پرۆژه‌ ته‌ندروستی یه‌كانی پارێزگای سلێمانیدا

● دوكتۆر محمد زێوه‌ر شریف ئه‌میندارى گشتی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌كۆبوونه‌وه‌یه‌كدا كه‌ له‌گه‌ڵ كادیره‌ پزیشكیه‌كانی ده‌زگا ته‌ندروستی‌یه‌كانی پارێزگای سلێمانی‌دا كرد باسی وه‌زعی ئێستای ئه‌و خزمه‌تگوزاریه‌ پزیشكی‌و چاره‌سه‌ری وپارێزكاریانه‌ی كرد كه‌ پێشكه‌ش به‌هاووڵاتیان ده‌كرێ‌و شێوه‌ی پوخته‌تركردنیان ، به‌تایبه‌تی له‌ناوچه‌كانی لادێ‌نشین و ئاوایی‌یه‌ عه‌سریه‌كاندا .

له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا كه‌ دوكتۆر نهاد عمر ابتر سه‌رۆكی ته‌ندروستی پارێزگاكه‌و كاربه‌ده‌ستانی ئه‌مانه‌تی گشتی‌یه‌كه‌ی تێیدا ئاماده‌بوون پێویستیه‌كانی ئه‌و ده‌زكایانه‌ ده‌ست نیشان كرا . به‌مه‌به‌ستی دابین كردنیان .

له‌ كۆبوونه‌وه‌كه‌دا باسی به‌ڕێوه‌چوونی كار بۆ جێ‌به‌جێ‌كردنی كۆمه‌ڵێك پرۆژه‌ی ته‌ندروستی له‌ جێگا جۆراو جۆره‌كانی پارێزگاكه‌دا كرا كه‌ زیاتر له‌ دوو ملیۆن دیناریان تێ‌ده‌چێ هه‌روه‌ها باسی دابین‌كردنی پێویستیه‌كانی به‌له‌كردن له‌ دروستكردنی نه‌خۆشخانه‌یه‌ك بۆ منداڵبوون‌و چاوه‌دێری كردنی ئافره‌تی سك‌پڕه‌كان له‌ شاری سلێمانی كرا كه‌ (١٥٠) هه‌زار دیناری تێ‌ده‌چێ .

به‌ڕێز ئه‌میندارى گشتی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی پاش ئه‌وه‌ سه‌ری له‌ عیاده‌ی ناوه‌ندی دانسازی‌دا و رای سپارد ئۆتۆمۆبێلێك بۆ ده‌رمانكه‌ی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ كه‌ له‌ قۆناغی عیاده‌كه‌ ته‌رخان بكرێ ..

له‌لایه‌كی تره‌وه‌ . سه‌رۆكایه‌تی ته‌ندروستی پارێزگاكه‌ هه‌فته‌ی رابردوو چه‌ند جیهازی نوێی ئه‌شیعه‌ی به‌سه‌ر مه‌ڵبه‌ندی ته‌ندروستی سه‌رچنارو نه‌خۆشخانه‌كانی قه‌زاكانی دوكان‌و پێنجوێن‌و هه‌ڵه‌بجه‌و و چه‌مچه‌ماڵ‌و كه‌لاردا دابه‌ش كرد .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه‌ ، به‌ڕێز دوكتۆر زێوه‌ر هه‌فته‌ی رابردوو له‌گه‌ڵ هه‌ندێ لێپرسراوی تری ئه‌میندارێتی گشتی‌یه‌كه‌دا بۆ به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی ده‌زگا ته‌ندروستی‌یه‌كان‌و دایه‌ره‌كانی كار له‌ پارێزگاكه‌دا گه‌یشتبوه‌ سلێمانی .

له‌ كۆبوونه‌وه‌یه‌كی به‌رفراوندا كه‌ هه‌فته‌ی رابردوو هه‌ردو هه‌یئه‌تی لقی سلێمانی یه‌كێتی گشتی لاوانی عیراق‌و رێكخراوی پێشڕه‌وان‌و ئه‌ندامانی لیژنه‌ ناوچه‌یی‌یه‌كانی سه‌ربه‌وان به‌سه‌رۆكایه‌تی هاوڕێ عبدالرزاق فارس رازیاری سه‌ركردایه‌تی شوعبه‌ی سلێمانی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست كردیان ، باسی وه‌زعی رێكخستنی لاوان‌و پێشڕه‌وان‌و نه‌وجوانان‌و رێ‌و شوێنی پێشخستنی له‌ دووتوێی زیاتركردنی چالاكیه‌كانیانه‌وه‌ بۆ سه‌رخستنی هه‌ره‌وه‌زی به‌رفراوان‌كردنی پێشڕه‌وه‌كان كرا .

له‌ كۆتایی كۆبوونه‌وه‌كه‌دا ؛ به‌شداره‌كان بروسكه‌یه‌كیان بۆ به‌ڕێز سه‌رۆكی فه‌رمانده‌ احمد حسن البكرو هاوڕێی تێكۆشه‌ر صدام حسین جێگری سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆڕش نارد كه‌ تێیدا دیسانه‌وه‌ په‌یمانیان تازه‌كرده‌وه‌ بۆ به‌كارهێنانی ئه‌و په‌ڕی تواناو كاركردنی به‌رده‌وام بۆ خزمه‌تی شۆڕش‌و قووڵ‌كردنه‌وه‌ی ره‌وته‌ پێشڕه‌وانه‌كه‌ی . هه‌روه‌ها شادی خۆیان به‌ هه‌نگاوه‌ یه‌كێتی خوازانه‌كانی نێوان هه‌ردو وڵاتی برا عیراق‌و سوریا ده‌ربڕی .

● هه‌فته‌ی رابردوو . هه‌یئه‌تی لقی هه‌ولێری رێكخراوی نه‌وجوانان كۆبوونه‌وه‌یه‌كی بۆ لێپرسراوانی لیژنه‌ ناوچه‌یی‌یه‌كان‌و مه‌ڵبه‌نده‌كانی مه‌شق‌كردنی نه‌وجوانانی سه‌ربه‌خۆی له‌ پارێزگاكه‌دا ، پێك هێنا .

له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا كه‌ هاوڕێ یحیی عزیز سه‌رۆكی

هه‌ندێ هه‌واڵی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی

هه‌یئه‌تی لقه‌كه‌ سه‌رۆكایه‌تی كرد چالاكیه‌كانی رێكخراوه‌كانی نه‌وجوانان له‌ پارێزگاكه‌داو وپێویستیه‌كانی خۆ ئاماده‌كردن بۆ جێ‌به‌جێ‌كردنی نه‌خشه‌ی پشووی هاوینه‌ خرایه‌ روو و باس‌كرا .

هاوڕێ جاسم محمد كریدی ئه‌ندامی لیژنه‌ی راپه‌ڕاندنی نه‌وجوانان ؛ لێپرسراوی رێكخراوه‌كانی نه‌وجوانان له‌ مه‌كته‌بی رێكخستنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی سه‌ر به‌ یه‌كێتی گشتی لاوانی عیراق گرنگی **ئه‌و ده‌وره‌ی دووپات كرده‌وه‌** كه‌ رێكخراوه‌كانی لاوان له‌ له‌ بیناكاری نه‌وه‌ی نوێ‌و سه‌ركرده‌كانی دوارۆژدا ده‌یبینن .

له‌ كۆبوونه‌وه‌كه‌دا بڕیار درا مه‌ڵبه‌ندێكی مه‌شق‌كردن بۆ نه‌وجوانان له‌ ئاوایی عه‌سریه‌كانی قرژاڵه‌ بكرێته‌وه‌و ده‌ستی رێز له‌و مامۆستا موحازیرانه‌ بنرێ كه‌ له‌ پشووی هاویندا له‌ ده‌وره‌كانی به‌ هێزكردندا له‌ هه‌موو پارێزگاكه‌دا ده‌رسیان به‌ قوتابیه‌كان وتۆته‌وه‌ .. هه‌روه‌ها بڕیار درا رێكخراوه‌كانی سه‌ر به‌ هه‌یئه‌تی لقه‌كه‌ نه‌خشه‌یه‌كی كار پێشكه‌ش بكه‌ن كه‌ تێیدا ئه‌و ده‌ست پێشخه‌ریانه‌ ده‌ربخرێ كه‌ بۆ خستنه‌ سه‌ر ئه‌و چالاكیانه‌ پێشنیار كراون كه‌ ده‌خرێنه‌ سه‌ر ئه‌وانه‌ی كه‌ له‌ مه‌ڵبه‌نده‌وه‌ بڕیاریان له‌سه‌ر دراوه‌ .

هه‌روه‌ها رێكخراوی پێشڕه‌وانیش كۆبوونه‌وه‌یه‌كی وه‌كو ئه‌وه‌ی كردو تێیدا چاو به‌ چالاكیه‌كانی لیژنه‌ ناوچه‌یی‌یه‌كان‌و كۆسپه‌كانی كارو رێگای لادانیان باس كرا خشێنرا .. هه‌روه‌ها بڕیار درا ئاماده‌كاری بكرێ بۆ جێ‌به‌جێ‌كردنی نه‌خشه‌ی ناوه‌ندی پێشڕه‌وان له‌ پشووی هاویندا ، كه‌ بریتیه‌ له‌ رێكخستنی ده‌وره‌ی مه‌شق‌كردن‌و ئاماده‌كردن‌و دامه‌زراندنی سوپاگاو خه‌یمه‌گاو چالاكی هونه‌ری‌و زانستی‌و وه‌رزشی .

له‌ سلێمانی ئوتێلێكی دله‌یه‌كی گه‌شتوگوزار له‌ لایه‌ن ده‌زگای گشتی گه‌شتو گوزاره‌وه‌ به‌ خه‌رجی یه‌ك ملیۆن دینار ته‌واو كرا .

ئوتێله‌كه‌ بریتیه‌ له‌ ده‌ نهۆم‌و هۆڵێكی كۆبوونه‌وه‌و به‌كێكی تر بۆ پشودان . جگه‌ له‌ چێشتخانه‌یه‌ك‌و گازینۆیه‌ك .

● له‌ پارێزگای دهۆك قونته‌راتی دروست كردنی (٣٠) خانوو بۆ فه‌رمانبه‌ران‌و ئیشكه‌رانی هێزه‌كانی ئاسایشی ناوخۆ له‌ جێگای جۆراوجۆری پارێزگاكه‌دا كه‌ هه‌مووی (٢٣٠) هه‌زار دینار تێ ده‌چێ . راگه‌یه‌نرا .

هه‌روه‌ها پارێزگاكه‌ قونته‌راتی بیناكردنی جێگه‌یه‌كی خزمه‌تگوزاری له‌ دێی سواره‌تووكه‌ كه‌ (٤٣) هه‌زار دیناری تێ ده‌چێ ؛ دایه‌ قونته‌راتچی .

● به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ره‌نێو هێنانی ئاوه‌ جه‌وفیه‌كان له‌ پارێزگای سلێمانی هه‌ڵكه‌ندنی سێ بیری ئیرتیوازی له‌ قه‌زای چه‌مچه‌ماڵ‌و دێی عه‌سری ژاراوه‌ی له‌ پشده‌ر ، كه‌ هه‌ر یه‌كه‌یان (١٥٠-٢٠٠) گالۆن ئاو فڕێ ده‌دا . ته‌واو كرد .

به‌مه‌ . سه‌رجه‌می ئه‌و بیرانه‌ی كه‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كه‌ له‌ پارێزگاكه‌دا هه‌ڵیكه‌ندوون ده‌كاته‌ (١٥) بیری ئیرتیوازی له‌ (٥٤) بیر كه‌ بڕیاره‌ ئه‌م ساڵ هه‌ڵبكه‌نرێن .

یه‌كێتی ناوخۆیی نیقابه‌كانی كرێكاران له‌ پارێزگای سلێمانی له‌ چوار مانگی رابردوودا حه‌وت هه‌زارو شه‌ش سه‌د وپێنج دیناری بۆ یارمه‌تی نه‌خۆشی‌یان مردن یان منداڵ بوون داوه‌ به‌ كرێكاران‌و له‌مه‌ هه‌زارو (٢٢١) خێزانی كرێكاری سوودی وه‌رگرتووه‌ .

● لقی شه‌ریكه‌ی كۆگا عیراقیه‌كان له‌ پارێزگای سلێمانی نومایشگای گه‌ڕۆكی له‌ ناوچه‌كانی سه‌راوو قه‌شقۆڵی‌و كۆته‌ڵ له‌ قه‌زای دوكان پێك هێناوه‌ بۆ فرۆشتنی راسته‌وخۆی ئه‌و كه‌ل‌و په‌ل‌و خوارده‌مه‌نی‌و شتومه‌كانه‌ی كه‌ شه‌ریكه‌كه‌ ئاڵ‌و وێریان ده‌كا .

هه‌روه‌ها لقی شه‌ریكه‌ی ده‌زگا و ورده‌ ئامراز له‌ پارێزگاكه‌ نومایشگای له‌و وێنه‌یه‌ی له‌ قه‌زای هه‌ڵه‌بجه‌و ئاواییه‌ عه‌سریه‌كانی عه‌ربه‌ت‌و سیروان‌و شانه‌ده‌ری‌و ئاڵپارێزو زه‌مه‌قی‌و عه‌نه‌ب پێك هێناوه‌ .

رێكخستنی ئه‌م نومایشگایانه‌ به‌ مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ به‌ ئه‌و كه‌ل‌و په‌ل‌و شتومه‌كانه‌ی كه‌ ئه‌و دوو شه‌ریكه‌یه‌ ده‌یان فرۆشن بۆ خێزانه‌ جوتیاریه‌كان‌و هاوبنه‌هه‌وار كه‌ران دابین بكرێ .

Institut kurde de Paris

چەند بیرورایەك دەربارەی دووەمین میهرەجانی شیعری كوردی لە سلێمانی

(حمە سعید حمە كریم)

● بۆ جاری دووەم شاعیرەكانی كورد بە پەروڵاوەوە لە دووەمین میهرجانی شیعری كوردیدا لە سلێمانی و لە نێوان ڕۆژانی بانگكراوانی ٢٩-٣٠-٣-١٩٩٧دا پێك گەیشتنەوەو بە شیعرە پاراوەجوانە نایابەكانیان خۆیان و ئەدەب دۆستانی شاری سلێمانی و بانگكراوانی شارەكانی تری كوردستانیان دڵخۆش كردو ئەمجارەش سەرلەنوێ سەلماندیان كەوشەی پیرۆزی كوردی هەتا بێت بەرەو پێشەوە ئەچێت و هەمیشە لە خزمەتی بزوتنەوەو پێش خستنی هەموو لایەنەكانی ژیانی نەتەوەی كوردایەو لە هیچ بوارو سەردەمێكدا كەم تەرخەمی و لارەملی نەكردووەو نایكات ، ئەمەش لە ناو هۆڵی یەكیەتی كرێكارانی سلێمانیدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سەلمێنرا .

● سازكردنی میهرەجانەكە دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر یەكەم میهرەجانی شیعری كوردیدا خۆی لە خۆیدا شتێكی زەروری و لە جێگای خۆیدا بوو هەرچەندە كە ماوەی نێوان میهرەجانی یەكەم و دووەم زۆری خایاندو خەڵكی وا بەتاما نەبوون . ئەگینا پێك گەیشتن و ئاشكرا بوونی بەرهەمی شاعیران و دەرخستنی ئەو قۆناغەی شیعرو بابەتەكانی تری ئەدەبی گەیشتوتێ هۆیەكی سەرەكی یە بۆ هەنگاونان و بەردەوامی تیشك بۆ قۆناغێكی ڕوونـاكو گەشی ئەدەبی كوردی . جەماوەری ئێمە لەم قۆناغەماندا تینوو تامەزرۆی بەرهەم و شێوەی گێنگڵدانی ناخی ئەدیب و نوسەرەكانیەتی و ئەیەوێ بزانێ ڕووناكبیرو خاوەنی ئەدەبەكەی چیان بۆ كردووە .

ئاشكراشە ئەمە لە ڕێگای پێك گەیشتن و سازكردنی ئەم جۆرە میهرەجانانەوە پێك دێت و من هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم هەموو دەستەو دابەرەی ڕێكخەرو پێكهێنەرو سەرپەرشتی كەری میهرەجانەكە شایانی ڕێزو سوپاس و بەتایبەتی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی یەكیەتی نووسەرانی كورد كە ئەركێكی چاكیان كێشاو لە پێناوی ئەركی سەرشانی خۆیاندا هیلاكیان چێشت و هیوادارین نمونەیان زۆر بێت .

● پێك هێنان و سازكردنی ئەم جۆرە میهرەجانانە لە هەر چی شوێن و كاتێكدا بێت بەشی خۆی گیروگرفت و كەم و كوڕی ئەبێت . بەڵام ئەگەر وەكو پێویست هەر هەموو ئەوانەی بەرپرسیارن لە مەسەلەكە لە شوێنی خۆیدا بیر بكەنەوە وابزانم ئەو كەم و كوڕی و ناتەواویانە بۆ جارانی داهاتوو كەم ئەبنەوەو ئەبنە نمونە بۆ زیاتر سەرخستن و پێش خستنی ئەو میهرەجانانەی لە دوای ئەم میهرەجانەوە دێن و زۆریش جێگای خۆیەتی كە لە نەزانی و ناتەواوی و گیروگرفتی شتەكان خۆیانەوە هۆی دروست بوون و چارەسەر كردنیان بزانین و واش ئەزانم كە بەشی زۆری ئەندامانی یەكیەتی نووسەرانی كوردو هەموو دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی و دەستەی بەڕێوەبەری لقەكانیش لەوێ بوون و ئەم شتانەیان زانی . بۆیە بە هیوای ئەوەین كە هەر چی كەم و كوڕی و گیروگرفتی دووەمین میهرەجان هەبووە لە داهاتوودا نەهێڵرێ و باخود بە گوێرەی توانا كەم بكرێتەوەو هیواشمان گەشەكە نەیەڵێ ماوەی نێوان میهرەجانی دووەم و سێیەم بەقەدەر نێوان میهرەجانی یەكەم و دووەم بخایەنێت .

● بە نیازی ئەوەی تیشكێك بخەینە سەر هەندێ لایەنی میهرەجانەكە بەفرسەتم زانی لەو دوو ڕۆژەدا هەندێ لە شاعیرو ئەدەب دۆستان ببینم و دەربارەی میهرەجانەكە پرسیاریان لێ بكەم . جا ئەوەی ڕاستی بێت من ئەم پرسیارانەی خوارەوە كە بریتی بوون لە سێ پرسیار ئاراستەی نزیكەی ٢٠ شاعیرو نووسەرم كرد . بەڵام داخەكەم زۆر بەیان هەریەكە بە هۆیەكەوە خۆیان خلافاندو وەڵامەكانیان دواخست و بەشداریان نەكردو لە بەجێ هێنانی ئەم ئەركە خۆیان دزی یەوە .

ئەمانەش پرسیارەكانن :

١ - بەگشتی ڕات چی بوو دەربارەی دووەمین میهرجانی شیعری كوردی ؟

٢ - بە گشتی شیعرەكانت لا چۆن بوون ؟

٣ - پێشنیارت بۆ ئەم جۆرە میهرەجانانە لە داهاتوودا چیە ؟

وا ئێستا لێرەدا وەڵامی ئەو بەڕێزانەتان ئەخەینە بەردەست كە وەكو پێویست ڕای خۆیان داینێ و هیوادارین بەڕێز بە تایبەتی ئەوانەی لە بنەماڵەی هەڵسوڕێنەری میهرەجانەكە ، بەو پێیەش نابێ خانەخوێ بەشتی خۆیدا هەڵ بدات ، دەبێ میوان ئەم لایەنە دەربخات ، بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم .

(مایەی شانازیمانە كە توانیمان ئەم میهرەجانە بەو شێوە قەشەنگەو ڕێكوپێكە سازبكەین . زۆریش بەختیار بووم كە یەكێتی هەر هەموو بەشداربن لە چالاكی و پێك هێنان و هەڵسوڕاندنی كاروباری میهرەجانەكەو . هەموان هاوبەش بن لە سەركەوتنیدا . بۆیە ئەمەش ئەڵێم چونكە بەڕاستی برادەرانی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی زۆر بەم كارەوە ماندوو بوون و زیاتر لە مانگێك بوو خەریك بوون . لە كاتێكدا كە ئێمە ئەو ماندوو بوونە بە مەدالیای سەركەوتن دانەنێین . دەبێ برادەرانی دەرەوەی دەستەی بەڕێوەبەریش لە ئاستی لێ پرسراویدا بن بۆ یاریدەو بە دەنگەوە هاتن بۆ ئەم جۆرە كۆڕو میهرەجانانە .

دووەم ئەگەر چی دێتە یادم یەكێ لە كۆڕەكانی میهرەجانی یەكەم لە قوتابخانەی ئیمام قاسم بوو كە تەنیا ٢٠٠ كەسێكی ئەگرت ، بەڵام ئەمجارەی سلێمانی هۆڵەكە ٦٠٠ كورسی تێدا بوو هێشتا ژمارەیەكی زۆریش بێ كورسی بوون و بە پێوە وەستان . بۆیە پێشنیازم وایە بۆ میهرەجانی داهاتوو یان لە سینەمایەكدا بێ . یان لە سەیرانگایەكی فراواندا بێ بۆ ئەوەی زۆرترین كەس تیایدا بەشدار بن ، هەرچەندە ئێمە بیرمان لە سینەما كردەوە بەڵام سەرنەكەوتین .

سێیەم وای بە باش ئەزانم ماوەی میهرەجانەكە لە دوو ڕۆژ زیاتر بێت بۆ ئەوەی شاعیرەكان زیاتر پەیوەندیان لەگەڵ خوێنەرانا بێت و بكەن و ماوەیەكیش تەرخان بكرێ بۆ لێكۆڵینەوەو باسی ڕەخنەیشی تێدا پێشكەش بكرێت .

ئاواتە خوازم ئەو برایانەی ئەركی سازكردنی میهرەجانی سێیەمیان بێ ئەسپێردرێ ئەو چەند خاڵانەی سەرەوە ساز بكەن .

● شاعیری لاوی دهۆكی كە شیعرەكەی میهرەجانەكەی ڕازاندەوەو سەرنجی هەموو ئامادەبووانی و ڕاكێشا لە وەڵامی پرسیارەكاندا وتی .

١ - دووەم میهرەجانی شیعری كوردی لە كاتێكی ئەوتۆدا هات كەوا هەندێك كەس دەیان گوت شیعری كوردی بۆ پاشەوە دەڕوات ، میهرەجانەكە ئەم كەسانەی بێدەنگ كردو دیاریشی كرد كەوا شیعری كوردی ، هەنگاوی فراوان بەرەو پێشەوە ئەنێت و جێگای شانازیشە كەوا ئەم میهرەجانە توانی شێوەكانی كوردی بگرێتە خۆو دەنگی شاعیرە پیرو لاوو تازە پێگەیشتووەكانی بڵاوكردەوەو شیعری ڕاستەقینەی كوردی بە خەڵكی گەیاند ، بۆیە جەماوەری سلێمانی بە گەرمیەوە پێشوازی میهرەجانەكەیان كردو ناوو دەنگی میهرەجانەكە گشت شارەكانی كوردستانی گرتەوە .

٢ - زۆربەی شیعرەكانی میهرەجانەكە توانی بە ڕوخسارێكی پێشكەوتوو هەستی نەتەوایەتی و پێشكەوتنخوازی نەتەوەی كورد بە شێوەیەكی هونەری دەرببڕێت و لای من ئەمە لە هەموو شتێك گرنگترە بۆیە گشت ئەو شیعرانەی ئەم نیشانەیان تێدا بوون بە دڵم بوون .

زەردەخەنەی شادمانیم لەسەر لێوی شاعیرەكان بەدی ئەكردو سۆزی خۆشی و بە پیرەوە هاتنی ئەدەب دۆستانم هەست پێ ئەكرد . هەر چۆنێك بێ دووەمین میهرجان زەنگێك بوو لێدانەكەی لە دڵی جەماوەردا دەنگی دایەوە .

٢ - دەبوو پاشی ئەم حەوت ساڵە شیعرەكانی دووەمین میهرجان كەلێك سەركەوتووتر بن لە شیعرەكانی یەكەم میهرەجانمان . بەڵام لە ڕاستیدا سەر ئەنجام وا نەبوو ، هەرچەندە شیعری وای تێدا خوێنرایەوە كە لە میهرەجانی پێشوو تێپەڕی بوو ، بەڵام شیعری واشمان گوێ لێ بوو لە ڕووی هونەری یەوە لە ئاستی میهرەجانێكا نەبوو كە بۆ شیعری كوردی تەرخان بكرێ . هەندێ لە شاعیرانی ئەم میهرەجانە شیعرەكانیان زۆر سەركەوتوونر بوو لەو شیعرانەی پێشوویان ، بەڵام لە هەمان كاتدا شیعری لاوازیشی تێدا بوو ، لێرەدا ڕەنگە خوێنەرانی بەڕێز بپرسن : -

كەواتان دەزانی بۆ ئەو شیعرە لاوازانە خرانە بەرنامەوە . لە وەڵامدا ئەڵێم - ئێمە تەنیا ناوی شاعیرەكانمان دیاری كرد بەهێزی و لاوازی ، پێشكەوتن و دواكەوتنی شیعرەكان بەرەو ڕووی خاوەنەكانیان كرابووەوە ، كەسیشمان دانەنابوو بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەكان . هیوادارم سێیەمین میهرجان ئەو كەم و كوڕی یە هونەری یە لە شیعرەكانیدا بەدی نەكرێ .

٣ - پێشنیارم بۆ ئەم جۆرە میهرەجانانە ئەوەیە : - یەكەم پێویستە هەموو ئەركەكە نەخرێتە سەر شانی دەستەی بەڕێوەبەرو ئەندامانی

دەرفەتیان نەبووە بێنە میهرەجانەكە كەڵكی لێ وەربگرن و سوپاسی ئەو بەڕێزانە ئەكەم كە ئەركی وەڵام دانەوەیان كێشاو وابزانم هەموومان مەبەستمان سودی گشتی ئەدەبی نەتەوەكەمانە .

● مامۆستا مصطفی صالح كریم سەرۆكی لقی سلیمانی یەكیەتی نوسەرانی كورد وەڵامی پرسیارەكانی بەم شێوەیە دایەوە .

١ - پاش تێپەڕ بوونی حەوت ساڵ بەسەر یەكەمین میهرجانی شیعری كوردیدا (٢١-٢٢-٣-٩٧٢) جارێكی كەش دەنگی شاعیران لە دووەمین میهرجاندا بەرز بوەوە ، تینویەتی شیعر دۆستانی شكاندو ئاواتی هەزارانی هێنایە دی ، دیدارێكی ڕووناكبیری یەكجار بەسود بوو . هەرچەندە من یەكێكم

٣ - پێشنیازم ئەوەیە ئەم جۆرە میهرەجانانە ساڵانە بن واتە هەموو ساڵێك ساز بكرێت ، شاعیرانی بەشدار بە گشت شارە گەورەكانی كوردستاندا بگەڕێن و بەرهەمەكانیان بخوێننەوە هەروەها من وای بە باش ئەزانم ئەم بەرهەمانە بەتایبەتی باشەكانیان چاپ بكرێن و بگۆڕدرێنە سەرزمانانی تر ، هەروەها هەندێك شاعیری بیانی دەعوەت بكرێت بۆ ئەوەی لەم میهرەجانانەدا ئامادە بن .

● كاكە محمدی مەلا كریم سكرتێری دەستەی بەڕێوەبەری یەكیەتی نووسەرانی كورد لە وەڵامی پرسیارەكاندا وتی : -

× لەگەڵ ئەوەشدا كە خۆ ئامادەكردن بۆ دووەمین میهرەجانی شیعری كوردی ، ئەوەندەی كات بەنسیب نەبوو بتوانین بیر لە هەموو سەرێكی بە باشی ڕاپەڕاندنی میهرەجانەكە بكەینەوە . من هێشتا میهرەجانەكەم بە لاوە زۆر باش بوو .

دیارە ئەمە واناكەیەنێ كە ناتەواوی نەبوو . من لە بارەی ئەم ناتەواوی یانەوە هەر ئەمەندە ئەڵێم :-

● ئەبوو میهرەجانەكە لە گەورەترین سینەمای سولەیمانیدا بكرایە تا زۆرترین كۆمەڵانی خەڵكی تیا بەشدار بوونایە .

● ئەبوو نوێنەرانی شیعری عەرەبی و توركمانی و سەریانی و نوێنەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبی یەكانی وڵاتەكەمان بانگ بكرانایە .

● ئەبوو هەندێ لە بەشدارانی میهرەجانەكە كە بە گیانی هەست بەلێ پرسینەوە كردنەوە نەجوڵانەوە ، سوودو دوارۆژی یەكیەتی نووسەرانی كوردیان لەبەر چاو بوایەو قسەی وایان نەكردایە یا شیعری وایان نەخوێندایەتەوە كە لەگەڵ قازانجی بەردەوامی یەكێتی یەك نەكەوێ .

× بەشی زۆری شیعرەكانم لە بارەی هونەری یەوە ، بەناو شیعر بوون و . من دژی ئەوەم لە ژێر پەردەی شۆڕشگێڕێتی و نەتەوە پەرستیدا شیعری لەڕو لاوازو تا هونەری بۆ خەڵك بخوێنرێتەوە ، ئەبوو هەندێ شیعری شێوەی كۆن و شیعری دڵداریش پێشكەش بكرایە .

× پێشنیارم ئێستا هەر ئەوەیە كەڵك لە هەڵەكانی میهرەجانی دووهەم وەربگیرێ . ئەگینا هەر كاتێ بڕیاری گێرانی میهرەجانی سێیەم درا ، ئەبێ بە پێی تەماشاكردنی باری ئەو ڕۆژە بیر لە پێشنیار بكرێتەوە .

لە پاش دەربڕینی ئەم بیرو ڕایانەش ، ئەمەوێ گلەیی یەكی برایانە لەو ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستانە بكەم كە پلەیەكیان لە كاروباری دەوڵەتدا هەبەو بانگ كرابوون بۆ میهرەجان و لەبەر هەر هۆیەك بێ وایان لا باش بوو بەدەم بانگەكەوە نەیەن .

● شاعیری بادینان مامۆستا عبدالرحمن مزوری دەربارەی وەڵامی پرسیارەكان وتی :-

بڕوانە ل : ٧

سەرنجێك

٢٢ی نیسانی ڕابورد . یادی هەشتاویەك ساڵەی دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی بوو .. بەم بۆنەیەوە وەكو ئەم حەوت هەشت ساڵەی پێشوو چەند كۆڕو دانیشتنێكی ڕۆشنبیری و چەند وتارو نووسین دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بڵاوكرایەوە .. ئەم كۆڕو وتارانە چی هی ئەم ساڵو چ هی ساڵانی پێشوو لە تەك ئەو كتێب و نامیلكەو گۆڤارانەی لەم هەشت نۆ ساڵەدا دەربارەی لێكۆلینەوەو ساغ كردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی دەرچوون و بڵاوكرانەوە . . هەریەكەیان لەباری خۆیەوە چەندین ڕاستی و زانستی و خانەی شاردراوی ئەم مێژووەی خستە بەرچاو .

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم جۆرەجم و جوڵە ڕۆشنبیریانە لەم مەیدانەدا بایەخێكی تایبەتی یان هەیەو ئەركێكی گرنگیان بە جێ گەیاندوە بۆ دەست نیشان كردنی سەرو سیمای گشتی ی مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی .. ئەگەر چی ئەم ئەركە بەجێ گەیاندنە بەشێوەیەكی پچڕپچڕو لە یەك دوور جێ بەجێ كراوە .

بەڕای من وەختی ئەوەهاتووە .. ئەوەندەش كەرەسەو ماددەمان لە بەر دەستدایە كە بتوانین بە كۆكردنەوەو ڕوحت كردن و یەكالاكردنیان . هەروەها بە ڕێك كردنەوەی ناوەرۆك و بەیەكەوە بەستنی ڕاستیەكانیان بتوانین سەرەتایەكی زانستی و لەسەریەك بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی بنووسینەوە وئەم مێژووە لەم بەرت و بڵاوییە ڕزگار بكەین كە تیایا دەژی .

هەر بەم بۆنەیەوە حەزدەكەم بڵێم كە لەگەڵ ئەو هەموو شتانەی بۆ بیرەوەری ئەم ساڵ كردمان .. بیرەوەریەكە جۆرە سستی و ساردیەكی تێدا بوو وەكو جاوەڕوان دەكرا ئەوەندە دەستمان نەدایە كە پێویست بوو بەم بۆنەیە بیدرێتێ ..

هیوام وایە لە ساڵانی داهاتوودا .. دامودەزگا ڕۆشنبیریەكان هەوڵی ئەوەبدەن زیاترینی ئەو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامە نووسانەی قۆناغێكی دوورودرێژی مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردیان دیوە . بێنە مەیدانی قسەكردن و خستنەڕووی ئەو زانیاری و سەرگوزشتانەی دەربارەی ئەم مێژووە دەیزانن .. ئەوە ئەگەر نەیانتوانی زانیاریەكانیان بە چاپكردن بخەنە كتێبخانەی كوردیەوە .

ڕێزان

نازە عەشق

ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا

شووباتی ٩٧٩ /سلەیمانی

كزەبایەك . تنكەڵاوی هەناسە گەرمەكەی دەبێ
دەڵێت : خۆزیا كە دەسوونام ..
كەسكە هاژەی ڕووبارەكان ، وەك ئەنكووستیلەیەكی كەش
عەشقە تیشكەكەی منیان . لە پەنجە دەكرد !!
دەڵێت : خۆزیا « شەماڵ » دەبووم ..
گەر هەر لێوی شوانێكی عاشقیشم چنگ نەكەوتایە
هانام بۆ شەماڵێكی كوێستانی دەبرد !!
كزەبایەك . تنكەڵاوی هەناسە چڕەكەی دەبێ
دەڵێت : خۆزیا ڕووبار دەبووم ..
گەر هەر عەشقە ماسیشم چنگ نەكەوتبایە
بە ڕۆژ لەگەڵ تیشكە سركەكەی «خۆر» دەستبازیم دەكردو .
شەویش سنگم . بۆجریوەی .
ئەستێرە ساردەكانی ئاسمان هەڵدەخست !!
كزەبایەك . هەموو شەونك ئێخەی دەگرێ
دەڵێت : خۆزیا شاعیر دەبووم ..
ئەوسا شیعرێكم بۆ « تاڤە » خان دادەنا
ناوم دەنا : « نازە عەشق !! .

عەشق و پیری

((مدهۆش))

لە زانكۆی ئەكنەلۆجی دوا پلەی (زۆرباش)ی هێناوە
لەوانەی خوشەویستیـدا ئەڵێی ساوایە داماوە
بە خۆی زانیوە چەند دڵ بۆی خەریكی پاڵەپەستۆیە
تەماشای خۆی ئەكا وەك دیل بە چاوان دەوری گیراوە
دڵی خوشە كە دەرگای خوشەویستی بۆی لە سەر پشتە
بەڵام نازانێ كام دەرگا بەهەشتەو كامەیان داوە
بڵێن با بێتە لای پیرێكی وەك من دەرسی وا دادەم
كە خۆی جوان هەڵبژێری نەك بڵێن جوان هەڵبژێدراوە
ئەگەر ویستم بڵێم چاوم كزە با من نزیكتر بم
بە شەرمێك پێم ئەڵێ هەی مامەپیرە چیت لە من داوە
لە ترسی تیروتوانجی خۆیو خەڵكی گەرچی لێی دورم
بەڵام دل هەر ئەڵێ بۆ پێشەوە عاشق نەترساوە
لە سەر تەختی دڵم كۆشكی دروست كا شۆخی ئەندازیار
زەوی نیستا گرانە شوێنی خانوی گەورە كەم ماوە
بەراستی پیر بە پێی جوان بۆ سەفەر هەنگاوی بڕناكا
دڵم هەر زام ئەكێشێ تـاملم ئەشكێ بە ڕێگاوە
ئەبێ پیر دوربەدور هەر سەیری باڵاو بەژنی جوانان كا
لەبەر تیشكی گڕدا داری وشكی خۆی بگرێ سوتاوە
ئەوەی ئاواتی لاویم بوو بە پیری هاتە بەر دەستم
ج خۆشە گەر ببیستم خوشەویستم بەختی هێناوە
بلێی ڕۆژێ ئەویش پیربێو لەوسا لەدەس ترسا
كە سەیری بێ ئەوی هێندە لەگەڵ ئەو گەنجە پێ ماوە
ئەوسا بلێی بیری هەبو خۆشی ئەوسەم زوو
عەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو دلەی ئێمەی بەجێماوە

كورتە چیرۆك

بای .. بای ..!!

هونمیار سیوەیلی

لەسەر شۆستەی شەقامەكە . خاەۆش ڕاوەستابووم .. ناكام لە دەورو بەرم نەمابو .. ئەسپی بیرم لە مەیدانی چەند حەمێكی گەورەو هەمیشەیی ژیانەدا ڕەمبازێنی ئەكرد .. لەپڕ دەنگی ئوتومبیلێكی قەبەی قاژەیی بە ئاگای هێنامەوە .. سەرم هەڵبڕی و تێپەڕی و نازانم چۆن بوو ماسی قزەردێك بوو بە تۆڕی چاوكانمەوە .. بەلامەوە شتێكی ئاسایی بوو .. ئەو هاتە پێشەوەو . منیش تیشكی چاوەكانم بەرەو بەیتا نەهاتە خوارەوە .. زیاتر هاتە پێشەوە . لەبەر تیشكی مەدالیاكەی سەرسنگی دای لە

چاوم منیش لە عەزرەتا چاوێكم نووقان بەڵام ئەو بە جۆرێكی تر تێ گەیشت و ، هەر یەكسەر چاوێكی داگرتەوەو زەردەخەنەیەكی پڕ مەبەستیش لێوەكانی لەیەك كردەوە .

سەرم سووڕما .. ئاسن ئاسایی كە موكناتیس ڕای بكێشێ . كێشی كردم .. دوو هەنگاو ڕۆیشتم .. ئاورێكی تری دایەوەو جارێكی تر خەندە گرتی . گرێیەم نەدایەو لە دڵەوە حەزم ئەكرد بە ئاكامی ئەم ڕوداوە بگەم .. بەردەوام دەڕۆیشتم زۆری نەبرد ئاورێكی تری دایەوەو بەڵام ئەمجارەیان نەكەنیا . دەمی جووڵاند .

تێ نەگەیشتم چی ووت . بۆیە وەك بێنم گرتبێ خێرا خێرا ئاورم بەم لاو ئەو لادا ئەدایەوەو لە دوایەوە ئەڕۆیشتم . گەیشتە ئەو پەڕی شەقامەكە دیسانەوە ئاورێكی ترم دایەوە ئەمجاردیان دەستێكیشی و هێنا بەقژیدا . كە دەقی گرتبوو تێكیش نەچووبوو .. ڕووی كردەوە پێشەوەو لەپڕ ئەوەندەم نەزانی مارسیدسێك لەبەر دەمیا وەستا .. دەرگاكەی بۆ كراوەو چووە پێشەوە دانیشت .. من نزیك بوومەوەو ئەویش بۆ دواجار سەیرێكی تری كردم و دوو سێ جار دەستی

ڕاوەشاندو .. ئەوەندەی تێ گەیشتم كە ووتی : (بای .. بای ..!!) و یەكسەر مارسیدسەكە وەك سوێسكە تێی تەقان .

لەجێی خۆم وشك بووم و .. تا مارسیدسەكە لەچاو ون بوو هەر تەماشام كرد . پاشان تفێكی پڕ لە قینم بەرەو ڕووی ئەوان كردو هەناسەیەكم هەڵكێشاو لەبەر خۆمەوە وتم :

((- نەعلەت لە خۆتان و ڕەفتاریشتان)) .

ئەنجا ئەم ڕووداوەم وەلانا .. چونكە وەك شتێكی ئاسایی دەهاتە بەرچاوم كە ڕەفتاری دا لەو جۆرە كەسانە بوەشێتەوە .. دیسانەوە خەمە گەورە هەمیشەییەكەم كردەوە میوانی خەمو ڕێگاكەم گرتەوەبەر .

دەقی تەواوی وتارەکەی بەڕێز صدام حسین

ئەمەش تەواوی وتارەکەی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە لە کردنەوەی کۆنگرەی وڵاتە بێلایەنەکانو وڵاتانی تازە گەشەکردوو دەربارەی دەوری ئافرەت لە پەرەپێداندا ‥ کە ڕۆژی یەك شەممەی پێشووتر لە هۆڵی البكر کە لە باتی بەڕێزیان بەڕێز وەزیری بازرگـــانـــی خوێندوویەتیەوە ‥

کە بەڕێز وەزیری بازرگانی لە کردنەوەی کۆنگرەی وڵاتە بێلایەنەکاندا دەربارەی دەوری ئافرەت لە پەرەپێداندا خوێندییەوە

براو خوشکانی بەڕێز

پێخۆشحاڵم کە بە ناوی عیراقەوە بەحـــزبو حکومەتو گەلەوە بەخێر هاتنتان بکەم لەوختێکا کـــە دەستان کردووە بە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانتـــــان لە کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەنو وڵاتانی تـــــازە گەشەکردوودا کە تایبەتە بە دەوری ئافرەت لـــــە پەرەپێداندا . بێگومان گرتنی ئەم کۆنگرەیە نمونـەی ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەو هەوڵو تەقەللایەی کە گەلانی وڵاتانی بێ لایەن داویانە لەرێبازی دوورو درێـــژی تێکۆشانیاندا بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە رەواکانیان لە پێشکەوتنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو پارێزکاری کردنـــی سەربەخۆیی لە رێگای نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتێکی ئیـــستیعماری بەوە بەسەر توانای گـــــەلانـــداو بەردەوام هەنگاونان بەرەوپێشەوە لە رێگای بەشداری کردنێکی کاریگەر لە بنیاتنانی شارستانـــــــی مرۆڤایەتیدا .

گەشبوونەوەو خۆشی خۆمان نیشان دەدەین بۆ ئەوەی کە وڵاتو شۆڕشەکەمان نوێنەرەکانتانـــی گرتۆتە باوەش کە نوێنەری گەلانی ئەو سێ کیشوەرە تازەگەشەکردووەن کە زۆری چەشتو بەردەوام لـــە هەموو جۆری ئەو چەوساندنەو خۆسەپاندنــــــە ئیستیعماریانە دەچێژێت کە لەسەر تاڵان کـــردنو لێکتێشانەوەی سامانو داهاتی گەلان بنیات نراوە .

ئەی خوشکو برایان ‥

عراق بە حوکمی ئەوەی کە یەکێکە لە وڵاتــــە بێلایەنەکان وەیەگیانو دڵو هۆشمەندیەوە سەر بــە بزوتنەوەی بێلایەنیە کە وڵاتەکانی لە بارو دۆخێکـــی ئابوریو کۆمەڵایەتی وەك یەکدا دەژین . هەوڵدەدا بۆ بەردەوام بوونو پتەوکردنی دەوری بەرپـــرسیاریو

چالاکی خۆی لە بزوتنەوەی بێلایەنیدا وەبەهـــەموو وزەو کۆڵنەدانەوە هەوڵدەدا بۆ ئەوەی هەمـــوو وزەو توانای خۆی کرد کاتەوەو بیخاتە رێبەندی خەباتێکـــی تیەی وڵاتانی جیهانی سێ هەمەوە بەروی هەمــــو شێوەیەکی ئەو چەوسانەوەو پیلان گێرییەی تووشـــی دەبێتو بوونو دوارۆژی دەخاتە مەترسییەوە . ئێمە لە بەر ئابوونی شۆڕشی حەوەدی تەمموزەوە لە ساڵی ١٩٦٨دا عەمیشە ئەو رێبازە فیکریو ستراتیژیـــە سیاسیو ئابووریو ئەو کردارە زانستیانـــــەی پەیوەندیان پێوەی هەیە دووپات دەکەینەوە کـــــە بایەخێکی ئەو پەڕی گرنگی هەیە بۆ سەربەخۆیـــی نیشتمانیو نەتەوەیی لە وەدی هێنانی رزگاریەکـــی راستەقینەی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی فراوان بۆ وڵاتانی بێلایەن .

● سەربەخۆیی نیشتمانیو نەتەوەیی ‥

سەربەخۆیی نیشتمانیو نەتەوەیی بە لای ئێمەوە بە شێوەیەکی تەواو دەست ناخرێت تەنیا بە رێکرتنی نەهجێکی بۆ چوونێکی فکری تایبەتی نەبێت بۆ هـەر وڵاتێك لە وڵاتە بێ لایەنەکان کە شێوەی تایبەتی خۆی دیاری ئەکات لە سەرلەنوێ بنیات نانەوەیەکی بنەڕەتی شۆڕشگێڕانی کۆمەڵەکەی . دوور لە تەبـــعیەتو ئەمرێ عەقیدەیی لەگەڵ بەتەنگـــەوە هاتنێکـــــی هۆشمەندانە بۆ تێکەڵاو بوونێکی زیندوو لەگەڵ تاقی کردنەوەی زانستیانەو عەقایدی گەلاندا لە رێگـــەی وەرگرتنو بەخشینەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە هاوشانیو رێزگرتنێکی بەرامبەر بۆ هەردوولازامن بکات .

تێگەیشتنی واقیعی شۆڕشگێڕانە بۆ بەڕێوبردنـــی نیشتمانی محتاوی بەکاری وای لێ دەکات کە هەنگاو بەسەر چوار چێوە شکڵیو تەقلیدێکەیـــدا بنێـــتو مەوداو ناوەڕۆکێکی فیعلیو کارامەیی بـــداتـــی . بەڕێوەبەری راستەقینەی نیشتمانی مانای رزگـــار بونی تەواوی ئابووریو کۆمەڵایەتـــیو سیاســـیو رۆشنبیریو تەواوکراو بە جۆرێك سەربەخۆیـــی نیشتمانی وەدی بهێنێت . دوور لە دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتو گەلانو بەجـــۆرێـــك بنیاتنانی پەیوەندی ئابوری هاوشان زامن بکات کـــە لەسەر بنچینەی چاکەیەکی موتەبادلو رێزگـــرتنـــی خواستێکی سەربەستی دەوڵەتان بنیات نرابێ لــــە دیاریکردنی هەڵبژاردنی لە مومـــارەســـەو ئـــەو مامەڵەکردنەدا کە خزمەتی بەرژەوەندیو خواســـتە

نیشتمانیو نەتەوەیەکانی بکات .

ئەلێرەوە نرخی بەوعیەی پێویستێکانـــــی قوڵ کردنەوەی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕی سیاسەتـــــی بێلایەنی بلند دەبێتەوە . بەجۆرێك وای لێ بکات کـــە بەراستەقینە هەڵویستو خواستەکانی گەلانی وڵاتانـــی تازەگەشەکردوو بنوێنێ . وەبەجۆرێك کـــە هەڵـــی راستەقینەی بخاتە بەردەم بۆ ئەوەی بەخشندەیـــی فکریو سیاسی خۆی دەرخات وەبەجۆرێك کە سایەتی نیشتمانی وەنەتەوەیی جیاوازی ئەم وڵاتانە بپارێزیت کە لەگەڵ یەكو بەشەکەی تری گەلانی جیهاندا تێکەڵاو دەبن بە سیمەیەکی وا خزمەتی گەشەکردنی ســـەرچەمـــی مرۆڤایەتی بکات .

● تایبەتێتی .

مەسەلەی ئەو تایبەتێتیەی عەمیشە حزبەکەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سـەرکـــردەی دەوڵەتو کۆمەڵ لە وڵاتماندا دووپاتی دەکاتـەوە لـــە مونتەلەقێکی بیروباوەڕو لە دارشتنێکـــی تەتبیقـــیو مامەلەکردندا لە مەیدانی پەیوەندیە سیاســـیو ئابوریەکاندا لە کۆڕی دەوڵەتاندا بەپێی بۆ چوونی ئێمە نموونەی رێگایەکی راستو چارەسەرێکـــی بنەڕەتییە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتـــی گـــەلو نەتەوەکەمان لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کۆمەڵو گەلێك . خەسیەتی نیشتمانیو نەتەوەییو پێك هاتوویـــی ئابووریو کۆمەڵایەتی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە . لەبەر ئەوە مونەلەقە فیکریە تایبـــەتێکانـــی هـــەر نەتەوەیەك وەبۆ هەر گەلێك و ئەو ئایـــدولۆژیـــە سەربەخۆکایانەی بە هۆشمەندیەو تەعبیـــر لـــەو

ئەناقوزاتە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە ئەو گەلـە یا ئـەو نەتەوەیە تیایدا دەژی . ئەوە کە بەراستیو کارامەیـــی ئەو دوارۆژە زانستیەی بـــۆی داوا دەکرێـــت دەستنیشانی دەکات بەجۆرێك بڕژێتە رۆگەی گشتیەوە بۆ خزمەتی هەموو گەلانی جیهـــانو پێشخستـــنیو خۆش گوزەرانیان . ئێمە لە کاتێکدا رێز لە خواستـــی گەلان دەگرین لە هەڵبژاردنی ئەو رژێمە سیاسیـیـەی کە تەعبیر لە بەرژەوەندیو ئاواتەکانی دەکات وەلـــە کاتێکدا رێز لە ئیرادەی دەوڵەتان دەگرین بۆ بەهێـــز کردنی سەربەخۆیی نیشتمانیو بەرهەم هێنانی سامانە نیشتمانیەکانی . ئەوەش لە ئیلتزامماندا بە میســـاقو پەیمانە دەولیەکاندا نیشان دەدەین کە پەیمانی لەســـەر دەدەین . ئێمە پشتگیریی هەموو ئەو مومارەســـەو هەوڵو تەقەللا دەولیانە دەکەین کە بۆ چارەسەرکردنـــی گیروگرفتە جیهانیەکانی ئابووری دەدرێت بەجۆرێـــك هاوشانیو بەرامبەرییەکی راستەقینە بۆ بەرژەوەندی هەموو گەلان زامن بکات . وەلێرەدا ناچارین کە دەبێت دەست نیشانی ئەو دەورە پڕ مەترسیە بکەین کـــە رژێمی سەرمایەداری جیهانی دەیبینێت لە هەڕەشەکردن لە سەربەخۆیی وڵاتە تازە گەشەکردۆکان لە رێـــگای هەوڵدانێکی کلاراوکرتووی بەردەوامیەوە بۆ هێشتنەوەی حالەتێکی چەوساندنەوەی ئابـــووری چارەگـــرانو هێشتنەوەی وڵاتـــە تازە گـــەشەکـــردۆکان وەك سەرچاوەیەکی کەرەسەی خاوی هەرزانو بازاڕێك بۆ سەرف کردنی کەلوپەل بە نرخێکی ناعادیلانـــەو بــــە جۆرێکی ئەوتۆ کەوا لە وڵاتە سەرمایە داریکان بکـــات (هەروەك ئەوە واقیعی حاڵە) گیروگرفتە ئابووریکانی بنێرێت بۆ وڵاتە تازە گەشەکردۆکانو لـــە پێشـــی هەموویانەوە ـ تەزەخوم ـ وەکاتێ ئەم وڵاتانـــە داوای راستکردنەوەی نرخی کەرەسە خاوەکانی دەکـــاتو لەوانەش سەرچاوەی وزە . وڵاتە ســـەرمـایـــە داریکان بە دەستی ئانقەست وایشـــان دەدەن کــــە تەنگوچەڵەمەی زەیفی سەندووە لافی ئەوە لـــێ دەدات کە ئەمەلە ئەنجامی راستکردنەوەی نرخـــەوەبـــووە خۆی هەڵە دەکات لەو دەردانەی لە ناوبنیاتی رژێمـــی سەرمایەداری خویدا هەیە کە لەسەر تاڵانی ئیحتیکاری چاوبرسیانەو چەوساندنەوە و کردنی تەقەلای مرۆڤ بە کەلوپەلێك لە بازارەکانی چەوساندنەوەی چارەگراندا دەکڕێتو دەفرۆشرێت ، بنیات نراوە .

لەبەر ئەوە شۆڕشەکەمان لە قوتری عیراقدا لـــە رووی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم خۆی راگرتووەو بەوەستانێکی سەختی لە چەمانەوە نەهاتو لـــە رووی

ئەو ئەحسانەی ئیمپریالیزم راوەستاوە کە دەیەوێـــت بە هەموو شێوەیەك چەوساندنەوەی سەرمایەداریانـەی بۆ گەلانی وڵاتانی تازە گەشەکردوو بەتین بکات لەبـــەر ئەوە بەربێچی هەموو مومارەسەیەك دەکات کە کۆمەڵی وڵاتە سەرمایەداریە پیشەسازیکان رەچاوی دەکەن کـە دەیەوێت لە ئەرکەکانی بەرامبەر وڵاتە تازەگەشەکردۆکان خۆی بدزێتەوە . هەروەك وڵاتی ئێمە پشتگیری هەموو ئەو هەوڵانە دەکات کە بەرەو پتەوکردنی پەرەپێدانـــی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردۆکانـــدا دراوە کە ئێمە هێشتا وای دەبینین کە لەو رادەیـــەدا نییە کە پێویستە لەو مەیدانەدا . چونکە لە زوربـــەی کاتدا بە چاوی ئیعتبارەوە گیروگرفتی ـ تەزەخومـــی بارە ـ وەر نەگیراوە و سنوورێك بۆ بەهەدەردانـــی سامانە سروشتێکانی دانەنراوە .

پێشنیارێك بۆ دروست کردنی سندووقێکی جیهانی

لە بەر تیشکی ئەوەی ســـەرەوەدا عـــراق وا پێشنیار دەکا سندوقێکی جیهانی دروست بکرێ کـــە تێیدا هەموو دەوڵەتان . سروشتی سیستەمە سیاسـیو ئابوریەکانیان هەر چۆنێك بێ . بە گوێـــرەی ئـــەو ئاوسانە ساڵانەیەی کە راستەوخۆ بۆ وڵاتە پەرەسێنەکان دەنێرن و بەپێی دەنگدانەوەی نرخی ئەو کەلو پـــەلو خزمەتگوزاریەی کە ئەم دەوڵەتانە دەیهێنن . بەشداری بکەن ‥ هەر وەها بە گوێرەی هەمان بنەڕەت ئـــەو وڵاتانەی نەوت بۆ دەرەوە دەنێرن تێیدا بەشداری بکەن بە جۆرێك کە بەشدار کردنی ساڵانەیان هاوسەنگ بێت لە گەڵ ئەو ئەرکە دارایانەدا کە وڵاتە پەرەسێنەکان لە ئەنجامی نرخی نەوت لە دەرەوە هێناندا دەکەوێتـــە

ئەستۆیان ، واتە داهاتی سندووقەکە . ساڵ بە ساڵ . بریتیە لەو ئەرکە نوێیانەی کە وڵاتە پەرەســێنەکان بە هۆی ئەو ئاوسانی دراویەوە دێتـــە ئەســـتۆیـان کە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کەلو پەلانەیە . چ شتومەك چ خزمەتگوزاری . کە لەوڵاتە پیشەسازیەکانەوە دەیهێنن و ئەو نەوتەی کە لە وڵاتە پەرەسێنە نەوت بـۆ دەرەوە نێرەکانەوە دەیهێنن . سەرەنجام سندووقەکـــە دەتوانێ بە تـــەواوی ئـــەو زەرەرانـــــە بۆ وڵاتـــــە پەرەسێنەکان بژێرێتەوە کە ئەو ئاوسانـــــە دراوی دروستی دەکا کە بۆی دەنێرن .

ئێمە هیوامانوایە ئەم پێشنیارە بنیاتنـەرە لـــە لایەن دەوڵەتە بێ لایەنەکانو وڵاتە پەرەسێنەکانـــی تردوە پشتگیری بکرێ بە جۆرێك هەموومان سەربخات بۆ خزمەت کردنی ئامانجە هاوبەشەکانمـــان لـــە پێشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو شارستانی گەلەکانمان .

برایانی بەشداریکەر :

هەموو لایەك دەزانن کە وا ئەو پەرەسەندنـــی ئابووریو کۆمەڵایەتی‌یەی کە بۆ وڵاتەکانمان هەوڵـــی بۆ دەدەین کارێکی ئاسان نیە بەڵکو هەنـــدێ دژواری تێدایە چونکە گۆڕانێکی ژیانیی سەرتاپاکیر دەگرێتەوە . بۆیە پێویستی بە لێکدانـــی توانـــا داهێنـــەرو خوڵقێنەرەکانی مرۆڤ هەیە (پیاو بێ یان ئافرەت) . لێرەدا ئەو دەورە گەورەیە دەردەکەوێ کە ئافـــرەت بۆ داچەسپاندنو پێشخستنی کاروانی پەرەسەندنـــی وڵاتانی بێ لایەنو وڵاتە پەرەسێنەکانی تردەبینێـــێ . چونکە بەشدار نەکردنی ئافرەت بە شێوەیەکی چالاکانە لە هەموو مەیدانەکانی چالاکی پەرەسەندندا بەشێکـــی زۆر لە وزەکانی کۆمەڵ دوور دەخاتەوەو نایهێڵێ دەوری پێویستی خۆی لە بەرهەم هێناندا بە جێ بهێنێ . کـــە بەردەوێش چوونی . دەماری ئەو پێشکەوتنە دەنوێنێ کە بۆ بەخشەکانی پەرەسەندن لە وڵاتە پەرەسێنەکاندا پێویستە .

پێشکەوتنی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاســـی ئافرەتو وەدەست هێنانی هەموو مافەکانیو ئازادکردنی توانا گەورەکانی ئافرەت لە وڵاتە پەرەسێنەکان لـــــە نەزانیو نەخوێندەواریو پاشکەوتوویی . بێ گومـــان توانای بە شەری مەزن و پێشکەوتوو لە باری جۆرەکیەوە دەداتە دەستەوە کە بەشداریەکی زۆرو کاریگەر لـــە پەرەسەندنی ئەم وڵاتانەو پێشکەوتنیاندا دەکات .

بایەخێکی زۆر بە ئافرەت

خوشکو برایان

حزبەکەمان هەر لە دروســـــت بـــوونیـــەوە بـــا یـــەخێکی گەورەی داوە بە مەســـەلـەی ئافرەتو رزگار بوونیو لە بنەڕەتە بیروبـــاوەڕیو ئەدەبیاتو چالاکیە خەباتگێڕانەکانیدا لـــە هەمـــوو نیشتیمانی گەورەی عەرەبدا دووپاتی کردۆتەوەو کـــە حزب شۆڕشی حەوەدی تەمـــووزی ســـاڵی ١٩٦٨ی تەقاندەوە . یەکسەر دەستی کرد بـــە گـــوڕینـــی بیروڕاو بنەڕەتە فیکریەکانی بە کردار ‥ بـــــە بەردەوامیو لە سەر یەك ولە دوتوێی سایشتێکـــی هاوسەنگەوە بۆ ئازادکردنی ئافرەتو پێشخستنی لـە جوارچێوەی پێشکەوتنو ئازاد بوونی هەموو کۆمەڵداو بە بەتەنگەوەبوونێکی نائاسایی‌بەوە لە بواری ئـــەو کردارە پاساکاریەدا کە بوو بە دەستەبەری دانانـــی بنەڕەتی راست بۆ بەدی هێنانی یەکسانی لە نێوان پیاوو ئافرەتداو هاوکێش بوونی مافو ئـەرکـــەکانـــداو دوور کەوتنەوە لە بازدانی لە ناکاوو ساز نەکراو لەگەڵ تێکڕای بەرەو پێشەوەچوونی بزوتنەوەی کـۆمـــەڵو لەی ئاملی کۆمەڵایەتیو هەر وەها کاری بێ وچان بـۆ هوشیار کردنەوەی جەماوەرو رۆشنبیر کردنـــی بـــە هەڵویستی حزب لە بارەی پێشکەوتنی ئافرەتـەوە .

ئەمەش بەشداری کرد لە پێشکەوتنی سایشتی کۆمەڵدا بۆ ئافرەت لە دوتوێی گۆڕانکاری قوولی ئیجابیەوە لە ئەفیومو بەهاو نەریتەکانی هەموو کۆمەڵدا ‥ بەمـــە ئافرەت لە وڵاتەکەماندا توانی بگاتە بلەیەك لـــــە پێشکەوتنی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتـــیو بەشـــداری راستەقینەی بەرفراوان لە پەرەسەندندا بە هۆی ئـەو بارو دۆخە ئیجابیەوە کە شۆڕش دروستی کردوە ‥ بۆیە دەبینین ئەمڕۆ ئافرەت لە هەموو جێگەیەك لـــە جێگاکانی کۆمەڵو دەوڵەتدا بە شێوەیەکی چالاکانە کار دەکاو لەوەدا لەگەڵ پیاودا . بە جۆرێکی بەرفـــراوان بەشداری دەکا لە گرتنە ئەستۆی فرمانەکاندا . ئافرەت کارگەرێکی چالاکە لە حزبو رێکخراوە جەمـــاوەریو نیقابیەکانداو کرێکارو فەرمانبەرێکـــی دڵســـۆزە لە هەموو جۆرە چالاکیو کەرتەکاندا .

دەسکەوتەکانی شۆڕش لە هەموو مەیدانـــــە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشـــنبیریەکانـــدا دەورێکی گەورەیان هەبوو لە بەرین کردنەوەی مەودای

بەشداری کردنی ئافرەت لـــە رەوتـــی بنیـــاتکاری سۆشیالیستیو خەباتی نەتەوەییدا کە وڵاتەکەمان لـــە هەموو مەیدانەکانی بەرهەمهێنانو کۆمەڵایەتـــیدا بەخۆیەوە دەیبینێ .

بەمە . وا ئێمە ئامانجەکانی دە ساڵەی ئافرەتمان لە نیوەی یەکەمی دەساڵەکەدا بە جێ هێناو بە کـــردار گوێڕایەڵی خۆمانمان بۆ ئەو بڕیارانە دەربڕی کە لـــە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆنفرانسەکانی وڵاتانی بێ لایەنەوە لە بارەی ئافرەتو دەوری لـــە پەرەسەندنداو بەیانو بەرنامەی کارەکەی کۆنفرانسی مەکسیکـــەوە دەرکراون ‥ لە لای خۆشمانەوە هیواداریـن ئەو هەوڵانـە بکەنە ئامانج کە بۆ بەدی هێنانی پەرەســـــەنـدنـــی سەرتاپاگیری وڵاتە پەرەسێنەکان پێویستنو کـــەوای پێویست دەکەن ئافرەت لەم وڵاتانەدا ، بە توانـــاو کارامەیی بەرزەوە لە مەیدانەکانی بیناکاریو خەباتـــی نەتەوەییدا بەشداری بکەنو بارو دۆخی پێویـــــــست دابین بکرێ بۆ ئەوەی ئافرەتان ماوەی ئەوەیان هەبـێ ماوە راستەقینەکانی خۆیان لە بواری گرتنە ئەستۆی ئۆبالی مێژوویی خۆیان لە بیناکردنی کۆمەڵگاکاندا بگرنە ئەستۆ .

ئەو چەوساندنەوە دوو قۆڵیەی کە ئافرەت لـــە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کێشای کە سەر چاوەکـەی چەوساندنەوەی ئیستیعمار گەرانو چەوسێنەرانە هەر وەها چەوساندنەوەی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە لـــە دوتوێی سایشتی دواکەوتوانەیەوە بۆ دەوری ئافـرەت لە ژیاندا چاکی خەباتگێڕانەی پێی هەڵکردووەو هەستی تێکۆشانی لە دەروونیدا وروژاندووە . بۆتە مایـــەی ئەوەی مەودای خەنەری ئیمپریالیزمو پیلانەکانـــیو پەیمانکاریەکانی بزانێو لەم قۆناغە دژوارەی ژیانـــی نەتەوەی عەرەبماندا نەحشەی ئەو پەیمانە ئیمپریالـیو زایۆنی‌یە سەختتر دەبێ کە ئامانجی سەر شۆڕکردنـە بە نەتەوەی عەرەبو داچەسپاندنی بونی داگیرکەرانەی زایۆنی‌یە لە سەر خاکی فەلەستینو سـەرزەمینـــە عەرەبیەکانی تر . بە بەکارهێنانی حوکمڕانەکەی مصر ، ساداتی خاین کە پەیمانی خیانەتکارانەی لەگەڵ زایۆنی دوژمندا مۆرکرد . وەکو ئالەتێك بۆ پەلکێشانـــــی دەسەڵاتی ئەمەریکاو بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیـزمو زایۆنیزم بۆ هەموو نیشتیمانی عـــەرەبو ئـــارەی ئەفەریقا . وەکو هەوڵێکی نائومێدانە بۆ بەرهەڵستی کردنو شکاندنەوەی ئیرادەی نەتەوەی عـــەرەبو ئیـــرادەی

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لەپارێزگای هەولێر ڕێگای نوێ لە بەرزترین لوتکە

پڕۆژەکانی وەزارەتـــی خانەسازی‌و ئاوەدان کردنـــەوە لە ناوچەی کوردستان

ـ ١ ـ

-نێردراوی ڕۆژنامـــەی «هاوکاری» نووسیویەتی :

وەزارەتی خانەسازی‌و ئاوەدانکردنەوە لەزۆربەی شوێنەکانی ناوچەی کوردستاندا ، گورج‌و گۆڵانە کـــەوتۆتە خۆی بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبـــان‌و دروستکردنی پرد بۆ بەستنەوەی شوێنە سەختەکان بە مەرکەزی پارێزگاکانەوەو هەر نە پارێزگای هەولێردا ، دەیـــان پڕۆژەی بەو جۆرە بەدەستەوەیـــەو هەندێکیان تەواو بوون ·

سەرچاوەیەکی وەزارەت لە پارێزگاکەدا بۆ ڕۆژنامە نووسەکانی ڕوون کـــردەوەئەم پڕۆژانە بریتین لـــە (٥٣)ڕێگای نوێ بەدرێژایـــی هەزارو (٤٥٢) کیلۆمەتـــرو ملیون دیناریان تێدەچـــێ ·

هەر لە ماوەی ئەمســـاڵدا ١٩٧٩ بیســـت ڕێگـــایـــە درێژایی (٣٥٢) کیلۆمەتر کـــە (٢٩) ملیون دیناری تێدەچی تەواو دەبێ · گرنگ ترینیان ڕێگای خەلیفان‌و کۆڕەکـــە لەگەڵ گۆڕینی پردەکانی گەلی عەلی‌بەگ‌و دیاناو سەیدەکان‌و خەلیفان ·

بەم بۆنەیە ئەمســــــاڵ ڕابەڕاندنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لە ناوچەکەدا ، فـــراوان بوونێکی گەورە بەخۆیـــەوە دەبینێ بەپێوانە لـــەگـــەل سالانی ڕابوردودا · لەسالـــی ڕابوردودا تـــوانراوە (٣٠٠) کیلۆمەتر ڕێگـــای نـــوێ لـــە گەلێ شوێنی پارێزگاکـــەدا بکرێتەوە ·

ئەم ڕێگایانە - هەموویان لە ڕێگای ڕاپەڕاندنی ڕاستـــەوخۆوە جێ‌بەجێ دەکرێن‌و بـــە متمانەکردنە ســـەر توانـــاو شارەزایی کادیری خۆماڵـــی‌و بەکارهێنانی تازەترین ڕێگـــاو شوێنی نوێ لە کردنـــەوەی ڕێگاو قیرتاوکردن‌و فـــراون کردنیدا بۆ بەستنـــەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان بـــە قەزاو ناحیەکانەوەو لـــەوێوە بۆ گوندە هەرە دوورەکان بـــۆ نموونە ئەو ڕێگا تازانـــەی دەکرێنەوە مەرکەزی پارێزگای هەولێر دەبەستێت بـــە شارەکانی تردەوە بەم جـــۆرە چالاکی باری کۆمەڵایەتـــی‌و ڕۆشنبیری‌و ئـــابووری کۆمەڵانی خەلکی ناوچەکـــەو لێك نزیکیان بەر فراوانتـــر دەبێ‌و سەرەرای ئـــەوەی ئاسانتر دەتوانرێ خزمـــەت گوزاری کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و تەندروســـتی بگەیەنرێتـــە شوێنە دوورەکان کە ماوەیەکـــی دوورو درێژ بوو لەبـــــاری دواکەوتوییدا دەژیان بەهـــۆی نەبوونی ڕێگاوە ·

ڕۆژنامە نووسەکانی لـــە گەشتێکدا کە وەزارەتـــی خانەسازی‌و ئاوەدانکردنەوە بۆی سازکردن سەیری ئـــەو ڕێگایانەیان کرد کە کۆمەسپان دەبەستی بە کارۆتەوە بـــە درێژی ٢٥ کیلۆمەتـــرو ٤٦٠ هەزار دیناری تێدەچـــێ‌و کە تەواو بو ڕێگای ئێستـــای هەولێرو کۆیە لـــــەلای شەقلاوەوە دەبەستی بـــە پێستانەوەو لەوێوە بـــۆ سلێمانی بێجگە لە ڕێگـــا لقیەکانی سەرهەمان ڕێگـــای سەرەکی کە گوندەکانـــی دەبەستێ بەمەرکـــەزی پارێزگاکانەوە ·

دیسان سەریاندا لـــە ڕێگای خەلیفان‌و کـــۆڕەك کە درێژی‌یەکەی ٥٢ کیلۆمەتـــرەو سێ ملیون‌و (٢٠٠) هـــەزار دیناری تێدەچێ ، چونکـــە ڕێگایەکی سەختەو بـــــە چیایەکی سەختدا تێ دەپـــەڕێ کلفەی زیاترە لە ڕێگاکانـــی تر ، ئەم ڕێگایە ، لوتکـــەی چیای کۆڕەك دەبەستـــــی بەڕێگای ســـەردکی صـــلاح الدینەوەو شەقـــلاوەو گـــەلی عەلی بەگ ·

بەکورتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاو پردەکان لە هەولێر کـــە سەر بە وەزارەتی خانەسازی‌و ئاوەدانکردنەوەیە لەمـــاوەی ساڵانی ڕابوردوا ڕێگـــــای (هەولێر)-کەرکوك- قوشتەپە - پێستانە- ئالتون کـــوبری· هەولێر - مخمور ، هەولێر - کۆیە · ڕەوانەوز - کـــەرود جۆری · خەلیفان - ئالانـــە - خەتێ ، میرانآوا - حەریـــر- سپیلك)ی تەواوکردوە کـــە درێژی هەموو (٢٧٩)کیلۆمەتر تێچوو · ئێستانی خەریکـــی بوەو (١٦٨٥٠) دینـــاری ڕێگاکانی ترە کە تێکـــــرا (٢٩٠٩٠) دیناریان تێدەچـــێ بەدرێژایی (٣٥٤) کیلـــۆ مەتر ، لە پاڵ دانانی نەخشەی نوێدا·

شتێك لە بارەی هاوینە هەوارەکانمانەوە

ئەگەر بێت‌و گەشتێکـــی نوێ بەناو هاوینەهەوارەکانماند. بکەین‌و بچینە ناخی دامودەزگا گەشت‌و گوزەرەکان زۆر شتی نوێمان بەرچاو دەکەوێ کە لە پێشدا نەبوەو بیری بۆ نەچووە بەلام ئێستا کاربەدەستـــان‌و دامودەزگاکانـــی دەولـــەت بایەخێکی زۆر بە ناوچەکانـــی گەشت‌و گوزار ئەدەن‌و شـــان بەشانی یەکتری بەشـــداری ئەکـــەن لە بنیاتنـــانـــی هاوینەهەواری پێشکەوتـــووو هاوچەرخدا ·

مرۆڤی ئیمرۆ بەشێکـــی زۆری کاتەکانی ژیانـــی لـــە شوێنێکی دیاری کراودا بـــە ئیش‌کردن‌و بیـــرکردنـــەوە بەسەر دەبات بۆیە پێویستـــی بە ئاووهەوا گۆڕین‌و حەسانەوە هەیە تاکو ماندوێتی‌یەکـــەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ شتێکی تر داکـــە ئـــەویش گـــەشـــــتو گـــوزارە جا لەبەر ئەمـــانە زۆر بـــە ئاسایی ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ گۆڕان بەســـەر بـــاری هاوینەهەوارەکان‌و قەبـــارەو ژمارەکانیاندا دێت · عیراقی ئەمرۆمان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی لە زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی کوردســـتاندا گازینۆو چێشتخانـــــەو میوانخانەی هاوینانە دروســـت کراوە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە کەوتونەتە بنارشـــاخ‌و دەم ڕووبار یان کانیاو تافگـــەی خنجیلانـــەو ناو ڕەزی داری هەمەڕەنگەی هاوینانەوە جـــا بەم بۆنەیەوە - ئەمینداریێتی‌ی گشتی شارەوانـــــی‌و هاوینەهەوارەکان دەستـــی یارمەتی بۆ درێژ کـــردوون‌و زۆربەی شتە پێویستیەکانیانی بۆ دابین کردوون ·

ئەوەی شایانی باســـە ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆڕشیش مەســەلـــەی هاوینەهەوارەکانی بەشێکـــی گرینگ وەرگرتوە ، هەر بۆیـــە بڕیاری پێـــك هێنانـــی ئەنجومەنێکی بالای دەرکـــرد کە بەگوێرەیەوە نوێنەرانـــی زۆربەی دامودەزگا خاوەنـــد پەیوەندیەکان تیایدا بەشـــدار بوون · بەتاکە ئەنجومـــەن دائەندرێ کەمافی ڕاسـپاردن‌و ئامۆژگاریی‌و پێشخستنـــی هاوینەهەوارەکانی بێ ڕاسپێر درابێت ·

هەروەها دوا بەدوای ئـــەوە کۆمپانیای گشتی ئۆتوموبیـــل هەڵسا بە دابەش‌کردنـــی ئۆتوموبیلی تیوتا پیك ئاب بـــۆ خاوەند چێشتخانەو گازینـــۆو بارەکان بۆ ئاسان کردنـــەوەی گواستنەوەی شتی پێویستی‌یان نە هەموو کاتێکی پێویســـتی‌دا بەم هەمووکارانەی باســـمان کردن هاوینەهەوارەکانمـــان چاوەڕێی گۆڕانێکی گشتی‌یان لێ دەکرێت ·

لە کۆتاییدا هیوادارم هـــەر بەوەندە نەوەستین‌و ئـــەم شتانە بەسەرەتایەك دابنێیـــن بۆ ئیش‌کردن‌و بەرزکردنـــەوەی ئاستی هاوینـــەهـــەوارە ڕەنگینەکانمان ·

- کمـال سـعدی -
ئامادەی کردووە

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمـــی

ناوچەکانی گەشتوگوزاری تازە چاوەڕێی گەشتکەرانن

بەرنامەی ڕابواردنی هەمەجۆرو ، نرخی لەبار

ذکریات محمد حسن

لیژنە هەمیشەییەکانـــی ڕاگەیاندن کە لە نوێنەرانـــی دامودەزگاکانی ڕاگەیانـــدن‌و ڕۆشنبیری‌و هونەر بە گونجان لەگەڵ ئەمینداریێتی گشتـــی بەڕێوەبردنی شارەوانـــی‌و هاوینەهەوارەکاندا بەرنامەیەکی نوێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمـــی‌دا بۆ وەرزی هاوینـــی داهاتـــووجێ‌بەجێ دەکـــەن ·· کـــە پێکهاتووە لە پیشاندانـــــی جلوبەرگ‌و ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی‌و پیشانگای هونـــەری تەشکیلی‌و دەستکردەمللیەکان‌و پیشاندانی شانـــۆگـــەری‌وهەڵپەڕکێ‌و پیشانـــدانـــی فلیمی سینەمایی لە گشـــت ناوچەکانی گەشت کردندا ، کە

دەزگـــای گشـــــتی گەشتوگوزاری‌و
دەزگـــای گشـــــتی ئێزگەوتەلەفزیۆن‌و
دەزگـــای گشـــــتی سینەماوشانۆو
دەزگانی جاوبەرکـــی عراقـــی‌و
دائیـــــرەی هونـــــەرەمۆسیقایەکان‌و
دائیـــــرەی هونـــــەرەتەشکیلیەکان‌و

دائیرەی ڕۆژنامەگەری لـــە وەزارەتی‌ڕاگەیاندن‌و مەڵبەندی پیشەوپیشەسازیە مللیـــەکان بەشداری لە جێبەجێکردنـــی ئەم بەرنامەیەدا دەکەن ·

وەبۆ ئەوەی گرنگتریـــــن دەسکـــــەوت‌و پـــــرۆژە جێبەجێکراوەکای ئێســـــتا بزانین - چاوپێکەوتنێکمـــان لەگەڵ بەڕێز نـــوری نجـــم المرسومی بەڕێوەبەری گشتی دامودەزگای گشتی پاشکۆکانی گەشتوگوزاری‌دا کردو چەنـــد پرسیارێکمان لێ کردن کە بە سوپاسەوە وەڵامی داینەوە :

پ - تکایە جودایی نرخـــی ئەو بەرژەوەنـــدیـــــە گەشتوگوزاریەمان پێ بڵێـــن کەوا پێشکەشی گەشتکەرانـــی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکرێن لـــە نێوان هاوین‌وزستان‌داو ·· ئایا لەسەر چ بناغەیەك ئـــەم جوداییانە دانراون ؟

● بۆ ئـــەوەی پاشـــکۆ گەشتوگوزاریەکانی ناوچەکـــە بەدرێژایی ساڵ بخرێتە ئیش·· دامودەزگای‌گشتی بەڕێوەبردنی پاشکۆ گەشتوگوزاریـــەکان دەستی بە کەمکردنـــەوەی نرخەکانی دامودەزگاکانـــی خۆی کرد کە دەگاتـــە لە ٥٠٪ بۆ ئەوەی هاووڵاتیان جگـــە لە هاوین لە وەرزکانی تریشـــن هاتوچووی ناوچە خۆشـــەکان بکەن · هەروەها دامودەزگاکە لە ٢٥٪ی نرخـــی کۆمەڵگـــا گەشتوگوزاریـــــەکانی کـــە ژمارەیان لە (٢٠) کەس پترە کەمکردەوە ·· بەتایبەتـــی ئەو گەشتانەی کە یەکێتـــی‌و نەقابـــە پیشـــەییـــەکان‌و ڕێکخراوەکانی قوتابیـــان‌و ئەوانی‌تر ڕێکیدەخەن ·

ئەم لیستەیەشـــی ڕادەی کەمکردنەکە لە پاشکۆ هەمـــە جۆرەکانی گەشتوگوزاری‌دا بە پێی مانگەکانی ساڵ پیشـــان دەدات ·

نرخەکان بە دینار

	لە ٦/١ تا ٩/٣٠	لە ١٠/١ تا ١١/٣٠	لە ١٢/١ تا ٢/٢٨	لە ٣/١ تا ٥/٣١
ئۆتیلەکان	٩ر٠٠٠	٥ر٥٠٠	٤/٥٠٠	٦ر٠٠٠
	٨ر٠٠٠	٥ر٠٠٠	٤ر٠٠٠	٥ر٥٠٠
	١٣ر٠٠٠	٧ر٧٥٠	٦ر٥٠٠	٩ر٧٥٠
	٦ر٠٠٠	٣ر٥٠٠	٣ر٠٠٠	٤ر٠٠٠
ئەپارتمانتە گەشتوگوزاریـــەکان	٥ر٠٠٠	٣ر٠٠٠	٢ر٥٠٠	٣ر٥٠٠
	٤ر٠٠٠	٢ر٥٠٠	٢ر٠٠٠	٣ر٠٠٠
خانووە گەشتوگوزاریەکان	٩ر٠٠٠	٥ر٥٠٠	٤ر٥٠٠٠	٦ر٠٠٠
	١١ر٠٠٠	٦ر٥٠٠	٥ر٥٠٠	٧ر٧٥٠
	١٣ر٠٠٠	٧ر٧٥٠	٦ر٥٠٠	٩ر٠٠٠
	١٥٠٠٠	٩ر٠٠٠	٧ر٥٠٠	١٠ر٥٠٠
	١٠ر٠٠٠	٦ر٠٠٠	٥ر٠٠٠	٧ر٠٠٠
	٩ر٠٠٠	٥ر٥٠٠	٤/٥٠٠	٦ر٠٠٠
	٨ر٠٠٠	٨ر٠٠٠	٨ر٠٠٠	٨ر٠٠٠
	٦ر٥٠٠	٦ر٥٠٠	٦ر٥٠٠	٦ر٥٠٠
	٤ر٠٠٠	٢ر٥٠٠	٢ر٠٠٠	٣ر٠٠٠

پ٢ چ کارێك لە باردایە کـــە ئەم ساڵ تەواو بکرێت ؟

بەڕێز نوری گوتی :

١ - جێبەجێکردنـــــی ئۆتیلێك بە بینای ئامادەکراو لە سەرەڕەش‌و یەکێکی‌تر لـــــە سەرسنك کە هەریەکەیـــان (١٠٠) ژووری دەبێت ، واتە (٢٠٠) تەخت لـــەگـــەل پێویستیەکانی‌تر ·

٢ - جێبەجێکردنی ئۆتیلێك کە (٦٣) ژووری لێکـــدراوی تێدا بێت جگـــە لە ســـێ جەناحی‌تر لـــە پارێـــزگای سلێمانی ·

٣ - جێبەجێکردنی (٧٦) ئەپارتمانتی گەشتوگوزاری لـــە سوولاف‌و (٤٨) ئەپارتمانتی‌تر لە ئینشکێ ·

٤ - جێبەجێکردنی بـازاڕە مەڵبەندیەکان لە سەرســـنك‌و حاجی‌ئۆمەران ·

٥ - دامەزراندنی حـــەوت مەلەوانگەی ئامادەکراو لـــە سەرەڕەش‌و ســـەرســـنك‌و دوکان ·

٦ - کردنەوەی چایخانـــەو گازینۆو چێشـــتخانـــەی - خواردەمـــەنی لە گشـــت ناوچەکانی گەشتکردن ·

پ٣ - تکایە زانیاریەکمـــان بدەرێ دەربارەی مایەی کار لە پاشکۆ گەشتوگوزاریەکـــاندا بۆ هاووڵاتیانـــی کـــوردو ئاسۆکانی هاوکاری نێـــوان ئێوەو ئەو گوندانەی بە بـــەر پڕۆژە گەشتوگوازاریەکانی ئێوە دەکەون ·

● (١٥) مەلیۆن دینـار تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنـــی پڕۆژەکانی خێرا لە ناوچەکانی باکووردا کە لە نەخشـــەی دەزگـــای گشـــــتی گەشتوگوزاریەکاندا هاتـــووە بۆ دروستکردنـــی ئۆتیـــل‌و ئەپارتمانتە گەشتوگوزاریەکان کە بەسەر هاوینەهەوارەکانـــی سەرەڕەش‌و حاجی‌ئۆمـــەران‌و نینشکـــێ‌و ســـولاف‌دا بڵاوکراونەتەوەو بەگشتیـــان (١٩٠٤) تەخـــت دەکات ، سەرەڕای چێشتخانەو هۆڵی یاری‌و بازاڕی هاوچەرخ‌و مەلەوانگەو یانەوفرۆشگەکان ، هەروەها کار بەردەوامە بۆ

جێبەجێکردنی پـــــڕۆژە تەکمیلیەکان‌و بەرژەوەندیـــە گشتیە پێویستەکانی وەکـــو ئاوو کارەباو قیرتاوکردنـــی جادەکانی ناوەوە · دەشتوانین بڵێین ئەوەی لە ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی‌دا جێبەجێکراوە ١٠ ئەوەنـــدەی ماوەی نێـــوان دامەزراندنی فـــەرمانڕەوای نیشتمانی تاکو بەرپابوونـــی شۆڕشی حەفدەی تەمـــووزی نەمر دەر دەچێت بە تایبەتـــی لەم سێ ساڵەی دوایدا ·

لە مایەی کارکردن لـــە پاشکۆ گەشتوگوزاریەکانیشدا ·· دەزگای گشـــــــتی گەشتوگوزاری ئامانجـــی ئەوەیە هاووڵاتیانی ناوچەکـــە هانبدات کە بەشداری لەگـــەل کەرتی سوشیالیستی‌دا بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندیـــە گەشتوگوزاریـــەکان بـــۆ گەشتکەران مسۆگەر بکـــەن ئەویش بەوەی کە بەپـــێ‌ی مەرجی تایبەتی سولفە بدرێتە خەڵکی ناوچەی ئۆتۆنۆمـــی کە پیشەکـــەیان چـــالاکی‌ی گەشتوگوزاریە لە ناوچەکانـــی گەشتکردندا ·

لە مایەی پێشخستنـــی ناوچەی باکووردا لـــە ڕووی گەشتوگوزاریەوە ، ئەنجامـــی گرنگ لە ئاستی هێمنـــی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی ڕۆڵەکانی ناوچەکە بەدیار دەکەوێـــت ئەویش لە ڕێگای پەیداکردنـــی کارو خستنـــە ســـەرکاری گەشتوگوزاریان‌و وەدیهێنانی نەشـــونمـــای ئابـــوری‌و پێشخستنی ئاستی ژیانیـــان ، دەزگاکەش تا وەکو ئەم شتە مسۆگەر بکات بە پێویستـــی زانیوە کە هاووڵاتیانیشـــی لە ناوچەکەدا بەشێکی کرداری پێشکەوتن بن نەك تەنیا بە

بروانە ل : ٧

کاتێ ، کار ، ڕێکخـــراو تیروتەسەل دەبێ ، هەمـــوو مرۆڤی هەقی خۆی وەردەگری،ئەوساش تەقەلاو ڕەنـــج لە کارکردندا شایانی ڕێـــزودڵسۆزی دەبێ ، هەر مرۆڤـێ لەم مەیدانەدا ، بـــەوە دەگـــاکە حەزی پێ دەکا ·

کۆمەڵانی جوتیاران

ژیانێکی نوێ بۆجوتیاران

لەوەپێش جـــوتیاران ، ئەوەندە بایەخ بە ڕێکخستنـــی کاروبارو پێداویستەکانـــی ژیانیان نەدەدرا ، زۆر جـــار هەوڵ‌و ئارەق‌ڕشتنیان بـــــە فیرۆ دەچو ، خۆشیان بـــێ توانا بون ودەستی یارمەتـــیان بۆ درێژ نەدەکراو بـــــــە کەرەســـتەی زۆر کۆنـــی سەرەتایی کاریان دەکـــرد ، بەڵام بە داهاتنی یەکێتی‌یەکانی هەرەوەزی‌و جوتیاران هەمـــوو شتێ گۆڕا ، ژیانی جوتیاران لە ســـەر ڕێ‌ی بایـــەخ

پێ‌دان‌و بە تەنگەوە هاتنـــی ژیان‌و پاشە ڕۆژیان ئاراستـــە دەکرێ · لێرەشەوە بەرهەمـــی ئەوان زیاد دەبێ‌و کەرەستـــەی کۆنی چاندنیان لە ڕێ‌ی ئـــەو کۆمەڵانـــەوە گۆڕدرابـــــە کەرەستەی نوێ‌ی هاوچەرخ ·

ئەم وێنەیەی دەربـــارەی ژیانی ئیستای جوتیارانـــی لە سایەی کۆمـــەڵانـــی هەرەوەزی‌و جوتیارانەو باسی دەکەین لە هەموو لایەکـــی وڵاتەکەمانا ئێستا چەســـپاوە بۆ نموونە مەڵبەندی کۆمەڵەی دهوك باس دەکەین ·

لقی مەڵبەندی یەکێتـــی جوتیاران لـــە دهـــوك ٣٦ کۆمەڵەی جوتیارانی لە خۆی کـــۆکردۆتـــەوە کـــە ٤٣١٥ جوتیاریان تێدایە ، ئـــەم کۆمەڵە جوتیارانە بـــەردەوام بایەخ بە ژیانی جوتیـــاران دەدەن‌و سەرپـــەرشـــتی کاروباریان دەکەن‌و هانیـــان دەدەن بۆ هاوکاری‌و چاندنـــی نوێ لەسەر ڕێ‌و شوێنـــی زانســـتی ، ســـەرەڕای بانگکردنیان بۆ مەڵبەندەکانـــی لە ناوبردنی نەخوێنـــەواری

یەکیتی کۆمەڵەکانـــی جوتیاران ، مانای ژیانێکـــی نوێ بۆ جوتیـــارو لـــە جوتیاریش بەرهەمی چـــاك لە زەوی بەرتیدا ·

بێژینگ کرنا گوتاوا روهنکرنەکا پێدڤی

● - د هــژمارا (٤٦٥) ، هاوکاریا هێژادا گوتارا برادەر -صدیق ئامێدی - لبن ناڤێ - روهنکرنەکا پێدڤی - بەلاڤ-کربوو کــــو لسەر فۆلکلۆری نڤیسی‌بوو . ژبەرکو من هندە بیرو راێن‌دی پێن هەبـــــــن لسەر شەکرنا فۆلکلۆری . من ئەڤ گوتارە نڤیسی .

● جـــارێ بەری هـــەمی ئێکێ ، رامانا من ژ ڤێ نڤیسینێ ئەو نینە ئەزو برادە- صدیق - بەرهنگاری ئێکودو ببین لسەر بنیاتەکێ خلۆلەو ئەز نکارمزی بێـــژم بـــرادەرێ مـــــە یێ شەهرەزاینـــــە د ڤەکـــۆلان‌و شەکرنا نورەیی‌دا چنکو ئەز باش دزانم ئەو نڤیسین نە یێـــــن نهونەو . هەتا گەلەک هزرا خو دەمـــــــــەلەکێدا نەکــــــەت نانڤیسیت . لێ هەحکو د ڤێ گوتارێدا بو من دیاربوی ئەز دبێم قەلەمێ وی یێ ڤتۆک‌بوی ئانژی یێ کوت‌بوی ژ دوو لاڤـــە ئێک ژ لایێ زمانی‌ڤە کو لەنگیەکا گەلە مەزن دزاراڤێ نڤیسینـــا ویدا هـــــەبوو ژ لایێ دیڤــــە شەکرنا وی بو ڤۆلکلۆری گەلەکا دویربو ژ ڤەکۆلانا زانستـــــی . لێ ژ لایێ زمانی‌ڤە ئەز حـــــو تێهەل‌ناکەم ژبەر گەلە ئەگــــەرا بەلێ شەکرنا وی بو - بەندا - دڤێ ئـــــەز روینو بێژینکـــــێ بدەمەبەر .

- برادەر ژ نڤیســــــەفان‌و رەوشەنبیرا دخـــــازیت کــــــو فۆلکلۆری بپژێرن‌و ڤەوژێرن‌و ژ زیانێ باقژکەن‌و دەست‌نیشانا ددەقێت هاریکار بو پێشکەفتنـــا میللەتی جوداکەن ژ ... هتد . ئەڤـــــە داخازیەکا گەلەکـــــا دجهێ‌خودایە لێ نەوکە چنکو - گاڤا ڤێ داخازێ نینـــــە . ودنەبیت من باوەری بنڤیســـە-ڤانێن مـــە نەبیت لێ مـــروڤ تشتەکی ڤەدکۆلیت‌و شەدکەت

هەکە مرۆڤی هەبیت . جوتیار وی دەمی کەنمێ دەنەبـــــــای هەکو هەمی دزوی جەنجەرکر . دێ چاوا مرۆڤ بێژیتێ هــــەرە گولی گولی باقژکە ؟! بشـــــتی هینگێ ئەڤ ڤەوژارتنە چــــاواو لسەر چ زانستەکی‌و لدویڤ چ تیۆرەکێ - نظریە - فۆلکلۆری دڤێ بهێتە کرن !! باراست نە یا دجهێ‌خودایە هەرئێک ژ مە ســــــەرێ وەریسکی بخـــــــو بکێشیت‌و لدویڤ هزرو بیرێـــــن خو دەست پاڤێینێ خو بکەینە سەر هۆستاو ڤی چەڤی ببڕین‌و تایێ هە کورت‌کەین‌و تـــــەرحێ هە هەلکێشین ... چنکــــــو هەکە هوسابیت هەیامـــــەکێ کورت دێ بینین باغو باخچێن مە یێن فۆلکلۆری ئەوێن تژی گول‌و گولزار و - ستری - مە یێن رویت‌کرین چنکو هەکــــــە ئاگر بەربو رنلەکی تەرو هشك دبێ سوژن‌و ئەڤا برادەر صدیقی گوتی کو بەند هەنە دژی ئومێدا ملەتی نەکو هەر دناڤ بەندادا دێ بدەستمە کەفیت بەلکــــی فۆلکلۆر هـــــەمی - ســــلبی‌و ئیجابیە - لێ بو جوداکرنا ڤی تشتی دڤێ ئەم بـــــەرێ خـــو

بدەینە وان پێنگاڤا یێن مللەتێن پێشکەفتی و یێن بەری مــــــــە راکری بو ڤێ چەندێ زانایێن . چنکو دبیت ئەزو برادەر صدیق نهو پارچەکا فۆلکلۆری بزەنین کو لدویڤ هزرو باوەریێن مە دێ بیتە سویچا خرابیێ بەلێ گەلە دویر نەبینە ژی سوبەهـــی ئەزو ئەو بخـــــــو لوێ پارچێ بگەرین بو ساحکرنا مەسەلەکی‌و نەبا ب رانێت خو دادەیـــــن . لسەر ڤێ چەندێ کەنە تیورێن تورەیی هـــــەنە ئێــــك ژوان ، نڤیســـەڤانێ روس - مکسـیم گورکی - د رێزکەکیدا یـــــا داریژتی کاڤا دبێژیت « فۆلکلۆر سەرێ - ئەکێ - بناغێ - هەمی ئەفیسینەکێیە . کـــــوم‌کەن . هەکۆلن . ڤەوژێرن » لــــــێ برادەر صـــدیقی بێهنـــا وی حو نەگرتیە هوســـا ڤەژابحیت ئێکسەر بێهاتیە - ڤەبڕین - - پاشی برادەرێ مە دبێژیت - لڤێ گوتارێ - د ڤێ گوتاری‌دا - دێ چەند بەندێن بێشینــــــــان دیارکەین یێت نهو بکاردهێنن کو بەرژەوەندا خەلکێ تێدا نینە ... پاشی دبێت . یەکەم جار دوژمن تەخێت خوینمژێنێت

بکارهینایێن‌و بەلاڤ کرین لناف کــــوردا ، مبلـــــەتیژی بــــێ هوشیاری یێت وەرگرتین ... هتد . لڤێرێ برادەر وەســــــا دیاردکەت کو تەخێت خوین‌مێژ ژ دەرڤە یێن هـــاتین‌و ئــــەڤ چەندە یا بەلاف‌کری لنــــــاف کوردا . لێ ئەڤە نەدروســــتە چنکو کەس نەهاتیە ڤێ چەندێ لناف مە بەلاڤ‌کەت بەلکـــــی - ئاگرێ مرۆڤی ژ دەهمـــــــانا مرۆڤی‌یە - چنکو - هەکـــــە دەستکێ بڤری دار نەبیت دارێ نابڕیت . ئەڤێ هەمیێ ڤەدە دا بهێینە سەر وان بەندا ئەوێن برادەری ئینایێن‌و بەرێ خـــــو بدەینێ کـــــانێ وی چــــاوا شەکرینەو کـــــانێ بوچـــــی داحازکریە ژناڤ ببەن؟ .

● دبێژیت - ئەم طــــەیرین هنك عەرد - جارێ ئەڤە بو چ دهێتەگوتن ؟ پاشی کی طەیرەو کی عەرد !! نــــەڤ پسیارە د بەندیدا نینە لێ دێ مرۆڤ وێ گاڤێ زانیت گاڤا رویدانـــەك دبیت ئەڤ بەندە لسەر دهێت . برادەرێ مــــە وەســــا یا شەکری کو طەیر خەلکێ زارو هەزارە و عــەرد دەرەبەگ‌و ئـــــەوێن

سەرمایە هەی . باشە هەکە من ئان برادەرەکێ دی گوت ئــــەڤ شەکرنە نە یادروستەو مە گوت ئەم دبێژین - بو نمونە - طەیر مێرەو عەرد ژن ... ئان ژی طەیر مللەتەو عەرد هەر عەردە ما دێ کی بێت وەنینە !! ئان بـــرادەر صدیقی چ د دەستی‌دایە بێژیت وەنینە !! پاشی هەکە هاتو مە وەکی برادەرێ مە ئەڤ بـــــەندە شەکر دیسان چێنابیت ئــــــەم ژناف‌ببەین چنکو ئەڤە قوناغەکا دویرۆکی بو مە خویادکەت کـــو جەوداهیا چڤاکی‌یە یان هەچکـــو صدیق نافدکەت - شەردنیخا تەخەیی - .

● پاشی دبێژیت - هەکـــە کرمانجی تێر خــــــــار ئان دێ ژنەکێ رەڤینیت ئان دێ مێرەکی کوژیت - رامـــــــانا برادەری ژ کرمانجی دیسا مرۆڤێ زارە لێ هەکە مە گــــــــوت - کرمانج - برامانا - کورد - کو نهو گەلە کەس وەسا نافدکەن . ئێك‌جار دێ وەلێ‌هێت کو نەکو بڕدنیت . لێ بکەتە برمویت‌و هەلکێشیت . بەلێ ئەڤەژی نەدروستە چنکـــو ئەڤەژی ژ لایێ دویرۆکی‌ڤـــــە گەلە کارێن نەبەنی بـــــو مـــــە خودیادکەت ئێك ئەوە کــــــو مرۆڤێ زار نەشیانە بدانی خـــو هەڤگیانا خـــــو هـــەلبژێریت هەتاکو خــــو نـــەبینیت یێ بێ‌منەت‌و ... هتد .

● پاشی دبێژیت - هــەکە ئەهژینن - لڤێرێ کی دبێژیت مەزن بونە کەر یێت خـــــو لێ رامان ژ مەزنی - دەرەبەگــــە - بو ئەم نابێژین مەزن - برامانا - کال - پیر - یا هاتی ؟

● دیسان دبێژیت - چ یــێ دایکا مە شوی‌یێ‌کر دێ بێینێ بابا - بو شەکرنا ڤێ بــــــەندێ دڤێ ئەم بزڤڕینە وی سەردەمی یێ‌کو دەستهەلات د مالێ‌دا بو دەیکێ بویە ، لێ من ئاخڤتنەکا

دی یاهەی کو مە ڤەگێریت ژ ڤێ درێژدەیێ ئەوژی ئەوە کو ئەز دبێژم ئەڤ بەندە یاکێمـــــە چنکو راستیا وێ دبێژیت - ما چ‌یێ دایکـــا مە شوی‌یێ‌کر دێ بێینێ بابا - !!

